# کەلتوور

## پرۆژەیەکی کوردی خەیاڵ ئامێز

ئازاد توفیق خەیات

٢٠٢٠

- ناوی کتێب : کەلتوور پڕۆژەیەکی کوردی خەیاڵ ئامێز
- نووسەر : ئازاد تۆفیق خەیات
- بابـــەت : کوردۆلۆجی
- دیزاینی ناوەرۆك : مەریوان قەفتان
- هەڵەبڕیی: نووسەر
- دیزاینی بەرگ : هونەر عوسمان
- سەرپەرشتیاری چاپ : مەریوان قەفتان
- تیراژ : ٥٠٠
- چاپخانە : ناوەندی سارا
- نۆبەتی چاپ : چاپی یەکەم

له بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارەی (      ) ی ساڵی (٢٠٢٠) ی پێدراوە.

پڕۆژەی قەفتـان

١٤

؟؟؟؟؟؟

خ٤٢٣ خەیات، ئازاد تۆفیق

کەلتوور پڕۆژەیەکی کوردی خەیاڵ ئامێز

نووسینی ئازاد تۆفیق خەیات . . ـ چ ١. ـ

سلێمانی: چاپخانەی ناوەندی سارا ، ٢٠٢٠

١٨٦ ل ١٤,٨ سم X ٢١ سم

١. کوردۆلۆجی

٢. ناونیشان

سەرپەرشتیاری چاپ

مەریوان قەفتان

لەبڵاوکراوەکانی

پڕۆژەی قەفتان بۆچاپ و بڵاوکردنەوە - (١٤)

# سوپاس و پێزانین

سوپاسێکی زۆرم بۆ هەموو ئەو بەرێزانەی لە ژیانمدا هاوکار ویارمەتیدەرم بوون، بە تایبەت ئەوانەی لە بواری چاپدا زۆرترین ئەرك وماندووبوونیان لەگەڵمدا کێشاوە.

لێرەدا جێی ئاماژەپێکردنە، کەسایەتییەکی دڵسۆز و ڕۆشنبیری وەك بەڕێز (مەریوان قەفتان) لە پێشینەی ئەوانە بووە کە هەردەم سەرپەرشتیار وهاوکار وهاندەرێکی باشم بووە لە بەجێگەیاندنی بابەتەکانمدا. ئەمە وێڕای کەسایەتییەکی بەڕێزی تر کە (نەوزاد قەفتان)ە، بەوەی ساڵانێکە خزمەتی ئەلف وبێی کوردیی دەکات وتەواوی تێچووی بەرهەمگەلێکی کوردیی گرتووەتە ئەستۆ، ولە ڕێی (پڕۆژەی قەفتان)ەوە هەم هاوکاری ڕۆشنبیران ونووسەرانی کورد بووە، هەم خانەخوێیەکی ڕەسەن و بەئەمەکی پێنووس وڕێنووس وتیانووسی کوردیی بووە.

جارێکیتر لە دڵەوە سوپاسیان دەکەم.

# پێشکەش

**پێشکەشە بە هەموو:**

- ئەقلێك
- تازەگەرییەك
- کەلتوورێکی نوێ

ئازاد توفیق خەیات

# ناوەڕۆك


**پێشگۆتن** ........ ٧

**سەرەتــا** ........ ١٠

**تەوەری یەکەم**

أ- پێناسەی کەلتوور ........ ١٤

ب- پێناسەی ڕۆشنبیریی ........ ٢٦

ج- ئەو خەسڵەت وبوارە کەلتوورییانەی خانەی ڕۆشنبیریی لەخۆی دەگرێ ........ ٣٤

**تەوەری دووەم**

أ- پێناسەی ئایین ........ ٥٥

ب- ئەو خەسڵەت وبوارە کەلتووریانەی خانەی ئایین لەخۆی دەگرێ ........ ٥٩

**تەوەری سێیەم**

أ- پێناسەی دەروونناسیی ........ ٨٤

ب- کاریگەریی کەلتوور لەسەر بونیاد وئاییندەی گەلان ........ ٩٣

**تەوەری چوارەم**

کەلتوور وەك پرۆژەیەکی هۆشەکیی خەیاڵئامێز ........ ١١١

**دەرەنجام** ........ ١٧٢

**سەرچاوەکان** ........ ١٧٤

# پێشگۆتن

هیچ گومانی تێدا نییە، کە خەڵکانێکی زۆری سەر گۆی زەوی ئالەم سەردەمەشدا، دەشێت شتێکی ئەوتۆ دەربارەی کەلتووری گەلان ودابونەریتیان نەزانن، کە لەوانەیە لە نەزانیی خۆیانەوەبێ یان هۆکاری ئەوەبێ کە هیچ ئارەزوو ومەیلێکیان لە بابەتێکی وەها نەبێ. یاخود، بەهۆی نزمیی ئاستی زانیاری ورۆشنبیرییانەوەبێ، یان فاکتەری تێکەڵنەبوونیان بە کەسانیتر ونەبوونی شارەزایی ونەڕەخساندنی دەرفەت دەربارەی جیهانی دەرەکییبێ وە یان بە هەر هۆکارگەلێکیتربێ. هەڵبەت، ئەوانە لە بازنەیەکی داخراو ودابڕاو لە جیهانی سەردەمییانە دەمێننەوە. بەلاّم، کاتێك مرۆڤ بارگاوی بە ڕۆشنبیریی دەبێت ودەبێتە هەڵگری بڕێکی باش لە زانیاری ودنیابینیی، ئیدی دەگاتە ئاستێك کە چیتر ناتوانێ دەستبەرداری خوێندنەوە وزانیاری وەرگرتن ببێ دەربارەی گەلان وجیهان وگەردوون وبوون. واتە، لەگەڵ زانستەکاندا دەبێتە دوالیزمێکی لێکدانەبڕاو، کە ئەمەش زۆر پێویستە یاخود مەرجی سەرەکییە بۆئەوەی ئەو کەسە زانا وسەرکەوتووبێ لە ژیاندا، وئەوپەڕی باوەڕ ومتمانەشی بەخۆی وئاوەزی هەبێ.

بەلاّم، سەرباری ئەوەی وترا، ئەمڕۆ زۆربەی نوخبەی ڕۆشنبیر وکەسانی لێهاتوو ودامودەزگاکانی دەسەلاّتدارانی گەلانی جیهانی پێشکەوتوو، لە هەوڵ وکێبڕکێی ئەوەدان کە زۆرترین زانیاری دەربارەی گەلان بەتایبەت گەلانی ڕۆژهەلاّت بزانن. هەڵبەت، مێژوو

ئەوەی ڕوونکردووەتەوە، کە کەسانێك بە ناوی ڕۆژهەڵاتناسیی ودیپلۆمات وبازرگان ونێردەی کڵێسا ومژدەبەخش وتەنانەت بە کاری سیخوڕیش هاتوونەتە ئەم ناوە وبڕێکی باشی زانیارییان دەربارەی پێگە وکەلتوور ودابونەریت وڕەفتار وجۆری ژیان وزمان وئایین وسەرخانی ئەم میللەتانە کۆکردووەتەوە. بێگومان، گەلی کوردیش یەکێکە لەو گەلانەی لە دێرزەمانەوە بەر بنکۆڵکاریی ئەم نێردانە کەوتووە. وەلێ، یەکەم پرسیار کە لە زانیارگەی ئەم کەسانەدا تۆمار کراوە، ئەوەیە کە: (ئەو کێیە؟) (ئەوان کێن؟) (دابونەریت وکەلتووریان چییە؟)، واتە، زانینی کەلتووری گەلان، ئەو ئامڕازە گرنگە بوو کە بەهۆیەوە کۆلۆنیالیزم دەبوو تەواوی جیهانی ڕۆژهەڵات وهاوشێوەکانی پێداگیر بکات. شیاوی ئاماژە پێکردنە، گەلی کورد، یەکێك بووە لەو گەلانەی بە درێژایی مێژوو کەلتوورەکەی هاندەربووە لەوەی داگیرکەران بە ئاسانی تێیبگەن وبەهۆیەوە خاکی داگیربکەن. هەڵبەت، پەرتەوازەیی، یەکەم خەسڵەتی کەلتووری ئێمەیە کە داگیرکەران دەربارەی ئێمە زانیویانە.

سەد ساڵ بەر لە ئێستا، بەپێی پەیماننامەی سایکس پیکۆ ودواتریش لەڕێی لۆزان وبەهۆی یەکنەگرتوویی کوردەوە، ویلایەتی موسڵ کە هەڵگری نەخشەی باشووری کوردستان بوو، لە کوردستانی گەورە دابڕا ولکێندرا بە عێراقی عەرەبەوە. ئەمڕۆ، پاش تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر ئەم پەیماننامەیەدا، لەبری

ئەوەی کورد یەکدەست ویەکگرتوو، هەوڵی سەندنەوەی ئەم ناوچەیە بدات وکەلتووری پەرتەوازەیی جێبهێڵێ وکۆتایی بەو پەیماننامە شوومانە بهێنێ، کەچی نەك هەر نەیتوانی خاکی ویلایەتی موسڵ بۆ زێدی خۆی بگێڕێتەوە، بەڵکو شادەماری باشووری کوردستانیش کە ماوەیەك کەرکووك بوو، دواجار بڕدرا ودرا بە عێراق.

لەم ڕوانگەیەوە، ئەم پەڕتووکە باس لەوە دەکات کە پێویستە گەلی کورد بە تێڕوانین لە مێژووی تەڵخی خۆی، هەوڵی گۆڕینی ئەقڵییەت وکەلتوور وکەلەپووری خۆی بدات. دیارە، کارێکی وەهاش، بە ئامراز وئیرادەی خودیی ولە ڕێی چینی دەسەڵاتدار ومنەووەرانییەوە ولە کات وشوێنی گونجاودا دەبێت. بەڵام، ئەگەر ئەم هەوڵی گۆڕانکارییە لە واقیعی ئەم کۆمەڵگایەدا ئەستەمبێ لە ئێستادا، ئەوا پێویستە لە مێشکی خۆماندا پڕۆژەی کەلتوورێکی نوێ دابڕێژین، کە تەواوی نەریتە باوەکان وەلابنێت وکەلتوورێکی نوێی چەشەکراو بە تازەگەریی وهەستی نەتەوەخوازیی لە زەین و یادەوەرییماندا بخوڵقێنێ.

ئازاد تۆفیق خەیات

**سلێمانی**

**پاییزی** ٢٠١٨

# سەرەتا

**ئەی وڵاتی پشتاوپشتم ، ئەمە پوختەی دادی منە**
**خۆم و نەریت و ڕەوشتم، پێشێلی دەستی دوژمنە**
(ع ح ب)

کاتێك دەوترێ کەلتووری نەتەوەیەك یا کۆمەڵگایەکی مرۆیی، مانای ناسنامەی کەسانێك کە هەڵگری کۆمەڵە ئامڕاز وخەسڵەتێکی تایبەت بە خۆیانن، جیاواز لە خەسڵەتگەلی کۆمەڵگاکانیتر. بەمانای، بوونی کۆمەڵە تاکێك لە سنوورێکی دیاریکراودا، بارگاویکراو بە چەندین تایبەتمەندی وتوخم وئاشتەنگ ودیاردەی تایبەت بە خۆیان لە بوارە جیاجیاکاندا، ئەمانە وجیاوازیان لەگەڵ سەرجەم کۆمەڵگا مرۆییەکانیتر لەو خەسڵەت وشتگەلانەی دەکرێت ئاماژەیان پێبدرێ.........

هەڵبەت، لێرەدا کرۆکی جیاوازی کۆمەڵگاکان بە زەقی لە ڕووی زمان، ئایین، کەلەپوور، دابونەریت، فەرهەنگ، ئەدەب، مێژوو، ڕۆشنبیریی، خاك، پۆشاك ...هتد بەدیدەکرێن. واتە، سەرجەم ئەو بوارانەی باسکران کەلتووری کۆمەڵگایەك نیشان دەدەن. مانای، تێکڕای ئەوانەی باسکران، پێناسەی کەلتوور بوون لە ڕووی توخمە پێکهێنەرەکانیەوە، جا هەر توخمە وبەجۆرێك کاریگەری دەبێت لە چوارچێوەی کەلتووردا، هەندێکیان زۆرتر وهەندێکیان کەمتر. وەلێ، لەم دەربڕینەوە دەردەکەوێت کە پێناسەی کەلتوور گشتگیرە وسەرجەم بوارە جیاجیاکانی ژیانی گەلان دەگرێتەوە، وسنوورێکی فراوان لەخۆ دەگرێت. کەوابوو، دەکرێت بڵێین گشت ئەو بوارانەی ئاماژەیان پێدرا هۆکارێکی سەرەکین بۆ دروستبوونی گۆڕانکاری لە چۆنیەتی ڕوانین

وڕەفتارکردن ودیدوبۆچوونی تاك، هەر ئەو گۆڕانکارییەشە کە ناسنامەیەکی تایبەت دەبەخشێتە گشت هەڵگرانی. ئەمە لەسەر ئاستی تاك، لەسەر ئاستی کۆمەڵگاش، چەند ئەو بوارانە ئەکتیڤانە کاربکەن مانای هێندە کۆمەڵگایەکی شارستانیی وزیندوو وئاگامەند بەدی دەکرێت.

لەم ڕوانگەیەوە، هەوڵدەدەم سەرجەم ئەوانەی وتران بەسەر کۆمەڵگای کوردی وتاکەکانیدا جێبەجێ بکەم، تا بەهۆیەوە بتوانین لە ئەقڵییەت وهەڵسوکەوتی تاکی کوردی نێو کۆمەڵگای کوردەواری تێبگەین. ئاشکرایە، نەتەوەی کورد، خاوەنی کەلەپوور وکەلتوورێکی ڕەسەنی لەمێژینەی خۆیەتی لەسەر ئاستی نەتەوە، هەروەها خاوەنی کەلتوورێکی تایبەت بە خۆشیەتی لەنێو هەرێمە جوگرافیا ودێمۆگرافیا جیاجیاکاندا. سەرجەمی ئەم جیاوازییانەش، کارایی وجیاوازی کەلتووری نەتەوەییمان دەردەخات لە ئاست نەتەوەکانیتردا. وەلێ، لەپاڵ ئەم کاریگەرییانەی کەلتووری کوردییدا، داگیرکەران هەردەم هەوڵی کەنارخستن وفەرامۆشکردن وکاڵکردنەوەی کەلتووریان داوە، تا خاکی کوردستان داگیر بکەن وشوناسی کوردیی بکەنە تراویلکە. ئەمەش، هەر لە دابەشکردن وداخستنی سنووری جوگرافی وقەدەغەکردنی زمان وڕێنووس وپێنووسی پیتی کوردییەوە تا ڕێگریکردن لە بۆنە نەتەوەییەکان وجلوبەرگی کوردیی وتێکشکاندنی کەسایەتی مرۆڤی کورد وزۆرێکیتر. کەواتە، بۆ ڕێگریکردن لەم بارودۆخە، پێویستە گەلی کورد هەردەم یەکگرتوو وپابەستی شوناس ودابونەریتی کوردیی خۆی بێت، تاوەکو کەلتوور وناسنامەی نەتەوەیی خۆی لەدەست نەدات.

جێی باسە، دەکرێت ئاماژە بدرێت وبوترێت کە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی کوردیی لەچاو نەتەوەکانیتر درەنگ کەوتووە، ئەوجا هۆکاری پەرتەوازەیی وکەمتەرخەمی کورد خۆی بووبێ یا کاریگەریی داگیرکارییەکان وهەوڵگەلی سڕینەوەی ناسنامەی کوردی بووبێ، ئەمانە لەپاڵ دواکەوتویی وهەژاری ونەخوێندەواری وئەقڵییەتی خێڵەکی کوردییدا، تێکڕا کوردیان بەو ئاقارەدا بردووە کە تا ئێستاش کۆمەڵگاکەمان بەهۆیەوە دەناڵێنێ. ماوەتەوە ئەوەی بڵێم، پوختەی باس وخواسی ئەوانەی خستمەڕوو، لە چوار تەوەری سەرەکی لەم پەڕتووکەدا خستوومنەتە بەر دیدەی خوێنەران.

سەرەتا، ڕووپەڕی ئەم پەڕتووکە، دوای ناوەڕۆك بە پێشگۆتن دەستپێدەکات. پاشان، دێمە سەر باسکردنی تەواوی تەوەرەکان. هەڵبەت، تەوەری یەکەمی بابەتەکە، بە پێناسەگەلی کەلتوور وڕۆشنبیریی دەستپێدەکات، ئەوجا باس لەو خەسڵەت وبوارە کەلتوورییانە دەکەم کە لە خانەی ڕۆشنبیرییدا جێگایان دەبێتەوە. دواتر، دێمە سەر تەوەری دووەم، کە پێناسەی ئایین وئەو بوارە کەلتووریانەی خانەی ئایینیی لەخۆیان دەگرێ، دەخەمەڕوو. ئینجا، دێمە سەر سێیەمین تەوەر، کە پێناسەی دەروونناسیی واتە (سایکۆلۆژیا) لەخۆدەگرێ، پاشان باس لە کاریگەریی کەلتوور لەسەر بونیاد ولایەنی دەروونیی وپێکهاتە وئاییندەی گەلان دەکەم بە درێژی. دوایین تەوەریش، ئەوەیە کە باس لە کەلتوور وەك پرۆژەیەکی هۆشەکیی خەیاڵئامێز دەکەم. لە کۆتاییدا، بە خستنەڕووی دەرەنجامێك، پوختەی باسەکە کورت دەکەمەوە. ئینجا، بە

سەرچاوەکان کۆتایی بەم کتێبەم دەهێنم. ئەوەی مەبەستمە لەم دوایین تەوەرەدا بیخەمەڕوو، ئەوەیە کە پێویستە چینی دەستەبژێرانی کورد هەرچی زووە پیاداچوونەوەیەك بە بارودۆخ وپێگە وتێڕوانینی خۆیان بۆ ئاییندەی ئەم گەلە بکەن. گەر نا، ئەوا مێشك وهزر ویادەوەری، دەبێت بە ئیرادەیەك ئەم پێداچوونەوەیە بگرێتە ئەستۆ. مانای، تاکەکان، ئەم پیاداچوونەوە وئیرادەی گۆڕانە، لە هزریاندا بکەنە پڕۆژەیەکی هۆشەکیی خەیاڵئامێزی بەسوود.

بێگومان، کارگەلێکی وەها، پێویستی بە بەرپاکردنی شۆڕشی پیرۆز وبڕیار ویەکڕیزی ویەکهەڵوێستیی وڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە وزانستییانە هەیە، کە سەرجەم لایەن وکایەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بگرێتەوە. دیارە، سەرەتا لە چاکسازیی کەلتوورەوە دەبێ دەستپێبکەین. واتە، تیشك خستنە سەر لایەنە بێپێز وداوەشیوەکانی کەلتووری لەمێژینەی گەلی کورد، تەریب بە پرۆژەی نەتەوەخوازیی ومیتۆدی ڕەخنەیی کەلەپوور وئایین. بەڵام، ئەگەر کارێکی وەها لە نێوکۆی ئێستای ئەم کۆمەڵگایەمان ولەلایەن دەسەڵات ونوخبەوە ئەستەمبێ، ئەوا دەکرێت هەمان کار بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە لە نێو هۆش وخود وڕۆح وزەینی تاکەکان وەك پرۆژەیەکی هۆشەکیی خەیاڵئامێز ئەنجام بدەین. ئەمەش، یەکەمجار لەپێناو خوڵقاندنی خودێکی ڕۆشنبیر وئاگامەند بە ڕۆشنبیریی نەتەوەخوازیی ومەدەنیەت وڕۆشنگەریی وتازەگەریی. دووەمجاریش، لەپێناو سەرخستنی کۆمەڵگای کوردەواری بەرەو سەرفرازی ویەکبوون.

# تەوەری یەکەم

## أ- پێناسەی کەلتوور

کەلتوور یان فەرهەنگ یان چاند یاخود کەلەپوور، کۆیەکە لە زانست، باوەڕ، هونەر، ئاکار، یاسا، عادات وتەقالید وهەر شتێکیتر کە مرۆڤ وەکی ئەندامێکی کۆمەڵگا فێری دەبێت. وەلێ، هەر بەشێك لە کۆمەڵگا یان لە ولأتێك، دەتوانێت چاندێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. هەڵبەت، چاند یان کەلتوور، لە ڕێگای فێرکارییەوە بە وەچەکانی داهاتوو دەگات. [1]

ڕیشەی وشەی (culture)، کە لە زمانی کلاسیك ولە پێش زمانی کلاسیکیی لاتیندا بە مانای کشتوکاڵ وپەروەردە وکار هاتووە، وئێستاش لە دەستەواژەکانی وەك کشتوکاڵ وباخداریی وئایین بەکاردەبرێ، لە شێوازی تازەشدا وەك بەهەمهێنانی هەنگ وبەرهەمهێنانی سەدەف ومرواری و...هتد بەکاردەبرێ. دیارە، لەمێژ نییە کە مانای (culture) لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ومێژوودا بەکارهاتبێ، پێدەچێت لە دوای ساڵی (١٧٥٠ز) وبۆ یەکەمجار لە زمانی ئەڵمانییدا بەو مانایە بەکارهاتبێ. وەلێ، لە ساڵی (١٨٥٠ز)دا، لە بەشێك لە ئەڵمانیادا واژەی (کەلتوور) بە مانای فەرهەنگ بەکارهاتووە. بەلأم، بە تەواوەتی نا، چونکە لە نێوان مانا نوێکە ومانا کۆنەکەدا

---

[1] چاند: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٩/ ئازار/ ٢٠١٨، ckb.wikipedia.org

**(کشتوکاڵ وچاکسازیی) هەردووکیان بەکاردەهێنران. مرۆڤناسی ئینگلیز، (ئێدوارد تایلۆر) لە ساڵی (١٨٧١ز)دا، یەکەمین پێناسەی ڕوونی بۆ ئەم چەمکە تازەیە داناوە. هەڵبەت، ناوبراو لە یەکەمین بەندی کتێبی فەرهەنگی سەرەتاییدا، پێناسەیەکی کلاسیك وبەناوبانگی کردووە. ساڵی (١٨٨١ز)، تایلۆر لە زانستی مرۆڤناسیی (ئەنترۆپۆلۆژیا)دا، ڕوونیکردووەتەوە کە فەرهەنگ * (کەلتوور) تایبەتە بە مرۆڤ.** [١]

**وشەی کەلتوور، لە (culture)ەوە هاتووە، کە پێشتر لای ئێمە * وەکو (ڕۆشنبیریی) لێکدراوەتەوە، بەڵام لە گەوهەردا سنوور ومەودای ئەم وشەیە لەوە فراوانترە وسەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیریی وزمان ودابونەریت وئایین وئەفسانە وپانتایی هەست ونەست وکەش و**

---

* لە زمانی فارسییدا، وشەی فەرهەنگ مانای وشەی کەلتوور لە کوردییدا دەبەخشێ. بەڵام لای ئێمەی کورد، وشەی فەرهەنگ زیاتر لەبری وشەی (قاموس)ی عەرەبی بەکاردەهێندرێ.

١ داریوش ئاشوری: چەمك وپێناسەی فەرهەنگ (کەلتوور)، و: ئیبراهیم حەسەن پوور، چاپی یەکەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ وبلاوکردنەوە، چاپخانەی موکریانی– هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣١

* لەو بڕوایەدام لای ئێمەی کورد وشەی culture هەر (کەلتوور)ە نەك (ڕۆشنبیریی) وەك نووسەر باسیدەکات، بەڵکو لای عەرەب کاتێك وشەی culture وەردەگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی، ڕاستەوخۆ وشەی (ثقافە)ی بۆدادەنرێت کە بە کوردیی مانای (ڕۆشنبیریی) دەگەیەنێت.

**تەقسە كۆمەلأیەتیی وئایینیی وفیكر وئەدەب ومێژوو و....هتد دەگرێتەوە. بەمەنایەكیتر، مەبەست لە كەلتوور، بواری شارستانیی وئامادەبوونی ماددی ومەعنەوی كۆمەڵگایە.** [1]

**لە فەرهەنگەكاندا، كەلتوور، بەو كۆمەڵە توخمە ماددی ونامادییانەی ناو ڕێكخراوە كۆمەلأیەتییەكان دەگوترێ كە لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكیتر دەگوازرێتەوە، كە پاشماوەی كۆمەلأیەتی یان پاشماوەی كەلتووریشیان پێدەوترێت. هەموو كەلتوورێك، لە كۆمەڵێك كەس پێكهاتووە كە تایبەتمەندیی كەلتووریی جیاوازیان هەیە. تایبەتمەندییە كەلتوورییەكان، تێكەلأوی یەكتردەبن ویەكەیەكی گەورە بە ناوی كۆمەڵەی كەلتووریی پێكدێنن. شایانی وتنە، سەرجەمی كەلتووریش بەسەر دوو لایەندا دابەش دەبێ: كەلتووری ماددیی وكەلتووری مەعنەوی (نامادی). دیارە، كەلتووری ماددی، بەو بەشە لە پاشماوەی كۆمەلأیەتی دەوترێ كە ژێرخانی ئابووری كۆمەڵگایە. هەرچی كەلتووری مەعنەویشە، واتە سەرخانی كۆمەڵگا،**

---

[1] عەتا قەرەداغی: كاریگەری كەلتووری ئەوان لەسەر كورد، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلأوكرد ـنەوەی سلێمانی– چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٩

**كە زانست، هونەر، فەلسەفە، بیروبڕوا ودامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆدەگریٚ.**[1]

**لە لایەکیترەوە، لەگەڵئەوەی کەلتوورمان بەسەر دوو کۆمەڵە توخمدا دابەشکرد، دەکریٚت ئەوەش بڵیٚین کە کەلتوور پشت بە کۆمەڵیٚك سەرچاوەی گرنگ دەبەستیٚ، لەوانەش زمان، کە یەکەمین وبنەڕەتترین سەرچاوەی کەلتوورە بەگشتی. چونکە، سەرجەم گەلانی جیهان، ڕاستەوخۆ پشت بە زمانەکەی دەبەستیٚ لەبۆ گواستنەوەی کەلتوورەکەی بۆ گەلانی دیکە. دووەمیان، هزری مرۆیی، بەمانای تەواوی ئەو مەعریفە وڕۆشنبیرییەی کە دەبیٚتە هۆی گەلاڵەبوونی کەلتووری مرۆیی، وهاوکاردەبیٚ لە هەلاٚویٚردیی گەلاندا. لەبەرئەوەی، شیٚلگیرە لە بونیادنانی هزریٚکی کەلتووریی تایبەت بە هەر گەلیٚك لە گەلانی جیهان.**[2] **کەواتە، زمان لەگەڵئەوەی یەکەمین سەرچاوەی گرنگی کەلتوورە، بە بەردی بناغەی کۆمەڵیش دادەنریٚت وتاکە**

[1] فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نویٚ)، ئامادەکردن و وەرگیٚڕانی لە فارسییەوە: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەلاٚت، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولیٚر، ٢٠٠٦، ل ٥٤٠

[2] محمد فيضي: تعريف الثقافة، موضوع كوم، ١٣/ فبراير/ ٢٠١٨، ٣ mawdoo.com

ڕێگاشە بۆ پاراستن وگەیاندنی کەلتوور وزانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر. [1]

لە ڕاستیدا، یەکێك لە کێشە وگرفتە گەورەکانی ئەمڕۆی ڕۆشنبیریی کوردیی، کێشەی زاراوەیە. ئەم کێشەیە، نە دەزگایەکی زانستیی هەیە خۆی لێبکاتە خاوەن ومشوری بخوات، نە ئێمەش توانیومانە وردبینانە مامەڵە لەگەڵ ئەو زاراوانەدا بکەین کە بە پای پیلان بەکاریان دێنین. زۆرجار، دەستنیشانکردنی چەمکی زاراوەکان، زۆر لایەنی شاراوە یان زۆر چەمك و واتای ئاڵۆزمان لەبەردەمدا ڕوون وئاسان دەکات. یەکێك لەو زاراوە گرنگانەش کە کێشەی ناوەتەوە، کێشەی تێنەگەیشتن لە وشە وزاراوەی (کەلەپوور)ە، کە زۆربەیجار بە وشەیەکی هاوواتای (لاسایکردنەوە)ی دەزانین. لە کاتێکدا، ئەم وشەیە تەنیا لاسایکردنەوە ناگەیەنێ، لەبەرئەوەی زۆر کەلەپوورخواز هەن یان ئەوانەی بەشێکن لە کەلەپوور، ئەوانە نوێکەرەوە وداهێنەرن. ئەمە بێجگەلەوەی، (کەلەپوور)، واتای دەستپێکردن لە (خود)ەوە بەرانبەر بە (ئەویدی– الآخر) دەگەیەنێ. هەروەها، مانای پەرەپێدانی ڕۆشنبیریی خۆماڵیی دەگەیەنێ، نەك ڕیشەکێشکردنی ئەو ڕۆشنبیرییە وچاندنی ڕۆشنبیرییەکی دیکە لە جێگەیدا. لە بنەڕەتیشدا، ئەم کێشەیە لە تێنەگەیشتنی زاراوەکەوە ماوەتەوە، ئەم

[1] ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی: کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ١٦٣

هەڵەیەش لەوەوە هاتووە کە زۆربەی ڕۆشنبیرە عەرەبەکان ڕاستەوخۆ وشە فەرەنسییەکەیان وەرگێڕاوە. لە کاتێکدا، وەرگێڕانی زاراوەکە لە یەك کاتدا (کەلەپوور) و(لاسایکردنەوە)ش دەگەیەنێ، نەك تەنها لاسایکردنەوە. [١]

کەلتوور، هەندێکجار ولای هەندێك زانای زانستە کۆمەڵایەتییەکان، هێزێکی دەستنیشانکەری هەمەلایەنەیە. بۆ تێگەیشتن لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ناچارین بۆ کەلتوور بگەڕێینەوە وبەهۆیەوە ڕاڤەیان بکەین. بیرمەند (سامۆئێل هینتنگتۆن)، * لە کتێبی (پێکدادانی شارستانییەتەکان)دا، دیارترین نموونەی ئەم دیدە کەلتوورلیستییە گشتگیرەیە. لەم دیدەدا، کەلتوور، ئەو هێز ودینامیکییەتە گەورەیەیە کە لە پشتی هەڵسوکەوت وپراکتیکە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانەوە ئامادەیە، وشوناسی تاکەکەس وشارستانییەتەکان دەستنیشان وڕاڤە دەکات. ئەوە کەلتوورە، پێماندەڵێت بۆ فلانە هێزی کۆمەڵایەتی فلانە

[١] ئازاد عەبدولواحید: کەلتوور وناسنامە، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم- سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٩

* سامۆئێل هانتنگتۆن: بیرمەندێکی بواری سیستمی سیاسی وپەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کەسایەتییەکی ناسراوە، (پێکدادانی شارستانییەتەکان ودووبارە دارِشتنەوەی سیستمی جیهانی) یەکێك لە کتێبە ناودارەکانی ناوبراوە کە سەرەتا ساڵی (١٩٩٣)ی زایینی وەك وتارێك لە گۆڤاری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا بلاّوکرایەوە.

هەڵوێست وەردەگرێت، هەر کەلتووریشە پێماندەڵێت بۆ هێزێکی کۆمەڵایەتی دیکە ناتوانێت فلانە کاری دیاریکراو ئەنجام بدات.

هەڵبەت، لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بە هەڵگرانی ئەم دیدە بۆ کەلتوور دەگوترێ (کەلتوورالیست) یاخود (کەلتوورگەرا). بەڵام، لای هەندێك زانای دیکەی کۆمەڵایەتی، کەلتوور، جگەلە پێدراوێکی تایبەتی ناو ڕەوتە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان هیچیدیکە نییە، ولەم ڕەوتانەشدا بەردەوام مانا ودەلالەتی نوێ وەردەگرێت وئەویش وەکی زۆربەی شتەکانی دیکە دەکەوێتە ژێر فشار وجەبر وپێدراوی ڕەوتەکان خۆیانەوە. بەمانایەکیتر، ئەوەی دەستنیشانی هەڵسوکەوتی ئینسان وهێزە کۆمەڵایەتییەکان دەکات کەلتوور نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە کەلتوور خۆیشی لەلایەن ڕەوتە سیاسی وئابووریی وکۆمەڵایەتییە جیاجیاکانەوە مانا ودەلالەت وئەگەری ڕاڤەکردنی جیاجیا وەردەگرێت.

بەمجۆرە، ئەگەر لە بۆچوونی یەکەمیاندا کەلتوور شتێکی بەرهەمهاتوو ودروستکراو وتەواوبووبێ وڕاستەوخۆ کار لە هەڵسوکەوتی ئینسانەکان وڕووداو وڕوونەدانی دیاردەکان بکات، ئەوا لە دووەمیاندا کەلتوور شتێکە تەواو نەبووە، کراوە وناکامڵە، کە بەردەوام لە دۆخی دروستبوون وفۆرمگیریی وفۆرمگۆڕییدایە. لە یەکەمدا، کەلتوور سیفەتێکی جەوهەرییە، لە دووەمدا، ئەگەرێکە بۆ کارکردن. لە یەکەمیاندا، پێدراوە، لە دووەمیاندا دروستکراوە. لە یەکەمدا، کەلتوور شتێکە دەرەوەی نییە وگشتێکی داخراوە، لە

**دووەمیاندا توانایەکی بەردەوامی دانوستان ومامەڵەیە لەگەڵ ڕەوتە جیاوازەکاندا وداخران ناناسێت.** [1]

**لەلایەکیترەوە ولە ئێستادا، چەمکی بەجیهانیبوون کە کەلتوور تیایدا باڵادەستە، مۆدێلێکی نوێی تازەبابەتی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا خستووەتە ڕوو. وەلێ، پێداگرییەکی زۆر هەیە کە دەریدەخات ئێمە لە ساتێکی وەهادا دەژین کە زۆربەی ژیانی کۆمەڵایەتیمان بە هۆی دەرەنجامە گەردوونییەکانەوە (global) دەستنیشان دەکرێن، کە تیایدا کەلتوورە نەتەوەییەکان وئابووریی وسنوورە نەتەوەییەکان دەتوێنەوە.** [2] **بەمانای، گەرچی لە دوای شۆڕشی فەرەنسیی (١٧٨٩ز)یەوە ناسیۆنالیزم ودەوڵەتی نەتەوەیی پەرەیسەند وزۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتەوە، بەڵام لە ئێستادا دیاردەی بەجیهانیبوون ئەو پەتایەیە کە زۆربەی وڵاتانی جیهانی دووبارە گرتووەتەوە، بەڵام بە پێچەوانەوە. واتە، زۆرێك لەو دەوڵەتانەی پێشتر لەسەر بنچینەی نەتەوە ونەتەوەییبوون دروستببوون، ئێستا لەبری ئەوە فیدراسیۆنێکی جیهانییان دروستکردووە کە کەلتوور ڕۆڵێکی سەرەکیی تێدا دەبینێ وسنوورە نەتەوەییە دەستکردەکان کاڵدەبنەوە، لە پێناو ئابووری وبازرگانییەکی سەرتاسەرییدا.**

---

[1] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر (کورد لە دیاسپۆرا)، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٩٠

[2] بول هيرست، جراهام تومبسون، ما العولمة، ت: د. فالح عبدالجبار، عالم المعرفة، مطابع السياسة- الكويت، سبتمبر ٢٠٠١، ص ١١

شایەنی وتنە، پاش هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤێت وتاکجەمسەربوونی جیهان وفراوانبوونی کۆمەڵگای مەدەنی وگەشەی زیاتری فیکری سیاسی وبە نێونەتەوەییبوونی سەرمایە وبازرگانی وکۆتاییهاتنی مێژوو بە لیبراڵ دیمۆکراسی، ئیدی لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، ولە منداڵدانی پۆست مۆدێرنیزمدا، سەردەمی جیهانگیریی یان (گلۆبالیزەیشن– عولمە)ی چەشەکراو بە سەرمایەداریی لیبراڵی هاتەکایەوە، کە گەورەترین گۆڕانکاری جیهانیی بوو لە سیستمی سەرمایەداریی وبازرگانیی وبوارگەلی ئابووریی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووریی، تەکنۆلۆژیی، ئامڕازەکانی پەیوەندیکردن و...هتد.[1] وێڕای پێناسەگەلێك کە کراوە، جیهانگیریی، بەمانای ڕزگاربوونی ئاڵوویێری بازرگانییە، لە هەموو کۆسپ وتەگەرە گومرگییەکان. بەمەش، کەلوپەل وشتومەکە بازرگانییەکان، لە سەرتاسەری گۆی زەویدا جیهانگیر دەبن، واتە جیهان دەبێتە یەك بازاڕی کراوە، بۆ کێبڕکێی نێودەوڵەتیی.[2]

ئەمڕۆ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، جیهانگیریی، هەوڵ بۆ بچووککردنەوە وبەیەکترناسین وپەیوەندی دروستکردن دەدات. بە واتای، عەلمانیەت کار بۆ دروستکردنی پەیوەندییەك لەسەر ئاستی

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، چاپی یەکەم، چاپخانەی پیرەمێرد– سلێمانی، ٢٠١٨، ل ٥٨

[2] هاشم سالح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، www.hoshyari.com ، ل ٥٩

جیهانیی دەکات لە نێوان دەسەڵاتەکان وئایین وئایینزا وکەلتوورەکاندا، عەلمانیەتێك کە مانای (ڕێزگرتن ولێکبوردەیی) پرەنسیپی سەرەکی کارنامەی بێت. هەربۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، زۆرینەی بیریاران بڕوایان وایە کە لەم سەردەمەدا دووبارە دروستبوونەوەی ئایدیۆلۆژیای گشتگیر (شمولی– تۆتالیتار)یی کارێکی مەحاڵە، لەبەرئەوەی تێڕوانینی مرۆڤەکان بۆ ژیان وجیهان گۆڕاوە. دیارە، بەهەمان شێوە چەمکی پاش تازەگەریش خاوەنی هەڵوێستەیەکی ئاکاریی جیاواز وتایبەت بەخۆیەتی، کە دەشێت کورت بکرێتەوە بۆ (ڕێزگرتنی جیاوازییەکان)..[1]

هیچ گومانی تێدا نییە، ڕەهەندەکان وکاریگەرییەکانی جیهانگیریی وجیاوازی نێوان دوو شارستانیەتی "ڕۆژئاوایی وڕۆژهەڵاتیی" وکەلتوور وئەقڵییەت وکێشمەکێشەکان، جیهانی ئەمڕۆی تووشی ململانێیەکی توندی نێوان دوو بەرەی دژ بەیەك کردووە، کە هەرگیز ئاسۆی لەیەکگەیشتنیان دوور ولێڵە. دیارە، وەك دەرەنجامێکی چاوەڕوانکراو، ئەم لەیەك نەگەیشتن ونەبوونی دایالۆگ وجیاوازی کەلتوورە، کەشێکی دژوار وناهەمواری فەراهەم کردووە، کە بەهۆیەوە فۆرمێکی دژیەکی لە نێوان هاوکێشەی ڕێژەگەرایی وڕەهاگەراییدا دروستکردووە. بەمانایەکیتر، دروستبوونی ململانێی توند لە نێوان "عەقیدە وفیکر"دا، یاخود لە نێوان "گلۆبالیزە وپۆست مۆدێرنیزم

[1] مارتن غريفيش، تيري أوكالاهان: المفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، الطبعة الاولى، مركز الخليج للابحاث– دبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٨، ص ٣٥٦

لەلایەك لەگەڵ داخران وفەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامیی لەلایەکیتر." [1] پێدەچێت، جارێکیتر ناچاربین ئاماژە بە کتێبەکەی هنتنگتۆن بدەینەوە، چونکە ئەو لە پێشینەی ئەوانە بوو کە درکی بە ڕوودانی ئەم دۆخە ناهەموارە کردبوو. ناوبراو، باسی لەوەش کردبوو کە لە سەدەی بیست ویەکدا، سیاسەتی نوێی جیهانیی بەپێی کەلتوور پێناسە دەکرێت. [2]

هنتنگتۆن، دەڵێ: "خەڵکی ئەو وڵاتانەی کەلتووری هاوشێوەیان هەیە پێکەوە پەیوەست دەبن، وئەو وڵاتانەشی کەلتووری جیاوازیان هەیە لێکدادەبڕێن. ئەو ڕیزبەندییەی بەهۆی ئایدیۆلۆژیا وپەیوەندی زلهێزەکانەوە پێکهاتبوو، ئێستا بەهۆی کەلتوور وشارستانییەتەوە پێناسە دەکرێن. سنوورە سیاسییەکانیش، سەرلەنوێ بە شێوەیەك دادەڕێژرێنەوە کە لەگەڵ سنوورە کەلتوورییەکاندا بگونجێن. هەڵبەت، کۆمەڵە کەلتوورییەکانیش، بەهۆی هاوبەشیی شارستانیی وکەلتووریی ونەتەوەیی وئایینییەوە جێگای بلۆکەکانی شەڕی سارد دەگرنەوە، وسنووری دابەشبوونی نێوان شارستانییەکان لە سیاسەتە جیهانییەکاندا دەبنە هێڵی سەرەکی پێکدادان. [3] ئەمڕۆ لە جیهانی

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان– سلێمانی، ٢٠١١، ل ٦٣

[2] دییتر سنغاس: الصدام داخل الحضارات، ت: شوقي جلال، الطبعة الاولى، دار العين للنشر– القاهرة، ٢٠٠٨، ص ١٣٣

[3] سامۆیل. پ. هەنتینگتۆن: پێکدادانی شارستانییەکان، و: مامەند ڕۆژە، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری ی.ن.ك– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٠٧

نوێدا، شوناسی کەلتووریی، دەبێتە فاکتەری سەرەکی دۆستایەتی ودوژمنایەتی نێوان وڵاتان. پێشتر، وڵاتێك دەیتوانی بێلایەنبیٚ لە شەڕی ساردا، بەڵام لە ئێستادا ناتوانێت بیٚ شوناسبیٚ."[1]

ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، ئەم شوناسە کەلتوورییەی ئامازەی پێدرا، کە دەبێتە مایەی جیاکاریی ودۆستایەتی ودوژمنایەتی گەلان، پرۆژەی (سنووری خوێن)ی (ڕاڵف پیتەرز)، یان پرۆژەی (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نویٚ)ی (بێرنارد لویس)مان دێنێتەوە یاد، کە باسیان لە پێویستیی دابەشکردنی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر بنچینەی ڕەگەز وئایینزا دەکرد. واتە، سنوورەکانی دەوڵەتگەلی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەرلەنویٚ ولەڕووی ڕەگەز وئایینزاوە ڕێکبخرێنەوە.[2] بەمانای، دووبارە ڕێکخستنەوە وپێدانی شوناسێکی نویٚ بەم دەوڵەتانە، کە دەبێت لە ڕووی نەژادیی وڕەگەزیی وئایینیی وزمان وکەلتوورییەوە جودا بکرێنەوە، کە پشتڕاستکردنەوە وجەختکردنی وتەکانی هنتنگتۆن دەگەیەنێت.

---

[1] صامويل هنتنجتون: صدام الحضارات.. اعادة صنع النظام العالمي، ت: طلعت الشايب، طبعة ثانية، مكتبة طريق العلم- القاهرة، ١٩٩٩، ص ٢٠٣

[2] ماهو مشروع الشرق الاوسط الجديد؟: منتديات دريمز كريزي، ١/ ٨/ ٢٠٠٨، www.dcrazy.com

## ب- پێناسەی ڕۆشنبیریی

سەرەتا، پێشئەوەی بچینە نێو کرۆکی بابەتەکەوە، باشتروایە پێناسەیەکی سەرپێیی بابەتی ڕۆشنبیریی بکەین. لەم ڕووەوە، فەیلەسووفی ئایدیالیزم، هیگڵ، هەروەك هێردەری فەیلەسووف، وایدەبینی کە کۆمەڵگا بەرهەمی ڕۆشنبیرییەکی ناوازەیە. هیگڵ، لەو بڕوایەدابوو کە ڕۆشنبیریی وەك هزرگەل، خوڵقێنەر وبکەری سەرەکییە لە ژیانی هەر کۆمەڵگایەك، هەرچی هۆکاری سیاسی وئابوورییە، بەو شێوەیەی نەدەبینی. بەڵام، مارکس، بە سوود وەرگرتن لە فەلسەفەی هیگڵ وسووربوون لەسەر ئاوەژووکردنی فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەو، وە لە نێوکۆی میتۆدی ماتریالیزمی مێژووییەوە، وای دەبینی کە خودی کۆمەڵگا ڕۆشنبیری بەرهەم دێنێ، نەك ڕۆشنبیریی بەرپرسبێ لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا. [1] هەربۆیە، دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی ناوبراوەوە، کۆمەڵگا هێندە کاریگەر وگەورەیە کە لە ڕێگەی هەڵسوکەوت وبەریەککەوتن ومێژووی ترادسیۆنی تاکەکانییەوە کەلتووریش بەرهەمبهێنێ، کە تێکڕای دابونەریت وترادسیۆن وزمان وجلوبەرگ وشوناس وخەسڵەتگەلێکیتر لەخۆدەگرێ.

بە گەڕانەوە بۆ کرۆکی بابەتەکە، دەکرێ ئاماژە بە هاوڕانەبوونی بۆچوونی توێژەرانی هاوچەرخ، لەبارەی پێناسەی ڕۆشنبیریی وناوەڕۆکییەوە بدەین.

---

[1] ديفيد انغليز، جون هيوسون: مدخل الى سوسيولوجيا الثقافة، ت: لما نصير، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات- بيروت، آذار / مارس ٢٠١٣، ص ٣٩

بەشێکیان، (وەك فەیلەسووفی ئەمریکی، جۆن دیوی)، تەنها یەك پێناسەی بۆ دارِشتووە، بەڵام بەشێکیتریش (وەك توێژەر ومرۆڤناسی بەریتانی، ئێدوارد تایلۆر)، سەدان پێناسەی بۆ دارِشتووە، کە زیاد لە ٢٥٠ پێناسە دەبێ. بەشێك لەم گەلەپێناسەیە، لایەنی ئەکادیمی یان تیۆریی یا گریمانەیی لەخۆ گرتووە، لە کاتێکدا بەشێکیتری، چارەسەری ئەو گیروگرفتە کردارییانە دەکەن کە پەیوەندییان بە گەشەی کۆمەڵایەتی ومرۆیی وکار وفرمان وئامانجی رِۆشنبیرییەوە هەیە.[١] پوختەی ئەو پێناسانەی تایلۆر بۆ رِۆشنبیریی کردوویەتی، ئەوەیە کە بابەتی رِۆشنبیریی یان شارستانییەت کە بە برِوای ئەو هەردووکیان هاوتای یەکن، لە فراوانترین مانایدا، ئەو پێکهاتە گشتەیە کە مەعریفە وبیروباوەرِ وهونەر وئاکار ویاسا ودابونەریت وهەموو تواناکان وترادسیۆنەکانی مرۆڤ، وەك ئەندامێك لە کۆمەڵگا، لەخۆدەگرێ.[٢] لە کاتێکدا، جۆن دیوی، رِۆشنبیریی وەك دەرەنجامی کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەیدا دەناسێنێ. بەمانای، دەرەنجامی پەیوەندییەکی دیالێکتیکییە، کە تیایدا یەکێك لە لایەنەکان، چالاکی مرۆڤە.[٣]

---

[١] حسين العودات: المثقف العربي والحاكم، الطبعة الاولى، دار الساقي– بيروت، لبنان، ٢٠١٢، ص ٤٧

[٢] دنيس كوش: مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ت: د. منير السعيداني، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة– بيروت، آذار ٢٠٠٧، ص ٣١

[٣] حسين العودات: المثقف العربي والحاكم، مصدر سابق، ص ٢٩

لە ڕاستیدا، ئەم هاوتاکردنەی تایلۆر بۆ ڕۆشنبیریی وژیار، هاوتاکردنی ڕۆشنبیریی وکەلتوورمان دێنێتەوە یاد لە وەرگێڕانی زمانی عەرەبییدا هەروەك پێشتر لە پەراوێزدا ئامارژەمان پێدا. لەبەرئەوەی، لە زمانی عەرەبییدا، وشەی کەلتوور (culture) بەمانای وشەی (پقافە) دێت کە بە کوردی وەردەگێڕدرێت بۆ وشەی (ڕۆشنبیریی). لە کاتێکدا، لە زمانی کوردییدا، (ڕۆشنبیریی وکەلتوور) مەرج نییە هاوتابن. کەواتە، باشتر وایە لەبری وشەی (پقافە) بۆ (culture)، هاوواتای وشەی (عادات وتقالید) بخەینەگەڕ کە بە تەواوی ولێوانلێو مانابەخشە. وەلێ، ئەم ڕوونکردنەوەیە، دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی بڵێین دەکرێت جیاکارییەك لەنێوان وشەی کەلتوور وڕۆشنبیرییدا بکەین، بەوەی کەلتوور لە ڕۆشنبیریی گەورەتر وگشتگیرترە. چونکە، کەلتوور، هەمەکییە وتەواوی دابونەریت وسەرخانی مەعریفیی وخەسڵەتەکانی کۆمەڵگایەکی مرۆیی بە ڕۆشنبیرییشەوە لەخۆدەگرێ، لە کاتێکدا ڕۆشنبیریی وێڕای کاریگەرییە زۆر وزەوەندەکانی، بەڵام بەشەکییە ودەشێت تایبەتبێ بە خەسڵەتی تاکێکی کۆمەڵگا، یان بەشێك لە خەسڵەتگەلی کەلتووری کۆمەڵگایەکبێ. بە دیوێکیتردا، دەکرێ بڵێین کەلتوور هەمەکییە وتایبەتە بە گەلان، لە کاتێکدا ڕۆشنبیریی بەشەکییە وتایبەتە بە مرۆڤەکان، هەربۆیە ناکرێت وناگونجێت تێکەڵبکرێن.

گەر لە باسەکەمان لانەدەین، دەکرێت بڵێین ژیار یاخود شارستانییەت بەرهەمێکی مرۆییە، کە پەیوەستە بە خەبات وتێکۆشانی مرۆڤەکان وکارگەلی بەردەوام وساتی مێژووییەوە. لە ڕاستیدا، ژیار، لەسەر دوو کۆڵەکەی دیار دادەمەزرێت: **کۆڵەکەیەکی ماتریاڵیی**، کە خۆی لە

**تەکنۆلۆژیادا دەبینێتەوە، وکۆلەکەیەکی واتایی، کە لە ڕۆشنبیریدا بەرجەستە دەبێ. ئەوجا بۆ بەدیهێنانی ژیار، ئەنجامی کردەیی وبەرهەمهێنانیی وداهێنانی چڕوپڕ وبەردەوامی بە درێژایی مێژوو پێویستە، لەبۆ چنینەوەی بەروبوومە واتایی وماتریاڵییەکەی. دیارە، ڕۆشنبیریی، هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە تایبەتە بە هونەر، ئەدەب، بیروباوەڕ، ئایین، زانست، وبەرهەمە تەکنۆلۆژییەکان. ئەمەش بەو مانایەی، ڕۆشنبیریی، داتاگەل وزانیارییە هزری وماتریاڵی وسۆزدارییەکان لەخۆ دەگرێ. ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین: گەر گەلانی سەرەتایی، پشتیان بە سروشت وهێزە ئەفسانەییەکان بەستبێ، ئەوا گەلانی نوێ وشارستانیی، پشتیان بە ڕۆشنبیریی ولۆگۆس * بەستووە.** [١]

**پاش ئەوەی لە ڕووی پێناسەوە، زاراوەی ڕۆشنبیریمان ڕوونکردەوە، ئینجا باشتر وایە مەبەست لە ڕۆشنبیریی بخەینە ڕوو، کە پێکدێت لە شێوازگەلێکی فیکری وبەهایی وبیروباوەڕی بلاو، لە نێوان کۆمەڵێك تاکدا.**

* لۆگۆس: وشەیەکی گرنگ وئالۆزی گریکییە، ولە بواری فەلسەفە ودەروونناسی وڕەوانبێژی وئاییندا بەکارهاتووە. هیراکلیتس ئەم زاراوەیەی هێناوەتە ناو فەلسەفەی ڕۆژئاواوە بە واتای سەرچاوە وبنەڕەتی بوون ویاسای گەردوونی. زاراوەی لۆگۆس لە فەلسەفەی یۆنانیدا بنەمایەکی ئەقڵانی هەیە وگرێدراوی هێزە فۆرم خولقێنەرەکانە. لە فیکری ڕۆژئاوادا لە بواری ئایینیی وفەلسەفیدا بەکارهاتووە ومانای وتار، زمان، وشە، قسە، ئاخاوتن، وتە، ئەقڵی هەمەکی، وشەی خودا بەکارهاتووە.

[١] جميل حمداوي: جدلية المثقف والسلطة، ديوان العرب، منبر حر للثقافة والفكر والادب، كانون الثاني ٢٠٠٧، www.diwanalarab.com

**لێرەدا، قەبارەی ئەو کۆمەڵە یان ئەو گروپە گرنگ نییە، واتە لە ڕووی کەمیی وزۆرییەوە، یاخود ئەگەر بەشێك یان تەواوی کۆمەڵگا پێکبهێنن. بەڵکو ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە "ڕۆشنبیریی" بەشێکی دانەبڕاوە لە تەواوی ژیانی کۆمەڵێکی دیاریکراو لە تاکەکان. [١] گەر بتوانین مەبەست لە ڕۆشنبیریی بخەینەڕوو، ئەی ئەبێ خەسڵەتەکانی ڕۆشنبیری خۆی چیبێ، بەتایبەت لە ڕووی زمانەوانی ودەستەواژەییەوە؟**

**وشەی ڕۆشنبیریی، لە ڕووی زمانەوانییەوە وبەپێی شوێنی بەکارهێنانی، ماناگەلێکی زۆر دەبەخشێ، هەروەك کرداری خۆڕۆشنبیرکردن، یان لە فەرهەنگدا بە دانایی، زانایی، سەلیقە، لێزان لە بابەبەتگەلێك دەگەیەنێ. وەلێ، ڕۆشنبیریی، وشەیەکی گشتییە وتایبەتمەندی بە چەندین بواری زانستیی، هونەریی، ئەدەبیی، یاسایی، فەلسەفی، ئابووریی، کۆمەلأیەتی، دەبەخشێ.**

**لە ڕووی چەمکەوە، ڕۆشنبیریی، هەموو ئەو مەعریفە وزانیارییە تیۆریی وپسپۆڕیی وشارەزاییە زانستییەی مرۆڤ دەگەیەنێ کە بە درێژایی ژیانی بەدەستیهێناوە. دواجار، چۆنیەتی بیرکردنەوە وهەڵوێستی بەرانبەر بە ژیان وکۆمەڵگا وئایین وبەهاکان دەستنیشان دەکات، بە چاوپۆشیلێکردن لە گەلەسەرچاوەی بەدەستهێنانی ئەو مەعریفە وپسپۆڕییە. چجای، لە ژینگەی چواردەور یا لە خوێندنەوە**

---

[١] ديفيد انغليز، جون هيوسون: مدخل الى سوسيولوجيا الثقافة، ت: لما نصير، مصدر سابق، ص ١٧

یان له پێزانین وتێگەیشتنەوەبێ، وە یان له فێرگه سەرەتایی وئەکادیمییەکان وهەر شێوەیەکیتربێ. [1]

کەواتە، کاتێك باس له وشەی ڕۆشنبیریی دەکەین، دیارە مەبەستەکان وپەیوەستبوونەکان جیاوازن، که خۆیان له گەشەی تاك یان گەشەی دەستەیەك یا چینێك، وە یاخود گەشەی تەواوی کۆمەڵگایەك دەبینێ. له ڕاستیدا، ڕۆشنبیریی تاك، لەسەر ڕۆشنبیریی دەستەیەك یان چینێك وەستاوە، هەروەها ڕۆشنبیریی ئەو چینەش لەسەر ڕۆشنبیریی تەواوی کۆمەڵ وەستاوە. لەبەرئەوە، هەردەم ڕۆشنبیریی کۆمەڵ بنەڕەتێکی کەلتوورییە. لێرەوە وله نێوکۆی کۆمەڵەوە، مانای وشەی ڕۆشنبیریی، ئەو مانایەیە که دەبێ پێش هەموو شتێك تۆژینەوەی لەسەربکرێ. کاتێکیش، وشەی ڕۆشنبیریی بەکاردەهێنرێ وەك هێمایەك بۆ هەڵسوکەوتی بوونەوەرەکان، ئەدی ماناکەی زۆر ئاشکرا وڕوونە. به ڕەچاوکردنی مێژووی وشەکەش، وەك هێمایەك بۆ شتێك که مەبەست لێی هۆشیاری تاك له کاروبار وهەڵسوکەوتی مرۆییدا بێت، هەڵبەت مێژوویەکی درێژی نییە. [2]

---

[1] تعريف الثقافة لغة واصلاحا: رانيا سنجق، موقع موضوع كوم، ٥/ يناير/ ٢٠١٦، mawdoo٣.com

[2] ت. س. اليوت: ملاحظات نحو تعريف الثقافة، ت: شكري عياد، الطبعة الاولى، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، مطبعة دار التنوير- القاهرة، بيروت، تونس، ٢٠١٤، ص ٢٧

کەواتە، ئەگەر ڕۆشنبیریی دیاردەیەکبێ لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵێك تاکی دەستەبژێر وبووبێتە عورف وکەلتووری یەکەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، ئەوا دەتوانین ویٚکچوونێك لە نێوان ڕۆشنبیریی وکەلتووری ئەو کۆمەڵگایەدا بەدیبکەین، بەوەی ئەو ڕۆشنبیرییە بەشەکییە خەسڵەتی کەلتوورێکی هەمەکیی ئەو کۆمەڵگا شارستانییەیە. بەمانایەکیتر، بەشێك یان زۆرێك لە دانیشتوانی ئەو کۆمەڵگایە، هەڵگری ئاستێکی بەرزی مەعریفە وفیکر وتێڕوانینێکی ڕۆشنبیرانە وئاوەزمەندانەن، کە بالأیی کەلتوور وپێگە وکامڵبوونی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە ڕووی ژیرییەوە دەستنیشان دەکات.

کەواتە، دەبێت مکووڕبین لەسەر ئەوەی کەلتووری هەموو کۆمەڵگایەك چەشەکراوە بە شەبەنگێك لە دابونەریتی تایبەت، کە دەشێت لە ڕووی ڕۆشنبیریی وهزریی ومەعریفییەوە، بە شارستانیی ومۆدێرن وتازەبابەت یاخود بە کۆنزەرڤاتیزم وکۆنەوارەتیی ناودێری بکەین. هەڵبەت، ئاستی بەرزی تێگەیشتن وتێڕوانین وهەڵسوکەوتی ژیرانەی کۆمەڵگایەکی ئەوروپیی، ئاوێنەی کەلتوورێکی بالأی هەمان کۆمەڵگایە. بە هەمان شێوە، چەقبەستوویی فیکریی وخولانەوە لە بازنەیەکی داخراودا کە بەر لە (١٤٠٠) ساڵ خولگە وهێڵەکانی کێشراوە، ئاوێنەی کەلتوورێکی داڕزاوی کۆمەڵگای ئیسلامییە، کە نەبوون یاخود ئاستێکی زۆر نزمی ڕۆشنبیریی ودۆکترینی بەشێك لە هەڵگرانی دەردەخات. خولاسەی کەلام، ئەوەیە کە ڕۆشنبیریی لە نێو کەلتووری کۆمەڵگادایە نەك کەلتوور لە نێو ڕۆشنبیرییدابێ.

**ماوەتەوە ئەوەی بڵێین، ئەمڕۆ تەواوی گەلانی جیهان، هەریەکە وکەلەپوورێکی فیکریی تایبەت بە خۆیان هەیە کە بە فاکتەری سەرەکیی جیاکردنەوەی لەوانیدی دادەنرێ. بێگومان، سروشت وتایبەتمەندییەکانی کەلتووریش، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر دەگۆڕدرێ، لەبەرئەوەی کەلتوور واقعی نەتەوەیەك بە کەلەپووری فیکریی وشارستانییەوە دەبەستێ. لەلایەکیترەوە، کەلتوور، لەگەڵ گەشەی شارستانیی هەر نەتەوەیەکیشدا گەشە دەکات، دەشکرێ بە تێپەڕینی کات لە گەشە بوەستێ یاخود پاشەکشە لە گەشە بکات، بەهۆی گرنگینەدان پێی، کە دەبێتە هۆی پیواری (غیاب)ی شوناسی کەلتووریی تایبەت بەو گەلە.** [1]

---

[1] محمد فيضي: تعريف الثقافة، موضوع كوم، ١٣/ فبراير/ ٢٠١٨، mawdoo٣.com

**ج- ئەو خەسڵەت وبوارە کەلتوورییانەی خانەی ڕۆشنبیریی لەخۆیان دەگرێت**

ئەم تەوەرە تێکڕای بواری زمان، نووسین، ئەدەب، هونەر، فۆلکلۆر، کەلەپوور، شارستانیی، مێژوو وبوارگەلە هاوشێوەکانیتر لەخۆدەگرێت. لە ڕاستیدا، زمان بە یەکێك لە توخمە پێکهێنەرەکانی کەلتوور دادەنرێ کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ، بەڵاّم ناکرێ بڵێین تەنها زمان سەرەکیترین وگرنگترین پایەکانیەتی.

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە تا ئێستا چەندین پێناسەی جیاجیا لەبارەی زمانەوە خراونەتە ڕوو، کە دەکرێت ئاماژە بە هەندێکیان بدەین.

**نوام چۆمسکی** دەڵێت: زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە، ڕێزمان دەریان دەکات.

**بلۆك وتراگەر** دەڵێن: زمان کۆمەڵە ڕەمزێکی دەنگیی لەخۆوەیە، کە دەتوانرێت بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاربێت.

**ساپیر** دەڵێت: زمان هۆیەکی ناغەریزییە وتایبەتە بە مرۆڤ، بۆ دەربڕینی هەست وئارەزوو بەکاردێت.

**مارتنێت** دەڵێت: زمان هۆیەکە بۆ لەیەکترگەیشتن، لە چەند دانەیەکی بچووك پەیدادەبێ کە خاوەنی واتای خۆیانن.

**کارۆڵ** دەڵێت: زمان کۆمەڵە رەمزێکی دەنگیی لەخۆوەیە، کە دەتوانرێ بەکاربێت بۆ لێکگەیشتن وپۆلێنکردنی شت ورووداوەکانی دەوروبەر.

کەواتە، لە ڕوانگەی ئەم پێناسانەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بتوانین بڵێین، زمان گرنگترین ئامێری پەیوەندی ولەیەکگەیشتنی ئادەمیزادە.[1]

کاتێك کەسێك بەکوردی ئاخاوتن دەکات، وبە پیت وڕێنووسی کوردیی دەنووسێت، ڕاستەوخۆ دەوترێت ئەوە کەسێکی کوردە، واتە خودی نووسینەکە وڕیزبەندیی پیتەکان وڕێنووس وشێوازی ئاخاوتن ودیالێکتەکە ناسنامە وشوناسێك دەبەخشنە کەسەکە. هەرچەندە، ستراکتووری زمانی کوردی، بەسەر چەندین دیالێکت وشێوەزمانیشدا دابەش بووە، بەڵام بە هەموویان جەستەیەکی یەکگرتووی لێکدانەبڕاوی تۆکمەیان خوڵقاندووە، کە زمانی کوردییە. ئاشکرایە، نووسین بە شێوەزاری گۆرانی، مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، هەرچەندە پێشتر نووسینی شیعر بە کوردیی لەلایەن (بابە تاهیری هەمەدانی)یەوە وەکو سەرەتای نووسین بە کوردیی باسدەکرا، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە پێش بابە تاهیریش نووسینی شیعر بە زمانی کوردی هەبووە. بەواتای، ئەگەر یەکێك لە پایە سەرەکییەکانی گوتار

---

[1] کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ: کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە- هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٤١

**زمان بێت ومەبەست لەوەش زمانی نووسین بێت وبەو پێیەش دەقی نووسراو ئامادەبوونی هەبێت، گەرچی ئەو ئامادەبوونە لاوازیش بێت، بەلاّم ڕاستییەك هەیە کە دەیسەلمێنێت ئەو پایەیەی گوتاری کوردیی لەو قۆناغەوە تاژ سەردەمی دەسەلاّتی شیعری سنووری بابان ڕەسەنایەتییەکی ئاشکرای کوردیی هەبووە، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە شیعری کوردیی لە دەرکەوتنیەوە بە زاری گۆرانیی یا هەورامیی لەسەر کێشی پەنجە بووە، کە ئەویش کێشی فۆلکلۆری کوردیی ولە هەمان کاتیشدا کێشی گاتاکانی پەیامی ئایینی زەردەشتیی بووە. ئەمە جگەلەوەی، کە شیعر بە زاری گۆرانیی نووسراوە ودەیان ڕەگەز وهێما وفەزا ودیمەنی زەردەشتیی وکوردیی وسروشتی کوردستانی لەخۆ گرتووە..[1]**

**کەوابوو، نووسین بە کوردیی (شێوەزاری گۆرانیی) مێژووەکەی زۆر کۆنە، لەگەڵئەوەی چەندین شیعر وگۆرانی وسرووت وفۆلکلۆر وقسەی نەستەقی لەخۆ گرتووە، کە هەریەکە وبەجۆرێك پێزی داوە بە ئاخاوتن وپیتی کوردی، هەر ئەوەشە وایکردووە بە نەمریی وخۆڕاگریی بمێنێتەوە، کە دواجار نموونەی بەرزی کەلتووری کوردیی نیشانداوە. جا ئەگەر نووسینی کوردیی هێندە دێرین بێت، ئەوا شتێکی بەڵگە**

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٩٥

نەویستە کە کەلتوور وزمانی ڕەسەنی کوردیی بە تێکڕای شێوە زمانەکانیەوە زۆر زیاتر لەمێژینە ودێرینترە....

نووسەران وئەدیبان، کاتێك باس لە دەرکەوتنی نووسین ودیالێکتی کوردیی ونووسینی شیعری کوردیی دەکەن، ئاماژە بەوە دەدەن کە شیعری کوردیی لە دەرکەوتنیەوە بە زاری گۆرانیی یان هەورامیی لەسەر کێشی پەنجە بووە، (کە ئەویش کێشی فۆلکلۆری کوردیی وکێشی گاتاکانی پەیامی ئاییني زەردەشتیی بووە وبەشێکی دانەبڕاوی کەلتووری کوردیی بووە). ئەم شێوازەی نووسین، بە کێشی فۆلکلۆری کوردیی تا سەروەختی دەسەڵاتی میرنشینی بابان بەردەوام بووە، بەڵام شاعیرانی بابان کە لەدوای گواستنەوەی دەسەڵاتی میرنشین لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی دەرکەوتوون، کودەتایەکی سپییان بەسەر ئەو شێوازەی نووسینی شیعری کوردیدا کردووە ولەبری ئەوە پەنایان بردووەتە بەر بەکارهێنانی (کێشە عەرەبی وفارسییەکان)، بە تایبەتی کێشەکانی (فەراهیدی) کە ئەوەش لە ئاستی یەکەمدا ڕوخانی پایەیەکی ڕەسەنی کەلتوور ونووسینی کوردیی وپڕکردنەوەی جێگاکەی بووە بە ڕەگەز وتوخمی کەلتوورێکی غەیرە کوردیی.[١]

---

[١] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥- ٩٦

**بێگومان، مەبەست لە کەڵەشاعیرانی کورد (نالی وسالم وکوردی)یە کە بە (سێکوچکەی بابان) ناودەبرێن. [1] وەلێ، ئەم کەڵەشاعیرانە گۆڕانکارییان لە کەلتوور ورێنووس وشێوازی نووسینی شیعری کوردیدا ئەنجام دابوو، جا بەهەر هۆیەك بووبێت، ئایینی یان ڕۆشنبیریی یاخود ڕەنگدانەوەی داکەوت (واقع)ی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای کوردیی بووبێ لە ژێر کاریگەریی شالاٌو وداگیرکارییەکاندا. بێگومان، ئەوەی ئەو کەڵەشاعیرانە ئەنجامیان داوە لە گۆڕانکاریکردن لە کەلتووری شیعردانان وداڕشتن وکێش و وەزن وقافیە وشێوازی شیعری کوردیدا بە هەموو دەرەنجامێکی ئەرێنیی ونەرێنییەوە، لێرەدا ئاماژەی پێنادرێت ولە توانای بابەتەکەماندا نییە.**

**بەلاٌم، دەربارەی ئەوەی، کە بۆچی دیالێکتی کرمانجی خواروو (ناوچەی سلێمانی) وردە وردە دەدرەوشایەوە ولە ناوچەکانی بندەست وقەڵەمڕەویی خۆیدا توانی جێ بە دیالێکتی گۆران لەق بکات. بۆچوونێك هەیە کە پێیوایە: "ڕەنگە، هۆیەکی گرنگی پاشەکشەی مەدرەسەی ئەدەبیی گۆران، بەو دەوڵەمەندییە زۆرەیەوە، لەبەردەم مەدرەسەی باباندا ئەوە بووبێ کە والییەکانی ئەردەلاٌن نووسینیان بەم لەهجەیە فەرامۆش کردبێ. لە بەرانبەردا، میرەکانی**

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: (نالی، دانتێ) وێکچوونێکی فرەڕەهەند، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد– سلێمانی، ٢٠١٧، ل ١٢

**بابان، هانی شاعیرەکانی ئەمارەتەکەی خۆیان دابیٚ بەم زمانە بنووسن." ١**

**هەرچۆنیٚکبیٚ، بەلاٚم ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لەو سەردەمانە ودواتریشدا، زیاتر شیعری کوردیی بە ئەلفوبیٚی فارسیی وعەرەبیی وتورکیی دەنووسران، بەمانای زاڵبوونی کەلتوور وزمانەکانیتر بەسەر زمانی کوردییدا. جا بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسەیەش، کتێبی (شەرەفنامە)ی میر شەرەفخانی بەدلیسی وەك نمونەیەکی زیندوو ولەبەرچاو دێنینەوە کە دیارترین وپڕبایەخترین پەڕتووکی ئەو سەردەمە بووە، وەك سەرەتایەك کە باس لە کەلتووری کوردیی ومیرنشینە کوردییەکان وژیانی کۆمەڵگای کوردەواریی دەکات.**

**جێی ئاماژەپێکردنە، کاتێك ئەم پەڕتووکە لەلایەن مامۆستا (هەژار)ی گەورە شاعیری کوردەوە وەرگێڕدرابووە سەر زمانی کوردیی، ئاماژەی بەوە دابوو کە ئەم کتێبە لە ساڵی (١٠٠٥ك/ ١٥٩٦ز) لەلایەن میر شەرەفخانی بەدلیسییەوە بە زمانی (فارسی) نووسراوە.٢ بەمانای، زاڵبوونی کەلتووری فارسیی بەسەر کەلتووری کوردییدا، کە زمان پایەیەکی ئەو کەلتوورەیە وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا. ئەمە بێجگەلەوەی، شوێنەوارناسی کورد (عەبدولڕەقیب یوسف)، دەربارەی**

١ نەوشیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یەکەم، چاپی یەکەم، الدار العربیە للعلوم/ ناشرون، بیروت– لبنان، **٢٠١٢**، ل **٢٤٣**

٢ شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، لە بلاٚوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد– نەجەفی پیرۆز، **١٩٧٣**، ل **٥٩**

**هەمان پەڕتووك ئەوەی خستبووە ڕوو کە بەهۆی زاڵبوونی زمانی عەرەبییەوە میر شەرەف کوڕی شەمسەدین (شەرەفخان) دوالاپەڕەی ئەم پەڕتووکەی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، [1] کە جەختکردنە لە وتەکەی پێشووم دەربارەی زاڵبوونی کەلتووری غەیرە کوردیی بەسەر کەلتووری کوردییدا. هەرچەندە، مێژوونووسی گەورەی کورد (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)، بۆ ئەم بابەتە لە کتێبی (کورد وکوردستان)ەکەیدا ڕەخنەی ئاڕاستەی (شەرەفخان) کردبوو، کە دەبوایە بە زمانی کوردیی ئەم پەڕتووکە بەنرخەی دابڕشتایە، لەبەرئەوەی بابەتێکی بەپێزە ومێژووی میرنشینە کوردەکان وکەلتووری کورد بووە.[2]**

**لێرەدا، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە کوردستان لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژوو بەر شالاوە داگیرکارییەکان کەوتووە، بۆیە لەو سەردەمانە وبگرە ئێستاشی لەگەڵدا بێت هەردەم هەوڵی سڕینەوەی ئەلفوبێ وڕێنووسی زمانی کوردیی دراوە، هەروەها هەوڵی سڕینەوە وگۆڕینی پێگەی جوگرافیی ودێمۆگرافیای کورد دراوە، ئەمە بێجگەلەوەی تواناکان خراونەتەگەڕ بۆ شێواندن وگۆڕینی کەلتووری کوردیی ولەباربردنی هیوای کوردیی. شایەنی باسە، هەردەم**

[1] عبدالرقیب یوسف: تابلۆکانی شەرەفنامە، چاپی سێیەم ، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ژین– سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٢٧

[2] محمد امین زکی: کورد وکوردستان، جلدی ١– ٢– ٣، (چاپخانەی دار السلام، بغداد)، انتشارات سیدیان– مهاباد، ١٩٣١، ل ٤

ڕاستییەکان وهۆشیارییەکان قەدەغە کراون، نەیانهێشتووە گەلی کورد هەوای ئازادیی هەڵبمژێ وتێڕوانین وڕۆشنبیریی وتێگەیشتنێکی واقیعییانەی بۆ ژیان هەبێت. بەمانای، داگیرکەران، سەرەنجام ویستویانە کەسایەتییەکی کوردیی لاوازی بێئیرادەی هەژاری نەفامی نەخوێندەوار وبێپێگە وبێناسنامە بەرهەم بهێنن.

هەڵبەت، لە قۆناغەکانی دوای سەرهەڵدانی هەست وهۆشیاری نەتەوەیی ونەتەوەخوازیی عەرەب وتورك وفارسدا، ئەو نەتەوانە یەکگرتنەوەیەکیان (بالانس) لەنێوان مەسەلەی نەتەوایەتی وپەیامی ڕۆحییدا دروستکردبوو، کە لەئەنجامدا بەگوێرەی ئەو نەتەوانە کەلتووری ئایینی وکەلتووری نەتەوایەتی بە ئەندازەی تێکەڵاوبوون لەیەکتر نزیك بوونەوە ولە ئاستی پێگەیشتنی تەواوەتی هەست وهۆشیاری نەتەوایەتییاندا، کەلتووری نەتەوایەتی بالادەست بوو بەسەر کەلتووری ئایینیدا، ولەو ئاقارەشدا ولەڕێگای ئایینەکەوە ئەوان توانییان سەرجەم ڕەگەزەکانی کەلتووری خۆیان، هەرلە زمان وڕۆشنبیری وشێواز وئاراستەی بیرکردنەوە وبگرە دابونەریتیشیان بەسەر کورددا بسەپێنن، بەو مەبەستەی کورد لەو هەموو توخم وڕەگەزە ڕەسەنانەی کەلتووری خۆی دوور بخەنەوە وزەمینەی ڕێنیسانسی کوردیی لەباربەرن..[1]

---

[1] عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧– ١٨

سەرباری هەموو ئەوانەی باسکران لە زمان وکەلتوور، بە هاتنی ئیسلام وسەپاندنی ناسنامەی بوون بە موسڵمانیش، کورد دوو باجی تری لەلایەن دەسەڵاتی دەرەکییەوە لێسەندرا. یەکەمیان: باجی جیابوونەوە بوو لە گەلانی ناوچەکە. دووەمیشیان: باجی بەخود نامۆبوونی کورد بوو، لە ئاست کەلتوور وفەرهەنگی هاوبەشی خۆیی وئەو گەلانەدا. دیارە، ئەو کەلتوور وفەرهەنگە هاوبەشەش زەردشتییەت بووە. ئەوجا، کورد، پێویستی بە چەندین سەدە بوو تا بتوانێت جێگرەوەیەك بۆ دابڕانەکەی لە کەلتوور وئاییینی زەردەشتیی بدۆزێتەوە، ولە هەمان کاتیشدا پرۆسەی جیابوونەوەی لە گەلانی ناموسڵمانی ناوچەکە بەردەوام بێت. بێگومان، ئەو جێگرەوەیەش کە کورد دوای ئەو ماوە زۆرە بۆ خۆی دروستکرد، میرنشین وحوکمە ناوچەییەکان بوو.

گەرچی، تەواوی ئەم میرنشینە کوردییانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لە ژێر دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامدا کاریان دەکرد، بەڵام هەرچۆنێکبێ توانیبویان خەمی بێپشت وپەنایی لای تاکی کورد بڕەوێننەوە. دیارە، ئەمەش خەمێك بووە، دوای دابڕانی کورد لە کەلتوور وفەرهەنگ وناسنامەی هاوبەشی یەکەمی (کە زەردەشتییەت بوو)، دووچاری بووە. [١] ئەوەی ڕاستیبێ، تێکشکانی یەکەمی گەلی

[١] ڕێبوار سیوەیلی: کتێبی نالی، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، کوردستان، ٢٠٠١، ل ٢٢٩

کورد، ئەوە بووە کە لە زمان وشوناس وکەلتوور وفەرهەنگ وسرووت وئاینی زەردەشتیی دابڕێندراوە بەهۆی شالأوە سەربازییەکانی ئایینی ئیسلامەوە. هەرچی تێکشکانی دووەمیشە، ئەوە بووە کە لە دەسەلأت ومیرنشینەکانی خۆی دابڕێندراوە وبووتە ژێردەستە، بەهۆی شالأوە سەربازییەکانی عوسمانییەکان وسەفەوییەکانەوە. وەلێ، ئەم تێکشکاندنە مێژووییانەی بەرۆکی کوردی گرتبوەوە، کاریگەری نەرێنی لە سەرجەم بوارەکاندا دروست کردبوو. ئەوجا، بواری نووسین کە یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی نەتەوەییبوون، کەوتبووە نێو گێژاوی پەراوێز وپشتگوێخستن وتێکشکاندنەوە. هەڵبەت، بواری شیعریش، بوارێکیترە کە دەتوانین بڵێین خراوەتە نێو ئەو گێژاوەوە وسەر خوانی باسەکەمان.[١]

گەر سەرنجێك لە داکەوتی ژیان وگوزەرانی کورد بدەین لە دوێنێوە هەتا ئەمڕۆ، دەبینین ئەو هەوڵە تێکدەرانەی دوژمنان تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕانکاری نێگەتیڤانەی دروستکردووە لەنێوماندا، هەر لە تەعریبکردنی ئەلفوبێی ڕەسەنی کوردییەوە تا شێوازی ئاخاوتن، تا چۆنیەتی هەڵسوکەوت وپێگە وکەلتوور وناسنامەی نەتەوەییمان. ڕاستە دوژمن هەر دوژمنە، بەلأم بەشێکی هۆکارەکانیش کورد خۆی لێی بەرپرسیارە. کەواتە، باشتروایە کورد زیاتر هەوڵی گۆڕانکاری لە

[١] ئازاد تۆفیق خەیات: (نالی، دانتێ) وێکچوونێکی فرەڕەهەند، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١

داكەوت (واقع)ی خۆیدا بدات، گۆڕانێك بۆ بەدیهێنانی دواڕۆژێكی پرشنگدارتر وسەرفرازتر، نەك گۆڕانێكی بێپلانی بێبنەما كە مایەی سەرلێشێواوی و ونبوونی هەتاهەتاییبێ..

كورد جیاواز لە نەتەوەكانیتر، هەردەم بواری ئایینیی زاڵكردووە بەسەر بوارە نەتەوەیی وئایدیۆلۆژی وچینایەتی وزمانەوانی وكەلتووریی وبوارەكانیتردا. كورد لە مێژوودا، بەوە ناسرابوو كە تێكەڵبوونێكی ڕۆحیی وكۆمەڵایەتی وكەلتووریی وفیكریی توندی هەبووە لەگەڵ ئایینی زەردەشتییدا، ئەوەش سەلمێندراوێكی مێژووییە، بەڵام دوای ئاوابوونی خۆری ئایینی زەردەشتیی وكاڵبوونەوەی ئەم ئایینە لەو ناوچانەی كە پێشتر بوونی بەدی دەكرا، ئاوابوونی ڕۆحیی وكۆمەڵایەتیی نەتەوەی كوردیشی بەدوای خۆیدا هێناوە. بە مانای، شكستی ئایینی زەردەشتیی لە كوردستاندا، شكستی نەتەوەی كوردی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەت دوای لەشكركێشییە یەكلەدوای یەكەكانی سوپای ئیسلامیی. هەربۆیە، باشتروایە بڵێین پێكهاتەكانی كۆمەڵگای كوردیی گشتی لەبەریەك هەڵوەشان، وجارێكیدی ستراكتوور وبنەماكان بە شێوازێكیتر داڕێژرانەوە. بەو هۆیەوە، لایەنی هونەر وشیعر وئەدەبیاتیش، بەر شاڵاوی ئەو گۆڕانكارییانە كەوتن.

لێرە بەدواوە، هزر وئەقڵییەت وتێڕوانینی كورد بۆ ژیان گۆڕانكاری بەخۆوە بینی، بەڵام گۆڕانێكی ڕیشەیی. هەربۆیە، گۆڕینی كێشی پەنجەی شیعری كوردیی بە كێشی شیعری نەتەوەكانیتر، بە یەكێك لە

**نموونەکانی ئەم گۆڕانکارییانە هەژمار دەکرێن. بەڵام، هەرگیز ناشتوانرێت بوترێت گۆڕانکارییەکان سەداسەد بووە، واتە ڕێژەیی بووە. لەبەرئەوەی، چەندین پێگە وهۆز وتیرە وبنەماڵە وجەژن وبۆنەی کوردیی هەیە کە تا ئێستا هەڵگری توخمە ڕەسەنەکانی ئایینی زەردەشتین ودووبارە دەبنەوە. ئەمە بێجگەلەوەی، کاریگەری ئایین بەسەر ئەدەب وشیعر وهونەری کوردییەوە، بەهەمان شێوە ڕێژەیی بووە. وەلێ، دەبینین لەو سەردەمانەدا، لەگەڵ زاڵبوونی زمانە بێگانەکانی چواردەوریش بەسەر زمانی کوردیدا، بەڵام تروسکەی هەستی نەتەوایەتیی وکەلتوور وزمان وئەدەبیاتی کوردیی وئایینی زەردەشتیی، بنەچە وڕەسەنایەتی خۆی هەر پاراستووە.**

**لەمبارەیەوە، (قانع)ی شاعیری هەژاران دەفەرموێ:**

**کتێ بی زەردە شت کە ئاڤێ ستایە**
**وەك باقی کتێب خەڵاتی خوا یە**
**بە شێوە هەورامی، ها تە سەر بە شەر**
**یانی ئەی زەردە شت بووی بە پێغەم بەر *[1]**

**لەلایەکیترەوە، داستانی (مەم و زین)ی کەڵە شاعیری کورد (ئەحمەدی خانی)، کە بەر لە سێسەد ساڵ نووسراوە، یەکێکە لە شاکارە هونەرییە بەناوبانگەکانی شاعیر، کە زۆرێك لە نووسەران بە**

---

* کۆپلە شیعرێکی شاعیری مەزنی کورد (قانع)ە.

[1] کەریم زەند: ئایینستان، چاپی یەکەم، چاپەمەنی ئەزمر- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٥

پێشەنگی شیعری نیشتمانیی وهەست وهۆشیاری نەتەوەیی لەقەڵەم دەدەن، کە لەو کاتەدا توانراوە بنووسرێ. واتە، (بە بڕوای ئەدیبان ونووسەران) دەرکەوتنی سەرەتاییترین هەستی نەتەوایەتی کوردیی بۆ ڕۆژگاری نووسینی ئەو داستانە مەزنە دەگەڕێننەوە، کە تەواوی کۆمەڵگای کوردیی ژێردەستە بووە. پرۆفیسۆر (عێزەدین مستەفا ڕەسوڵ)، لەم بارەیەوە ئاماژەی دابوو کە: "تێکڕای کورد، کۆکن لەسەر ئەوەی کە (خانی) پێشەنگی نەتەوەییە، لەبەرئەوەی دێڕەکانی داستانەکەی یەکەمین دێڕن کە نووسراونەتەوە وتایبەتن بە پرسی نەتەوەی کورد. هزری خانی، تا ئەمڕۆکە بە گشتی پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی وڕاستگۆیی وبەهای خۆی کردووە، سەبارەت بە نەتەوەی کورد. بەوەی، بیروبۆچونەکانی خانی، سەرەتای فیکری نیشتمانیی کوردیی بووە، کە چەشەکراوە بە مانا ودەلالات"..[١]

وەك ئاشکرایە، مەم وزین، بە تەنها بابەتێکی ئەدەبیی نیە کە لەو سەردەمەدا نووسرابێتەوە، بەڵکو چەندین بابەتی شیعریی وهونەریی وئەدەبیی وپەخشان، پێشتر ودواتریش نووسراون. بەڵام، لە ڕووی بەهای هونەرییەوە، دەکرێت بڵێین جیاوازییان هەبووە. دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین، کە تێکڕای ئەو شاعیرانە زانیارییەکی تەواویان هەبووە لە بابەتەکانی خوداناسی وزانستی کەلام وتەسەوف وئایینەوە، بەوەی زۆربەیان قوتابی قوتابخانە ئایینییەکان بوون. ئەمەش ئەوە

[١] صلاح سعدالله: حول اللغة الكردية، مطبعة دار الجاحظ- بغداد، ١٩٨٥، ص ٦

دەگەیەنێت، کە فێرگە وقوتابخانە ئایینیی وحوجرەکان، سیمای سەرەکی کۆمەڵگای کوردیی بوون. واتە، دەکرێ بڵێین ئەو مزگەوتانەی ئەو ڕۆژگارە، هاوشێوەی زانکۆ وپەیمانگاکانی ئەمڕۆ بوون، بەوەی زانستە فیقهی وئیسلامییەکانی تێدا خوێندراوە. [1] هەربۆیە، چەندین زانا وشاعیر وسۆفی وئەدەب دۆستی بەرهەم هێناوە، ئەمانە تێکڕا بەشێك لە کەلتووری کۆمەڵگای کوردیی بوون، وە کاریگەرییەکی زۆریشیان لەسەر هەڵسوکەوت وبیرکردنەوەی تاکی کورد هەبووە لەو کاتەدا هەتا ئەمڕۆکە.

مێژوونووس وپسپۆڕ لە کاروباری کوردییدا، (مایکڵ گەنتەر) دەڵێ: "حوجرەی فەقێیانی کوردەوارییی، شوێنی کۆبوونەوە وگەشەکردنی هزری ناسنامەی کوردیی بووە. هۆزانڤانە ناودارەکانی کورد، ئەوانەی هۆزانەکانیان کەلتووری کوردییان دەوڵەمەند کرد وزیندوویان هێشتەوە، زۆربەیان لەو حوجرەی فەقێیانەدا دەرچوون وئەدەبی خۆیان پەخشکردووە. جگە لە مەدرەسەکانی دەوڵەتیی وئەوانەی میرنشینەکان ڕایان دەگرتن، زۆرێك لە گوندەکان حوجرەی فەقێیی خۆیانیان هەبوو. وەلێ، ئەم حوجرە کەم دەسەڵاتانە بوون کە مەلاکانیان پەروەردە دەکرد، بۆئەوەی دواتر خزمەتی دانیشتوانی گوندەکە بکەن. بەمجۆرە، مەلاکانی جاران، هانی پەیدابوونی هزری

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: (نالی، دانتێ) وێکچوونێکی فرەڕەهەند، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٢

**کوردایەتییان داوە، ئەمەش پێچەوانەی کردەوەی کوردە ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمەیە، کە (هەستی نەتەوەیی مرۆڤ) بە هەڵگەڕانەوە لە ئیسلام دەزانن." [1]**

**دەبێ مکووڕبین لەسەر ئەوەی کە لەو سەردەمانەدا، بزوتنەوەی سۆفیزم لە کوردستان وەك کەلتوورێك لە ترۆپکدا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ململانێ وڕکابەریی لە نێوان هەردوو تەریقەتی قادری ونەقشبەندی لە ترۆپکدا بووە. بێگومان، ڕەنگدانەوەی ئەم ململانێیەش، زۆر بە ڕوونیی وزەقیی وبەربڵاویی لە حوجرە ومزگەوتەکان وقوتابخانە ئایینییەکانی سەرجەم میرنشینەکاندا ڕەنگیدابووەوە. [2] کەواتە، دەتوانین بڵێین لەگەڵ دەرکەوتنی ڕێبازەکانی تەریقەتی سۆفیزمدا، ململانێ وناکۆکی قووڵ لە کوردستان لەسەر بنەمای جیاوازی تەریقەت دەردەکەوتبوو. زۆرجار، شێخەکانی تەریقەت، ئەوانەشیان کە سەر بە یەك ڕێبازی تەریقەت بوون، لەسەر مەسەلەی فراوانترکردنی پێگەی جەماوەریی**

---

[1] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگای ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٦٢

[2] برزو محمد: الشعر الكردي في القرن التاسع عشر في كردستان الجنوبية (العراق)، اتحاد المثقفين الكورد– غرب كوردستان في الخارج، ١٥/ ٥/ ٢٠٠٧، www.rojava.net

**وكۆكردنەوەی مورید ولایەنگر بۆ خۆیان، کە بنچینەی دەسەڵاتیانە، لەگەڵ یەکدیدا کەوتوونەتە ململانێ ودووبەرەکی.** [1]

**لە ڕاستیدا، سۆفیزم، لە هەردوو سەدەی (١٢) و(١٣)ی زایینییدا پەیدابوو، تا ڕادەیەك بە خەڵوەتگریی وڕەبەنکاریی چەرخی ناوەڕاستی ئاینی فەلەکان دەچوو. لە کوردستاندا، تەنیا دوو ڕێبازی سۆفیزم هەیە، ئەوانیش تەریقەتی نەقشبەندی وتەریقەتی قادرییە. (سۆفی)، بەو کەسانە دەڵێن کە موریدی تەریقەتی نەقشبەندین،**

**(دەروێش)یش موریدەکانی تەریقەتی قادرین. دیارە، نەقشبەندییەکان، گاڵتەیان بە زاراوەی دەروێش دێ وبە کۆنەپەرست وخەیاڵبازی وئاگرخواردن وحاڵگرتن وشێواندنی ڕاستیی دەناسن. شیانی وتنە، ڕێبازی سۆفیەتیی وەك کەلتوورێك، لەلایەکەوە کۆمەڵگای کوردەواری بەهێز کردووە ولەلایەکیتریشەوە دووبەرەکی تێدا پەیداکردووە. ئەوانەی باوەڕیان بە ڕێبازەکە هەیە، بە شێوەیەکی پوخت پەیڕەوی دەکەن ولە یەکتر نزیکدەبن وگوێ بە هۆز وتیرە وبنەماڵەکانیان نادەن. بەڵام، کە دێتە سەر**

---

[1] د. جەعفەر عەلی ڕەسوڵ: سۆفیزم وکاریگەریی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا ١٨٨٠– ١٩٢٥، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٣٤

فرەجۆریی ڕێباز وتەریقەتەکان، ئەمە کۆمەڵگای کوردەواریی لێك دەترازێنیّ و وەکو پارتێکی سیاسی کار لە لایەنگرانی دەکا.[1]

سۆفیزم لە کوردستاندا، یەکێکە لەو دیاردە ڕۆحییانەی جگەلەوەی پانتاییەکی فراوانی لە کۆهەستی کۆمەڵایەتی (الشعور الجماعی الاجتماعی) خەڵکی کورد داگیرکردووە، کاریگەرییەکی زۆریشی بە هەردوو دیوی پۆزەتیڤ ونێگەتیڤدا بەسەر کۆکردنەوە وئامادەکردنی هێزی جەماوەرییەوە لە نێو جوڵانەوە سیاسییەکانی کورددا هەبووە. وەلێ، زۆر جاریش ڕێبەرانی ڕۆحانیی وشێخەکانی ڕێبازەکانی تەریقەت، بوون بە ڕێبەری بزوتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانیی کورد، هەندیّ جاریش بوونەتە بەشێك لە سیاسەت وهێزی سەربازیی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان.[2]

کۆمەڵگای کوردیی، لەگەڵ بوونی لایەنی باش وخراپیدا، بەڵام گرنگی پێگەی ستراتیژی وکەلتوور ورەسەنایەتی وزمانی خۆی لەدەست نەدا بوو، هەربۆیە کوردستان جێگەی سەرنجی گەڕیدە ونێردراوانی بیانی بووە بە درێژایی مێژوو. لەمبارەیەوە، چەندین سەرچاوەی بیانی، زانیاری تەواو وچڕو پڕیان کۆکردبووەوە، هەر لە بواری سیاسی، زانستیی، کەلتووریی، ئایینیی، هونەریی و....هتد.

---

[1] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣

[2] کوردۆلۆجی، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی: ژمارە (١)، ٢٠٠٨، ل ٩٢

**یەکێك لەو سەرچاوە بیانیانەی زانیاری تەواویان لەسەر کوردستان کۆکردووەتەوە، کە دەکرێت وەك سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو وگرنگ وبەسوود تێبڕوانین، سەرچاوە ئیتالییەکانە. لەم ڕووەوە، یەکەم سەرچاوەی ئیتالی کە باس لە کەلتووری کوردیی بکات، مێژووەکەی بۆ ساڵی (١٢٠٠)ی زایینی دەگەڕێتەوە. پاشان، ئەم گەڕان وپەیوەندییەش تا ساڵی (١٨٠٠)ی زایینی بەردەوام دەبێت وبگرە ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، ئەوەشی هەمیشە ئەو پەیوەندییەی لە نێوان کوردستان وئیتالیادا هێشتووەتەوە، ئەو گەشتیار ودیپلۆمات ونێردە ئایینیی وبازرگانانە بوون کە لە کاتی گەشتەکانیان بۆ وڵاتی فارس و وڵاتی نێوان دوو زێیان (میسۆپۆتامیا) بە کوردستاندا تێدەپەڕین. یەکێك لەو نێردراوانەش، بە ناوی (ماوریزیۆ گارزۆنی)* یەوەیە، کە کتێبێکی بەهاداری دەربارەی کوردستان داڕشتبوو. ئەم کتێبە، لە مێژووی کورددا سەرچاوەیەکی سەرەکییە، لەبەرئەوەی لەسەر بنەمایەکی زانستیی دانی بە ڕەسەنایەتی کەلتوور وزمانی کوردییدا ناوە، بە شێوەیەك جێی خۆیەتی کە دانەرەکەی وەك (باوکی زمانی**

* ماوریزیۆ گارزۆنی: نێردراوێکی دۆمێنیکە بە ڕەگەز ئیتالی، خاوەنی پەڕتووکی (ڕێزمان وموعجەمی زمانی کوردی)یە کە لەنێوان ساڵانی (١٧٦٤– ١٧٧٥)ی زایینی نووسیویەتی، ئەم موعجەمە (٤٦٠٠) وشەی لەخۆ گرتبوو، کە بە زاری (ئامێدی) (واتە کرمانجی ژورو) نووسیبووی، ئەم سەرچاوەیە تاڕادەیەکی زۆر بە ئەمەکەوە لەسەر کورد نووسیویەتی..

**کوردی) سەیربکرێت. ناوبراو، پێشەنگی ئەوانەش بووە کە لە زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانیان کۆڵیوەتەوە.**[1]

**هەژی گۆتنە، بێجگەلە ناوبراو، چەندین گەڕیدە وبازرگان وڕۆژهەڵاتناس وموبەشیر وسیخوڕ وتوێژەریتری نەتەوە جیاجیاکان لە سەردەمانێکی جیادا، ڕۆڵیان گێڕاوە لە کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کورد، کە هەندێکیان بە ڕاستی هەقیان داوە بە نووسین وزانیاری ڕاست ودروست دەربارەی زمان وکەلتوور وڕەسەنی کورد. هەندێکیشیان، بێجگەلە هەڵە وبە سووك نیشاندانی کورد وتێکەڵوپێکەڵیی، شتێکی ئەوتۆیان نەنووسیوە لەسەر گەلی کورد. بەگشتی دەتوانین ناوی: (ئەگزەینەفۆن، پۆلیپیۆس، سترابۆن، تینیس لیڤیۆس، مەسعودی، تەبەری، ئیبن بەتوتە، ئیبن خەلدون، ئەولیا چەلەبی، عەبدولڕەزاقی ئەسفەهانی، دۆمینیکۆ لانزا، ڤینجێنزۆ ساپێلان، ڕیکۆڵدۆ، پێترۆ دێلاڤالی، دیلاڤیدا، ولیەم هیوود، پوژولا، تاڤێرنەر، میستەر ڕیچ، ژاك ڕێتۆرێ، ئارشاك ساڤراستیان، ڤاسیلیێڤا، باسیلی نیکیتین، مەیجەر سۆن، میللینکن، ولیەم ویکرام، ڕۆبێرت ئۆڵسن، ڤلادیمێر مینۆرسکی، کریس کۆچێرا، تۆما بوا، ئیسماعیل بێشکچی وچەندینیتر)، بخەینە ڕوو کە زۆرێك لە نووسراو وبەڵگەنامەکانیان هێشتا ماون وپارێزراون.**

---

[1] میریلا گالیتی: کەلتووری کوردی لە دانراوی ئیتالییەکاندا لە سەدەکانی (١٣– ١٩)، و: ئیدریس عەبدوڵلاّ مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی– هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٨– ل ٤٧

شتێکی ڕوون وئاشکرایە، کە زیندوویی کەلتوورێك بە هەموو ماناکانیەوە زیندوویی نەتەوەیەك یا گەلێك نیشان دەدات، یاخود پێوەرێکە بۆ شارستانیەت وپێشکەوتوویی کۆمەڵگایەك. ئەوەتا (مەکسیم گۆرکی)، * لەو بارەیەوە ئاماژە بەوە دەدات کە: " لە ڕووی بەرهەمەوە، یەکەم فەیلەسوف وشاعیر میللەت خۆیەتی، هەر ئەویش بەرهەمهێنەر وخوڵقێنەری ئەو هەموو هۆنراوە وداستانەیە کە لە کەلتووری جیهاندا هەیە." [1] واتە، ناوبراو گەورەیی ومەزنیی میللەت دەردەخات، کە ئێمە لێرەدا دەتوانین گەلی کورد وەك نموونەیەکی زیندوو وەربگرین. هەر واشبووە، هەردەم گەل داهێنەری کەلتوورەکانە وخوڵقێنەری گۆڕانکارییەکانیشە.

کۆتایی ئەم بەشەش، بە هەڵسەنگاندنێکی بیرمەند (سامۆئێل هنتنگتۆن) بۆ شارستانیەت وکەلتوور دێنین، کە پێیوایە چەمکی شارستانیەت زۆر فراوانترە وکەلتوور ومەدەنیەت لەخۆ دەگرێت،

---

* ئەلێکسی مەکسیمۆڤیچ پێشکۆڤ: (٢٨/ ئازار/ ١٨٦٨- ١٨/ حوزەیران/ ١٩٣٦ز) ناسراو بە مەکسیم گۆرکی، چیرۆکنووس وشانۆنووسێکی ڕووسییە. ساڵی ١٩١٣ز بەهۆی ڕەخنە وکارە ئەدەبییەکانییەوە لە ڕووسیا دوورخراوەتەوە، دواتر لە سەردەمی ستالیندا گەڕاوەتەوە بۆ یەکێتی سۆڤێت. ناوبراو بە یەکێك لە بەناوبانگترین نووسەرانی سۆسیالیست دادەنرێت ومایەی شانازی ئەدەبی ڕووسییە.

[1] کەرکوك (٢٩): گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە، ژمارە (١) ساڵی هەشتەم، کۆمەڵەی ڕوناکبیری وکۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك دەریدەکات، هاوینی ٢٠٠٦، ل ٢٠٩

**بەوەی یەکەمیان بەها ڕۆحیی وئەدەبیی وفەلسەفییەکانی کۆمەڵ یا نەتەوە لەخۆ دەگرێت، هەرچی دووەمیشە ئاماژەیە بۆ بەدیهێنراوە ماددییەکانی ئەو کۆمەڵگایە.[1] هەرچەندە، بیرمەندێکیتری بواری سیاسی (ویڵ دیورانت)، * ئاماژەی بەوە دابوو کە " شارستانییەت بریتییە لە سیستمێکی کۆمەڵایەتی، کە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ فرەکردنی بەرهەمە کەلتوورییەکانی".[2] هەموو ئەمانەش، مانای گەورەیی وفراوانیی دەستەواژەی کەلتوور وژیار دەگەیەنێت، کە دەکرێ لێکنزیککردنەوە ولێکچوونێك لەنێویاندا دروست ببێت...**

---

[1] د.ابراهيم قاسم درويش بالاني: صدام الحضارات لهانتنغتون- دراسة جيوبوليتيكية، مركز كردستان للدراسات الستراتيجية- السليمانية، ٢٠٠٧، ص ١٥

* ولیام جەیمس دیورانت (١٨٨٥- ١٩٨١ز): نووسەر ومێژوونووس وفەیلەسووفێکی ئەمریکییە. ناوبراو، لە گرنگترین کتێبەکانی، (مێژووی شارستانییەت)ە کە هاوسەرەکەی (ئاریاڵ دیورانت) هاوکاری بووە.

[2] ویڵ دیورانت: مێژووی شارستانێتی، و: ئازاد بەرزنجی، نەبەز کەمال نوری، دانا ئەحمەد مستەفا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٩

## تەوەری دووەم

### أ- پێناسەی ئایین

ئایین، الدين، Religion، کۆکراوەیەکی سیستەمی کەلتووریی و سیستەمی بیروباوەڕ وتێڕوانینی جیهانییە، کە پەیوەندییەك دادەمەزرێنێت لە نێوان مرۆڤ وڕۆحانییەتدا، یان لەگەڵ چەند ڕێڕەوێکی ئەخلاقیدا. زۆر لە ئایینەکان، چیرۆك وهێما ونەریت ومێژووی پیرۆزیان هەیە، کە تیایدا دەیانەوێت مانایەك بۆ ژیان ببەخشن، یاخود سەرچاوەی ژیان وگەردوون ڕوونبکەنەوە. هەڵبەت، ئایین، وەك پێویستیەك بۆ ڕێکخستنی کار وکردەوەکانی مرۆڤ، بە درێژایی مێژوو وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی یاسا لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا دادەنرێ. ئەوەی گومانی تێدا نییە، ئەوەیە کە هەر لە ڕێگەی ئایینەوە باس لە ژیانێکی ئەبەدی کراوە، وە باسی دووبارە زیندووبوونەوە وبەهەشت ودۆزەخیش کراوە. هەڵبەت، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیادا، ئاماژە بەوە دراوە کە ئایین دوو جۆرە، یەکێکیان ئاسمانیی، کە لە لایەن (خودا)وە بە ڕێگەی سروش (وحي) دابەزیوە بۆ مرۆڤەکان وەك (ئیسلام، مەسیحیەت، یەهودیەت، زەردەشتیی،...هتد). یەکەکەیتریان، زەمینیی، کە لە لایەن خودی (مرۆڤەکان) خۆیانەوە دانراوە، وەك (بوودیزم، هیندۆسیەت، ئێزدیی، ...هتد). [1]

---

[1] ئایین: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٩/ شوبات/ ٢٠١٧، ckb.wikipedia.org

مایکڵ گەنتەر، دەڵێ: "لە میانی یەکەم شەپۆلی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، لە دوای (٦٤٠)ی زایینییدا، زۆرینەی کورد ئیسلام بوون. بۆیە، ئیسلام ڕەگی قووڵی لە ناو هەموو لایەنەکانی کەلتوور وکۆمەڵی کوردەوارییدا داکوتاوە، تەنانەت کاری لە ناسنامەی نەتەوەیی کوردییش کردووە. کوردە سوننەکان، پەیڕەوی ڕێبازی سۆفێتی دەکەن، بەمەش لەو تورك وعەرەبە سوننانە جودا دەکرێنەوە کە پەیڕەوی ڕێبازی حەنەفیی دەکەن. گومانی تێدا نییە، هەردوو تەریقەتی نەقشبەندیی وقادریی، ڕۆڵی سیاسیی وئایینیی گرنگیان لە ناو کوردەوارییدا گێڕاوە. لە ڕاستیدا، نزیکەی هەموو سەرکردە سیاسییە گەورەکانی سەدەی بیستەم، وەك (شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی بەرزنجی، مەلا مستەفای بارزان ومەسعوود بارزانی کوڕی وجەلال تاڵەبانی و...هتد)، هەموویان لە سەرەتای ژیانی سیاسییاندا، قەرزاری ئەو پشتیوانییەن کە سۆفییەکان لێیانکردن. دیارە، (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریش)، لە دەسپێکی هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا هەمان ڕێبازی گرتبووەبەر. (عەبدوڵڵا ئۆجەلان) (ئاپۆی) سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستان، ڕەنگە یەکێك لەو سەرکردە دەگمەنانەبێ کە بە ڕەچەڵەك پێوەندی بە سۆفییانەوە نەبێ. خۆ تەنانەت (پ.ك.ك)، کە زۆر عەلمانییە، لە دوا ساڵانی هەشتاکاندا بنەما ئیسلامییەکانی پەیڕەوکرد ودوو دەزگای ئیسلامیی دامەزراند. یەکەمیان، یەکێتی کەسە موسڵمانەکان ودووەمیان، یەکێتی ئیمامە وڵاتپارێزەکان بوو." [١]

---

[١] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٦٠

گەر لە ڕوخساری ژیانی کورد ورد ببینەوە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئیسلام چ ڕۆڵێك دەگێڕێ. هەڵبەت، پێشتر ئەوەمان بیستبوو کە پاش بەرخودانێکی توندی کوردان لە بەرانبەر دەسەڵاتی عەرەبە موسڵمانەکان، دواجار بە ناچاریی ئایینە نوێیەکەیان پەسەند کردبوو. بێگومان، ئەم ڕازیبوونە زیاتر لە ڕابەر وسەرکردەکانیاندا ڕەنگیدابوەوە، وەك کەسایەتی (سەڵاحەدینی ئەییوبی) ومیرە مەروانییەکان وشەددادییەکان وئەوانەیتر. بەڵام، ئەو ململانێ تورکی- فارسییەی لە سەدەی شازدەدا سەریهەڵدا، ڕێخۆشکەر بوو بۆئەوەی کوردەکان بەلای سوننەدا لابدەن لە دژی شیعەکان، ودواتریش بیسەلمێنن کە ئامێرێکی گوێڕایەڵن لەبۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی سوڵتان (عەبدولحەمید)ی ئیسلامیی.[1]

شیمانەی ئەوە دەکرێ، زۆربەی کوردەکان موسڵمانی سوننەبن. دیارە، پەیوەندی کوردەکان بە ئایینی ئیسلامەوە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فتوحاتی ئیسلامیی. بەڵام، پێش ئایینی ئیسلام، چەندین ئایین لە نێو کوردەکاندا بڵاوبووەتەوە، کە دەشێت بە کورتی ئاماژە بە هەندێك لەو ئایینانە بدەین وەك:

---

[1] باسيلي نيكيتين: الكرد، ت: د. نوري طالباني، الطبعة الثالثة، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠٠٧، ص ٣٤٧

- ئایینی زرڤانیی ومیترا
- ئایینی زەردەشتیی
- ئایینی مانیی
- ئایینی مەزدەکیی
- ئایینی جوو
- ئایینی مەسیحیی [1]

دەربارەی ئایینی کوردان، ئەوە ئاشکرایە کە بەشێکی گرنگی جیهانی ئیسلامیی داگیردەکەن، هەرچەندە بە شێوەیەکی گشتی شتێکی ئەوتۆ دەربارەیان نازانرێ. بەڵام، دەکرێت گەلی کورد لە ڕووی ئایینی ئیسلامەوە وەها پۆلێن بکرێت، کە بەشێکیان لە نێو شیعەی ئێران وبەشەکەیتریان لە نێو عەلمانییەکانی تورکیا وئەوانیدی لە نێو سوننییەکانی سوریا وعێراقدا دەژین. لە ڕاستیدا، شتێکی سروشتییە گەر ئەم گەلە موسڵمانە لەچاو گەلانی موسڵمانی چواردەوریدا لە ڕووی کەلتوورەوە جیاوازیان هەبێ. جێی ئاماژەشە، سەدان گوندی مەسیحیی لە ناوچە کوردییە عێراقیی وئێرانییەکاندا هەن، کە زۆرینەیان ئاسووریین (الآثوريون) ولە ڕووی کەلتوور ودابونەریت وشێوازی جلوبەرگەوە لە کورد دەچن. ئەمانە، بێجگەلە زمانەکەی خۆیان، بە زمانی کوردیش قسان دەکەن، وێڕای پەیوەندییان لەگەڵ کورداندا. [2]

---

[1] ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی: کوردۆلۆجی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٤

[2] توما بوا: الكرد، ت: صلاح عرفان، من منشورات مركز الدراسات الكوردية (كوردولوجي)– السليمانية، ٢٠١٠، ص ١١١

## ب- ئەو خەسڵەت وبوارە کەلتوورییانەی خانەی ئایینیی لەخۆیان دەگرێت

هەرچی ئەم تەوەرەشە بوارەکانی ئایین، سرووتی ئایینیی، ئەفسانە ودابونەریتی کۆمەڵایەتی، جەژن وبۆنەی ئایینیی، بیروباوەڕی کۆمەڵگاکان دەربارەی دیاردەکان ومەسەلە باوەکان وهاوشێوەکانی لەخۆ دەگرێت. دیارە، کۆمەڵگای کوردەواریی، وەك نموونەیەکی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکان، هەردەم ئایین ودیاردەی ئایینیی وبیروباوەڕە ئایینییە باوەکان، وەك کەلتوورێك کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبووە لەسەری، یاسا وڕێسای کۆمەڵگای کوردەواریی داڕێژراوی بنەمای ئایینی وشەریعەت بووە. لەوەش زیاتر، ئایین، یەکلاکەرەوەی زۆربەی ناکۆکی وکێشە کۆمەڵایەتییەکان بووە، بۆیە لەم بەشەدا زیاتر لەسەر ئایین دەدوێین وگەنگەشە دەکەین.

هەڵبەت، پاشئەوەی ئایینی ئیسلامی پیرۆز، بۆ یەکەمجار توانی جێپێی خۆی توند بکات لە زۆربەی ناوچە کورد نشینەکاندا، ئیدی کۆمەڵگای کوردیی هێدی هێدی دەستبەرداری پەیامی ڕۆحیی زەردەشتیی ودابونەریت وکەلەپوور ودیاردە کۆمەڵایەتییە لەمێژینەکانی خۆی بوو، بەوەی سەرلەبەری پایەکان دادەڕمان وسەرلەنوێ بنیاتدەنرانەوە بە کەلتوورێکی نوێ. سەرباری ئەوەی، کۆمەڵگای کوردیی بەرگێکی نوێ کرا بە بەریدا، بۆچوونە فەلسەفییەکانیش بەشێوازێکیتر وبە فیکر وتێڕوانینێکیتر چەشە کران. لەم ڕووەوە، چەندین کەسی ناودار بەدیدەکران لە تێکڕای

**بوارەکاندا، کە هەریەکە وبەجۆرێك لە پێناو سەرخستنی پەیامی ئایینی ئیسلامی پیرۆزدا خزمەتیان پێشکەش دەکرد، ئەوەش وەك دەرکردەی ئەو واقیعە.**

**گومانی تێدا نییە، مێژوو نەبەردییەکانی کەسایەتی کورد (سەلاحەدینی ئەییوبی) تۆمار کردووە، کە چ ڕۆڵێکی بینیوە لە پاراستن وخزمەتکردنی ئایینەکەدا، ئەوەتا (کەندالْ نەزان) * کاتێك باس لە دەستپێکی هەڵمەتەکانی ناوبراو لە سەدەی (١٢)ی زایینیدا بۆ تێکشکاندنی خاچپەرستان وڕزگارکردنی شاری (ئۆرشەلیم) لە دەست ئەوان دەکات، دەڵێ دواجار موفتی گەورەی ئەو شارە سوپاسگوزاریی خۆی وجیهانی ئیسلامیی ئاڕاستەی کوردەکان وناوبراو دەکات بۆ ئەو کارەی کردبویان، سەلاحەدینیش لە وەلامدا وتبووی: "ئێمە کورد نین، بەڵکو خزمەتکاری ئیسلامین!" [١]**

**هەرچەندە، مێژووناسی گەورەی کورد (ساڵح قەفتان)، وردتر باسی ئەم بابەتەی کردووە ودەڵێ: "ئەو ڕۆژەی سوپای ئیسلام**

---

* کەندالْ نەزان: بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی کوردییە لە پاریس، لە فەرەنسا خوێندویەتی ولە بەشی فیزیکدا بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە، بەلام زۆربەی ژیانی خۆی بۆ کاروباری کوردستان تەرخان کردووە وبەرهەمی زۆری لەم بوارەدا بلاوکردووەتەوە

[١] فیلیپ کرینبروك– کریستییەن ئالیسۆن: کەلتوور وناسنامەی کورد، و: وریا ڕەحمانی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی– چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١٨

چووەتە شاری قودسەوە، قازی شام (محێدین کوڕی زەکی) خوتبەیەکی شادیی بۆ ئەو عەشاماتە داوە کە لەوێ ڕاوەستاون، لە سەرەتای خوتبەکەیدا ئەم شیعرەی فەرمووە: "الحمد لله ذلت دولة الصلب... وعز بالكورد دين المصطفى العربي" [1] بە مانای: "سوپاس بۆ خوا، دەوڵەتی خاچپەرستان سەرشۆڕ بوون... شکۆدار بوو بە کورد، ئایینی هەڵبژاردەی عەرەب."

ئەمە بێجگەلەوەی، سەلاحەدین هەستی بەوە کردبوو کە ئەم کارە هێندە ئاسان نییە، ودواجار سەردارانی ئەوروپای مەسیحیی لە هەر کاتێکدابێ هێرش دەکەنەوە سەری. هەربۆیە، ناوبراو بانگەوازی هۆز وخێڵە کوردییەکانی (گۆتیۆم) و(بۆتان) وئێزدییەکانی (شنگال-سنجار)ی کردبوو بۆ ڕێگریکردن لە هەر هێرش وپەلامارێکی دەرەکیی. هەروەها، بانگەوازی هۆزگەلی نەتەوەکانی ئەرمەنیی وئاشووریی وجۆرجیی کردبوو بۆ ئەو کارە، بێگومان تێکڕا بەدەم ئەم بانگەوازەوە چووبوون. [2] ئەوەی مەبەستە بیڵێم، کۆکردنەوەی هۆزگەل ونەتەوەگەلێك نییە لە بەرانبەر مەترسییەکی دەرەکیی، بەڵکو ئەوەیە کە لە ناو کورداندا، خزمەتکردنی ئایینی ئیسلام ببوە کەلتوور.

---

[1] ساڵح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٦٨

[2] أرشاك سافراستيان: الكرد وكردستان، ت: د. أحمد محمود الخليل، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع- دمشق، ٢٠٠٨، ص ٥٢

ئەوەی پێشتر وترا، پێشخستنی ئایینە لە پێش ناسنامەی نەتەوەیی وهەست وهۆشیاریی نەتەوەییەوە. هەردەم گەلی کورد وئایینی ئیسلامی پیرۆز، دوالیزمێکی لێکدانەبڕاو بوون. بەواتایەکیتر، هەموو کات ئایین لە نێو کۆمەڵگای کوردەوارییدا بەرجەستەبوونی تەواوی بەخۆوە بینیوە. ئایین، تێکڕای بوارەکانی داگیر کردووە، هەموو کات گەلی کورد لە خزمەتی ئاییندا بووە، پێچەوانەی نەتەوەکانی عەرەب وفارس وتورك كە لەگەڵئەوەی پەیڕەویی بنەماکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆزیان دەکرد، بەڵام دەستبەرداری کەلتوور وناسنامەی نەتەوەیی خۆشیان نەدەبوون. واتە، باڵادەستبوونی کەلتووری نەتەوەییان بەسەر کەلتووری ئایینییدا، کە لە بابەتەکانی پێشتردا ئاماژەی پێدرا.

کەوابوو، هەڵە نییە گەر بڵێین ئەوان ئایینیان کردبووە ئامڕاز بۆ گەیشتن بە ئامانجی پیرۆز کە سەروەری نەتەوەیی بووە. بەڵام دەربارەی کورد، پێچەوانەی ئەمە ڕاستە، واتە کورد ناسنامەی خۆی کردووەتە ئامڕاز بۆ خزمەتکردن وگەیشتن بە ئامانجی پیرۆز کە خزمەتکردنی ئایینەکەیە، ئەمەش داکەوتێکە مێژوو وڕووداوەکان وزانیارییەکان گەواهیی لەسەر دەدەن. هەربۆیە، ڕەنگدانەوەی ئایین بە ڕوونی لە کەلتوور وژیانی ڕۆژانە وئەدەبیاتی کوردیدا دەبینرێ. مەحاڵە، هۆنراوە وشیعری شاعیرانی کورد، داماڵراو لە سرووت وپیاهەڵدان و وەسف وزیکری ئایینی ئیسلامی پیرۆز بەدی بکرایە، بەتایبەت لەو سەردەمانەدا. هەرچەندە، ئەمەش مانای ئەوە

ناگەیەنێت کە ئەمڕۆ شیعری کوردیی لەگەڵئەوەی بوارێکی زانستیی وئایدیۆلۆژی ونەتەوەیی وڕێزمانیی نوێی بۆ ڕەخسیوە، ئیدی لە هەست وسۆزی ئایینیی داماڵراوە.

لەگەڵ ئەو هەموو کاریگەرییەی ئایینی ئیسلامدا، بەڵام ئایینە کۆنەکانی پێشتریش کە بوونیان بەدی کرابوو لە کوردستاندا، هەر لە ئایینە ئاسمانیی وسەرزەمینییەکان تا یەکتاپەرستیی ودوانەپەرستیی، تا ڕادەیەك کەموزیاد کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگای کوردیی هێشتا ماوە. لێرەدا، مەبەست لە ئایینی کریستیانی پیرۆز نییە کە پێگەیەکی تایبەتی لە کوردستاندا هەیە، بەڵکو ئایینەکانیتری وەك جوو، زەردەشتیی وئەوانیدیکەیە. بۆ مێژوو، باس لەوەش دەکرێ کە (مار ئادی) * یەکەم مژدەبەخشی مەسیحیی (مبشر) بووە، کە ساڵی (٩٩)ی زایینیی بانگی مەسیحییەتی (تعمید) بە گوێی کەسێك لە خێزانێکی هەژاری هەولێریی بە ناوی (فەقیزا– فقیذا) لە میرنشینی ئەدیابین داوە. پاش پێنج ساڵ، واتە ساڵی (١٠٤ز)، خودی ئەم کەسە هەژارەی کە ببووە مەسیحیی، وەك یەکەم ئوسقوف دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر. [١]

---

* مار ئادی: یەکێك لە حەفتا قوتابییەکەی عیسای پێغەمبەر (س. خ) بووە، کە بەرەو ڕۆژهەڵات کەوتووەتە ڕێ لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحیی پیرۆز لەو ناوچانەدا.

[١] د. فرست مرعي: تأريخ التبشير المسيحي في كردستان، من منشورات اكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر– السليمانية، ٢٠١١، ص ٦

به گەڕانەوە بۆ بابەتەکەمان، گەر سەیری خاکی بەرینی کوردستان بکەین، دەبینین دانیشتوانی هەندێك ناوچە تائێستاش پەیوەستن بە کەلتوور وبۆنە ودابونەریتی خۆیانەوە. شتێکی سەیر نییە، گەر بڵێین (کاکەیی ئەهلی هەق، ئێزدی، شەبەك، باجەلانی، سارەلی وچەند گروپێکی ئایینیی دیکە) لە ژێر کاریگەری زۆری ئایینی زەردەشتیدا بوون وزۆر توخم وپاشماوەی ئەم ئایینە کوردییە دێرینەیان پاراستووە. ئەمانە، لە ژێر کاریگەری ئایینەکانی جولەکە، مەسیحیی، مانەوییدا بوون ولەگەڵ فەلسەفەی (غولات)دا تێکەڵ بوون، دواتر شێوەیەکی تایبەتیان بەخۆوە بینیوە جیاواز لە مەزهەبە ئیسلامییەکانی دیکە...[1]

ئەم وتەیە، وەبیرهێنانەوەی وتەکانی پێشوومە، کە ئاماژەم تیادا بە کاریگەریی ئایینەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردیی. بەو مانایەی، بەپێی کات وسەردەمی جیا، تێکڕای ئایینەکان کارلێکی خۆیان هەبووە لەسەر هەڵسوکەوت وئەقڵییەتی تاکی کورد. ئەوجا، دەشێت ئەم کارتێکردنانە، وەك کەلتووری نەتەوەی کورد سەیر بکرێن. لەوەش گرنگتر، کارانەبوونی هەستی نەتەوایەتیی وپرۆژەی نەتەوەییە لە نێوماندا لەو سەردەمانەوە تا ئێستا، کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو وتەیەی کە بڵێین کورد ئایینی بەلاوە گرنگتر

[1] هـ. ئاجەریان، ڤ. مینۆرسکی، د. محەمەد موکری، ژ. هـ. کرامیرز: چەند باسێك دەربارەی ئەهلی هەق، و: نەجاتی عەبدوڵڵا ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٣– ١٤

بووە وەك لە بوون وشوناسی نەتەوەیی خۆی. بێگومان، ئەمەش یەکێکە لە نەخۆشییە هەستپێکراوەکانی کورد، کە هەردەم خۆی بە کەم زانیوە لە ئاست نەتەوە وئایین ودنیابینییە دەرەکییەکاندا، کە مشتومڕێکی زۆر هەڵدەگرێ.

جا بۆئەوەی ئەم مرۆڤە کوردییە، بوون وکەرامەت وپێگەی خۆی بۆ بگەڕێتەوە، بۆئەوەی ئەم کەلتوورە، شوناسی کوردەواریی وڕەسەنایەتیی بۆ بگەڕێتەوە، ئەوا پێویستە ڕیفۆرمێکی کەلتووریی یان شۆڕشێکی ئۆنتۆلۆژیی وفیکریی وکەلتووریی سەرتاسەریی ئەنجام بدرێ، تا بەهۆیەوە بوون وپێگە وبیرکردنەوەی تاکی کورد گۆڕانکاری تیادا دروست ببێت. واتە، کەلتوور، دەبێت لە یەککاتدا هەم جیاوازی کورد لەوانی دیکە وهەم بوون ویەکێتی کورد لە ناوخۆدا بپارێزێت. ئەم چاکسازیی وجیاکارییەش وەك کەلتوور وشوناسێك، هەم بە خۆی وە هەم بە دنیای دەرەوەی بناسێنێت، ئەمە جگەلەوەی پێداگرتن لەسەر کەلتووری کوردیی مانای هێماکردنە بۆ بوونی کورد وەك نەتەوەیەکی جودای خاوەن مێژوو وئیتنیی جیاواز.

کەلتوور، لەم دۆخەدا ڕۆڵی ئەو نیشتمانە سیاسییە پیرۆزە دەبینێت کە لە واقیعدا وەك (یەکەیەکی سیاسیی) نە بوونی هەیە نە دانی پیادا نراوە. بەمانای، لە دۆخی کوردییدا، کەلتوور بە تەنها ئامارژەیەك نییە بۆ خەسڵەتگەلی دانیشتوانی نیشتمان، بەڵکو لێرەدا کەلتوور خۆی ڕۆڵی نیشتمان دەبینێت وئەو سەرزەمینە گشتییەشە

که دەبێتە سەرچاوەی بژێوی وشوناس. بە واتای، کەلتوور ئامادەبوونی ماددی ومەعنەوی کۆمەڵگایە. [1] یاخود، دەکرێ بڵێین کەلتوور دەبێتە سەرخان وژێرخانی نیشتمان. پاشان، ئەگەر ئایین وبیروباوەڕ سەرخان ولایەنی مەعنەوی کەلتوور نیشان بدەن و وەکی (بێنەدیکت ئەندرسۆن) دەڵێ، ئایین جۆرێك لە ناسیۆنالیزم دروستبکات، [2] کەوابێ، کەلتوور دەبێتە هەڵگری تۆوی ئایینزایەکی نوێ کە نەتەوەخوازییە. ئەوجا، دوایئەوەی ناسیۆنالیزم وەکی باوەڕ وئایین ڕەچاودەکرێ، ئیدی بەرەنگاری هەموو یاساکانی دیاردە سروشتییەکان دەبێتەوە ولە ڕێی پەخشکردنی پڕوپاگەندەوە بۆ خۆی، دەتوانێت مەزنترین هێز وئەوپەڕی جۆش وخرۆش وهاندان وزۆرترین تەشەنەسەندن بەدەست بهێنێ. [3] وەلێ، لەبەرئەوەی کە کورد دەوڵەتی نییە، بۆیە تاکە ئەڵتەرناتیڤێك کە بۆ بەرهەمهێنان

---

[1] عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، هەمان سەر چاوەی پێشوو، ل ٩

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: یەکتاپەرستانی دەرزی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی– سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٢٢٤

[3] بويد شيفر: القومية، ت: د. جعفر خصباك، عدنان الحميري، دار مكتبة الحياة– بيروت، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر– بغداد، نيويورك، ١٩٦٦، ص ٣٥٤

**وپاراستنی شوناسی نەتەوەیی مابێتەوە، خودی کەلتووری کوردیی خۆیەتی.**[1]

**لێرەوە، دەردەکەوێت کە تاکە هۆکارێکی ئەکتیڤ بۆ چاکسازیی ورەخنەی کەلەپووری کوردیی وخستنەڕووی شوناس وگۆڕینی ئەقڵییەت وهەڵسوکەوتی تاکی کورد لەمڕۆدا تەنها کەلتوورە. واتە، کەلتوور، ئایینزایەکی نویێ وتەواوکەری پرۆژەی ناسیۆنالیزم وسەلمێنەری ناسنامەی نەتەوەییمانە. ئەوەتا، کۆمەڵگا ئەوروپییەکان، لە ئێستادا شانازی بە کەلتووری خۆیانەوە دەکەن وهەردەم نمایشی دەکەن. جێی باسە، کوردەکانی هەندەران، ئەو ڕاستییە باش دەزانن کە چەندە تاکێکی بیانی پابەندی کەلتووری خۆیەتی.**

**ڕاستە، ئێستاکە سەردەمی دوای شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩)ی زایینی نییە، کە نەتەوە ونەتەوەپەرستیی لە ئەوروپای خۆرئاوادا لە ترۆپکدا بێت. بەڵام، دەکرێت بڵێین کەلتووری گەلانی ئەمڕۆ، شوێنی چەمکی نەتەوە ونەتەوەپەرستیی دوێنێی گرتووەتەوە، بە شێوەیەکی ئەرێنیی. هەربۆیە، زۆر لەو کوردانەی لەم دوایییەدا بە پانتۆڵی کاوبۆی وبەرگی خۆرئاوایییەوە لە کوردستانەوە ڕوویانکردە تاراوگە، دواجار لەویێ ولە بۆنەکاندا وەك کوردێك بە شانازییەوە وبە جلوبەرگی کوردییەوە خۆیان نمایش دەکرد. ئەمەش، ڕاستی ئەو**

---

[1] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر (کورد لە دیاسپۆرا)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٧– ٩٨

**قسەیە دەسەلمێنێت، کە ئەمڕۆ کەلتوور لە جیهاندا چەندە بالأدەستە وە چ کاریگەرییەکی لەسەر زۆربەی گەلان هەیە. وەك ئاشکرایە، (مەکدۆناڵدز) سەرباری ئەوەی تەنها زنجیرە خواردنێکی خێرایە لەسەر ئاستی جیهان،[١] بەڵام لە هەمان کاتدا مانای بالأدەستیی وسومبولی کەلتووری ئەمریکییمان نیشان دەدات. کەواتە، چەمکی جیهانگیری (عولمة) لە سەردەمی جیهانگیرییدا، گەورەترین هاندەر وتەختی شانۆی ئەو کەلتوورە جیهانگیرەیە کە ئێستا لە ئارادایە.**

**هەروا بووە، کۆمەڵگا هەردەم گۆڕان وچاکسازی بەخۆوە بینیوە، گۆڕانکاریش مانای تازەگەریی، مانای سەرلەنوێ دروستبوونەوە، مانای ژیان. سەردەمانێکیش، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە دووتوێی سەردەمێکی مۆدێرندا فەراهەم ببوو، ناودەبرا بە ڕۆشنگەریی.[٢] ئێستاش، جارێکیتر گۆڕانکاریی لە دووتوێی سەردەمێکی هاوچەرخدا ڕوودەداتەوە، کە بە جیهانگیریی ناودەبرێ. وەلێ، ئەو نەتەوەخوازییە دەمارگیرە پەڕگیرەی سەردەمی مۆدێرنەش، ئەمڕۆکە لە سەردەمی گلۆبالیزەدا لە بەرگێکی ئاڵ و والأ وڕۆشنی جواندا کە ناوی کەلتوورە، دووبارە بە شێوەیەکی گشتگیر ودڵخواز خۆی نمایش دەکات.**

---

[١] مەکدۆناڵدز: وتار، ویکیپیدیا، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادەوە، **٢٣**/ شوبات/ ٢٠١٨، ckb.wikipedia.org

[٢] جۆن ئێم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەریی، و: محمد وەلی کاکایی وجیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم، لە بلاۆکراوەکانی خانەی چاپ وبلاۆکردنەوەی چوارچرا- سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٧

هەڵبەت، بۆ گەلی کوردیش گۆڕانکاری مانای وەلاتانی کۆن وهەنگاونان بەرەو پێش وبەرەو مەدەنییەت وبەرەو گەیشتن بە دەوڵەتە. بێگومان، بە تێگەیشتنی (هیگڵ)یش، کۆمەڵگای بێگۆڕانکاریی مانای چەقبەستوویی مانای گەندەڵی مانای پووکانەوە مانای مردنی دەبەخشی. ناوبراو، پێیوابوو جیهان لە پەرەسەندنێکی هەمیشەیی وگۆڕانێکی دینامیکیی بەردەوامدایە، ئەمەش مەرجێکی گرنگ وبگرە پێویستیشە بۆ ڕێگەگرتن لە چەقبەستن ونەبزۆکیی. [1] هەربۆیە، لەمڕۆدا کەلتوور تەختی شانۆکەی داگیرکردووە، هەروەك چۆن دوێنێ ناسیۆنالیزم داگیری کردبوو. بەلاَم، ئەوەی لێرەدا مەبەستە، دوای گۆڕانکارییە کە دەبێت ئەنجامەکانی بە باشی پێکابێت، وچیتر ڕاسیزم ودۆگماتیزم وپەڕگیریی دووبارە نەبێتەوە، لە سەردەمێکدا کە لێکبوردەیی وڕایگشتی ودیمۆکراسی لە برەودایە. هەرچەندە، ڕووداوەکانی ئەم سەردەمەی گلۆباڵیزە، هێشتا ئەوەندە دڵخۆشکەر وهاندەر نین، هەر هیچ نەبێ لەمەڕ ئێمەی کورد.

کەوابوو، کورد پێویستی بە گۆڕانێکە، کەلتوور وگوتاری نەتەوەیی خۆیی تێدا یەکبخات، بۆئەوەی کەلتوورێکی ناسیۆنالیزمیی بەرهەم بهێنێت، کە دواتر ببێتە ئایینێکی نوێ وهەوێن وزەمینەسازیی بۆ

---

[1] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٣٥٦

**ئەو دەوڵەتەی چاوەڕوانیەتی، نەك كەلتووری خۆی لەدەستبدات ولە بۆتەی كەلتوورێكیتردا بتوێتەوە یان خۆی پارچەپارچە بكات وكەلێنێكی گەورە دروست بكات، كە دەرەنجامەكەی هاتنەئارای دەستەواژەی من وتۆ ویەكتر قبوڵنەكردن لە نێوخۆدابێ، كە بە ماڵوێرانیی گەلی كورد كۆتایی بێت.**

**ئێستا، دەكرێت بپرسین ئایا ئەوە كێیە كە هەڵدەستێ بەم هەموو گۆڕانكاریی وكارە گرنگەی خوازیارین؟ ئەو قارەمانە، كێیە كە توانای ڕیفۆرم ورەخنەگرتن ویەكڕیزیی ویەكخستنی كورد وبەدیهێنانی كەلتوورێكی ڕەسەنی كوردیی هەیە؟ بێگومان، ئەوە ئەقڵە، كە بێ ترس وبێ سانسۆر توانای ئەنجامدانی كارگەلێكی وەها گرنگ وچارەنووسسازی هەیە. واتە، پێش هەر هەنگاوێكی مرۆیی، پێویستە ئاوەزی تاكی كورد ئامادەبێ بۆ گرتنەخۆی (تبنّي) بیرۆكەیەكی ڕاشناڵیزمی (عقلاني) لەو جۆرە. وەلێ، گرتنەبەری كارێكی گرنگی لەو جۆرەش، هاوكاریی ویست (ارادة)ی دەوێت بەبێ پرنگانەوە.**

**بە كوردیی وبە كورتیی، پێویستە مرۆڤی كورد (كانت) وتەنی، بوێربێ وئیرادەیەكی وەهای بۆ دروستببێ كە بتوانێ ئەقڵی خۆی ئازادانە بەكاربهێنێ،[1] لەپێناو لەبێژنگدانی مێژووی لێڵ وخوڵقاندنی گۆڕان وشوناسێكی نوێ وڕیفۆرم وگەڕاندنەوەی بەها وڕەسەنایەتیی**

[1] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام ورۆشنگەری، لە بلاوكراوەكانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێكۆڵینەوەی كوردی، ئەمستردام- بەهاری ٢٠٠٢، ل ٣٢١

**بۆ کەلتووری لەمێژینەی. لەبەرئەوەی، سەردەمانێکە ئاوەزی تاکی کورد، دیل ویەخسیری تەعریب وتەتریك وتەفریس وگەوجاندن وخۆبەکەمزانیی وئەفسانە وپڕوپووچ ودنیای ئەودیو سروشت و واقعییەتە. بێگومان، دووبارەی دەکەمەوە کە سەرخستنی کارێکی ئەقلأنی وەها، لە ڕوانگەی وتەزاکەی (کانت)ەوە دەبیٚ کە وتبووی:"بوێربە، بتوانە ئەقڵی خۆت سەربەخۆ بەکاربهێنی." [١] کەواتە، یەکەم هەنگاو بوێرییە، دووەم هەنگاو ئیرادەیە، سێیەم هەنگاو ئەقلأنییەتە، چوارەمیش سەربەخۆییە. هەرزەگۆییمە، بەلأم مرۆڤی کورد لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە خاوەنی کامیانە؟ کەواتە، دەبیٚ لە ڕێی ئیرادەوە، ڕوو لە ئاوەز بنێین وداوای هەستان بە ئەرکێکی ئاوەزمەندانەی گرنگی وەهای لێبکەین. وەلیٚ، ئەوەش دەبێتە کارێکی ناوەکی (باطني) کە لە ڕووی ئایینە نوێکەی باسمانکرد، تەقوایە.**

**هەر لەم ڕووەوە، مەوعیزەی فەیلەسووفێکی وەك هیگڵیش، ئەوە بووە کە: "ئامانجی ئەقلأنیی مرۆڤ، ئەوەیە کە لە دەوڵەتێکدا بژی. خۆ ئەگەر، مرۆڤ دەوڵەتی دەستنەکەوێت، ئەوا ئەقلٚ ناچار دەبێت هەر زوو ئەو دەوڵەتە لە مێشکی خۆیدا دابمەزرێنیٚ." [٢] هەرچەندە، قسە وباس لەسەر کەلتوورە، بەلأم مەبەستمە بڵێم لەبەرئەوەی**

---

[١] سمير بلكيف: مقال، ماذا يعني ان يكون الانسان مواطنا؟، موقع الحوار، ٢٠١٦، elhiwardz.com

[٢] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، لە بلأوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) – سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٧٦

دەوڵەتمان نییە، بۆیە ئەقڵی ناوەکییمان ناچاردەبێ هەر زوو وێنای نیشتمان وکەلتوورێکی نەتەوەیی بکات، کە دواجار ببێتە لانك وهەوێنی دەوڵەتێکی کوردیی، کە ئەمەش دوایین ئامانجی ئەقلأنیی تاکی کوردە. بێشك، لەو بڕوایەدام زۆرینەی تاکی کورد، نەك کەلتوور بگرە ئەو دەوڵەتە کوردییەشی لە هزر ومێشکی خۆیدا دامەزراندووە. بەلأم، داخەکەم ئیرادەیەکی یەکانگیر نییە بۆ بەرجەستەکردن وبەواقیعیکردن وهێنانەدی ئەو خەون وئاواتە.

هیگڵ پێیوابوو، بگرە جەختیشی لەسەر ئەوە دەکرد، کە کۆمەڵگاکان بەپێی پرەنسیپی دیالێکتیك، دەبێت هەردەم گۆڕانکارییان تیادا ڕووبدات بۆئەوەی بژین (پێشتر ئامارژەی پێدرا). بە بڕوای ئەو، هەموو گۆڕانێك دەرەنجامی دژبوونە لە نێوان دۆخە هاودژ وکۆدژەکاندا، کە وێنەیەکی نوێی لێدەکەوێتەوە بۆ دۆخێکی نویێ کە بالأترە لە دۆخەکانی پێشوو، [1] وەڵێ ئەمەش بەردەوامیی بە ژیانی کۆمەڵگاکە دەدات. جا لەبەرئەوە، کۆمەڵگا مرۆییەکان بۆئەوەی ئەکتیڤبن، دەبێت جۆرێك لە ململانێی فیکریی وزانستیی وئایدیۆلۆژی و... هتد بەخۆوە ببینن، ئەوەش گەورەترین فاکتەر دەبێت لەبۆ دروستبوونی کارلێکی دژەکان. وەڵێ، دواجار ولە ئەنجامی ئەم ململانێ وکارلێکانەشدا، کۆمەڵ بوونی خۆی بە

[1] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٥٥

باشترین شێوە دەدۆزێتەوە. دەشێت بڵێین، ئەم یاسای گۆڕانە، گەر لەسەر ئەرزی واقیعیش ڕوونەدات، خۆ هەر هیچ نەبێ دەکرێ لە مێشك وزەینماندا وێنای بکەین، تا هەردەم بە خولیای کەلتوورێکی نەتەوەیی بۆ دەوڵەتێکی کوردیی بژین.

دوایئەوەی تاکەکان بارگاوی بوون بە هزر وباوەڕێکی نوێ، ولە ئاست یەکتردا ئەو ڕاستییەیان درك پێکرد، دەکرێت جۆرێك لە چاکسازیی ونوێبوونەوە ونزیکبوونەوە ولێکتێگەیشتن وهاوبەرژەوەندی نەتەوەیی بێتەگۆڕێ. واتە، ئەوەی چەندین ساڵە حزبەکان کار لەسەر تۆراندن ودوورخستنەوەی تاك وچینەکانی کۆمەڵ دەکەن وشێوەیەکی ناشرینی دەسەڵاتی کوردیی بە کردار نمایش دەکەن، بە پێچەوانەوە کەلتووری نوێی نەتەوەخوازیی، بە تیۆر یەکیان دەخاتەوە ویەکبوون وئاشتەوایی دروست دەکات. بەڵام، ئەم کارە پێویستی بە بڕوابوونێکی تەواوی خود وئاوەز هەیە تا ئاستی بەئایدیۆلۆژیبوون. واتە، چ خودی خۆمان، چ خودی ئەقڵمان، دەبێت تا ئەوپەڕی بڕوابوون بڕوا بە بیرۆکە وتێڕوانینێکی وەها بهێنین، لەپێناو سەرخستنی ئەو کەلتوورەی بڕوامان پێیەتی ودەمانەوێت لەدایکبێ. گەرچی ئاماژەم بە ئایدیۆلۆژیبووندا، بەڵام ئەم ڕیفۆرم وگۆڕانکارییە ڕادیکاڵەی کەلتووری ئاییندەی کورد تێکەڵ بە بیرکردنەوەیەکی ئەندێشەئاسای ئاوەزی مرۆڤی کورد، دەبێت بە پلان ولەسەرخۆ وقۆناغ بە قۆناغبێ، نەك بە بیری شۆڕشگێڕانە وکتوپڕ، وەکی ئایدیۆلۆژیا وبیروبۆچوونی کۆمۆنیزمیی.

**لێرەوە، بیروبۆچونەکان لەبارەی کەلتوورێکی نوێ * بە شێوەیەکی ئازادانە وتازەبابەت لە نێو خود وهزرماندا چەکەرە دەکەن. واتە، ژیانەوەی ئایدیۆلۆژیای نەتەوەخوازیی لە نێو کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی سەردەمییانە، کە دەکرێت خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگای کوردەواری بکات. پاشئەوەی، فیکری نەتەوەخوازیی (واتە کەلتووری نوێ) هێدی هێدی لەناو بیری کۆمەڵگادا بەرجەستەبوو، ئیدی کۆی لایەنەکانی کۆمەڵ دەبێت هەوڵی بەدیهێنانی پرۆژەیەکی گەورەتر وگشتگیر بدەن کە پرۆژەی نەتەوەییە، بەوەی تێکڕای بوارەکانی ژیان بگرێتەوە وکار لەسەر بەرهەمهێنانی کەسی ناسیۆنالیستی نوێ وپرۆژەی ناسیۆنالیزم بکات. دیارە، هەتا ناسیۆنالیزم وەکو فەلسەفە وئایدیۆلۆژیا دەرنەکەوێت، ناسیۆنالیست هەر وەکو بکەرێکی ناکردە یان لاواز دەردەکەوێت.[1] لێرەدا، ئەو کەلتوورە هزرییە گرنگی خۆی دەسەلمێنێت وتەواوکەری خود دەبێت، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا. بە مانای، کەلتوور، خۆی دەبێتە ناسنامە ولەگەڵ ناسیۆنالیزمدا هاوتەریب دەبێت.**

---

* کاتێك باس لە کەلتوور دەکەین، بێگومان تێکڕای دابونەریت وهونەری باو ولاوژە وفۆلکلۆر وئایین وئەفسانە وتەواوی سەرخانی باوی کۆمەڵ لەخۆدەگرێت. بەڵام لێرەدا کە باس لە کەلتووری نوێ دەکەم، مەبەستم لە کەلتوورێکە کە تەنها هەستی نەتەوایەتیی بەسەریدا زاڵبێ وببێتە خوانی سەر سفرەی گشت تاك وخێزانێکی ئەم میللەتە، نەك کەلتوور بەگشتی.

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٥

**دەوترێت: (ناسیۆنالیزم ئەقڵگەراییە)، [1] ئەمە سەرباری ئەوەی ناسیۆنالیزم لەدایکبوونەوەی نەتەوەیەکیشە، بەوەی بنچینەی وشەی ناسیۆنالیزم (nationalism) دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگی (nascor)ی لاتینی، [2] کە مانای "من هەم، من هاتوومە دنیاوە، من لەدایکبووم" [3] دەبەخشێت. بێگومان، کاتێك مرۆڤ بەم چەشنە توانی خۆی بناسێتەوە، مانای وایە جارێکیدی لەدایکبووەتەوە وتوانیویەتی خۆی لە نەتەوەکانیتر جیابکاتەوە. لە هەمان کاتدا، دەشتوانێت سنووری جوگرافیی وڕۆحیی خۆی دیاری بکات. چونکە، ئەو نەتەوەیە، لە دۆخی سۆزی نەتەوایەتییەوە ئیدی هەنگاودەنێ بۆ ئەقلانیەتی نەتەوایەتیی. [4] جێی باسە، دەرکەوتنی پرۆژەی ناسیۆنالیزم لە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆییدا، بەرهەمی قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی کۆمەلأیەتی وئابووریی وکەلتووریی وفەرهەنگیی خودی ئەو کۆمەڵگایەیە. گەر بە زمانێکی**

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلأوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٦١

[2] ناسیۆنالیزم: وتار، ویکیپیدیا، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادەوە، ٢/ تشرینی یەکەم/ ٢٠١٨، ckb.wikipedia.org

[3] د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر- بيروت، لبنان، ١٩٩٤، ص ٢٣٠

[4] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کامڵنەبوونی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١

**پاراوتر قسان بکەین، دەتوانین بڵێین: "ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدێرنیتەیە." [1]**

**لەم کاتەدا، دەتوانین بڵێین ئێمەی کورد (هەر هیچ نەبێ لە ڕووی هزر وشێوازی بیرکردنەوەوە) پێمان ناوەتە سەردەمی تازەگەراییەوە یان بیر وتێڕامانی مۆدێرنانەوە، ولە قۆناغی بەشارستانیبووندایین. واتە، ئێمەی کورد، توانیومانە بە ئیرادە وهزری خۆمان مێژوو وشارستانییەتی خۆمان دروست بکەین، یان باشتر وایە بڵێین نوێ بکەینەوە. دیارە، ئەمەش وتەزاکەی هیگڵمان وەبیردێنێتەوە، کاتێك وتبووی: "مرۆڤ، خۆی ژیار وشارستانییەتەکەی خۆی دروست دەکات." [2] یاخود، کاتێك مارکس وتبووی: "ئەم مرۆڤە، لە ژێر کارتێکردنی دەوروبەر وڕەتکردنەوەی ڕابردوودا، مێژوو بۆ خۆی دادەهێنێ." [3] واتە، ئەم مرۆڤە کوردە، لە ژێر کارتێکردنی دەوروبەر وبە پشتبەستن بە هزر وئیرادەی خۆی وبە تێڕامان لە کەلتووری کۆن ولەسەر داروپەردووی مێژووی تاڵ ودابونەریت وخورافیات وئەفسانە وئایین وکەلەپووری کۆن کە سەرجەمیان سەرخانی**

---

[1] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٥

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گورون، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٣٠٣

[3] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی سارتەر، خوێندنەوەیەکی نوێ، زانکۆی ماڵبۆرن- ماڵبۆرن، ئوستراليا، ٢٠٠٢، ل ٦٣

کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەوارین، شارستانییەت وتازەگەریی وشوناس وئایین وکەلتوور ومێژوویەکی نوێ بۆ خۆی فەراهەم دەکات، کە لێوانلێوە لە بالآیی وشانازیی وشکۆمەندیی وتازەگەریی.

بەلاَم، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە گوایە ئێمە تەواوی دیاردە وخەسڵەتەکان بەتایبەت ئایینمان فەرامۆش کردووە، وکەلتوور وکەلەپووری پێشوومان لەگۆڕناوە وئیدی بیرکردنەوە وکەلتوورێکی نوێ شەنوکەو دەکەین، وبووینەتە گەلێکی نەتەوەپەرستی داماڵراو لە هەر هەست وسۆزێکی ئایینیی دیار. بەڵکو، لە خۆڵەمێشی دنیابینی وکەلتووری کۆنەوە، دووبارە کەلتوورێکی نوێ وتێڕوانینێکی نوێ بونیاد دەنێینەوە، نەك سەرلەبەری بیروبۆچوون ودنیابینیی کۆن بە چاوتروکاندنێك لەگۆڕنێین کە کارێکی مەحاڵە. ئەدی ئەوە هەر هیگڵ بوو کە دەیگوت: "هەموو فیکرێکی فەلسەفیی، ئاگامەندی سەردەم وچاخی خۆیەتی." [1] واتە، ئەم پرۆژە زەینییە هۆشەکییە ئاگامەندە، بە لەبەرچاوگرتنی واقیع وئەقڵییەتی کۆنەپارێزیی وکەلتووری کۆنی گەلی کورد، دنیابینیی وتێفکرین وچاکسازی وهزرگەلێکی نوێ لە مێشکێکی نوێ ولە سەردەمێکی نوێدا دەستەبەر دەکات.

---

[1] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون– سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٦٢٧

هەژیی گۆتنە، ئا لەم سەردەمە نوێیەدا کۆمەڵگا مرۆییە پێشکەوتووەکان، ڕێز لە تەواوی جیاوازییەکان دەگرن وبە شێوەیەکی عەلمانییش پێگەی ئایین پیرۆز ڕادەگرن دوور لە دەستێوەردانی کاروباری دەوڵەت، ئەمەیە چییەتی عەلمانییەت. چونکە، ئەوان گوڵەوەچنەی بەرهەمی دوای ڕیفۆرمی ئایینیی دەکەن. هەڵبەت، ئەنجامەکانی بزوتنەوەی ڕیفۆرمی ئایینیی، هەموو دیاردە وکون وقوژبن وکەلەبەرێکی ژیانی کۆمەڵگای جیهانی کاتۆلیکیی لە ئەوروپا گرتەوە. سەرەنجام، بووە ڕێخۆشکەری سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێی ژیان، کە تەواوی جیهانی مەسیحیی گرتەوە. یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەم بزوتنەوەیە، بریتی بوو لەوەی زەمینەسازیی بۆ دەرکەوتنی گەلێك سیما وخەسڵەتی سیاسی وکۆمەلأیەتی سەردەمی ناسیۆنالیزم بکات. وەلیٚ، پێبەپێی تێکشکاندنی چەمکی ڕەها وگشتگیری کلێسای کاتۆلیکیی ودامەزراندنی کلێسای نیشتمانیی، ئەم بزوتنەوەیە ڕۆڵێکی بەرچاویشی هەبووە لە بەهێزکردنی هۆشیاری نەتەوەیی وئەفراندنی قەوارەی دەوڵەتی نەتەوەیی. [١]

کەواتە، هەرچەندە ئایین بۆ کۆمەڵگا پێویستە، بەلأم میتۆدی ڕەخنەیی وبەراوردکارییش بۆ شرۆڤەکردنی ئەو ئایینە زۆر

[١] د. سامان حوسێن ئەحمەد: ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئایینی لە ئەوروپا، چاپی سێیەم، لە بلأوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنگەریی چاودێر، چاپخانەی خانی- دهۆك، ٢٠١٧، ل ٢٧٢

پێویستە. یاخود دەکرێ بڵێین، لێکۆڵینەوەی مێژوویی– ڕەخنەیی بۆ کەلەپوور وترادسیۆنی ئایینیی زۆر پێویستە. [1] هەربۆیە دەوترێ: "ڕەخنەگرتن لە ئایین، بنەمایە بۆ هەموو جۆرێکی ڕەخنە." [2] بەلأم، ئەگەر خودی مرۆڤەکان پێکهاتبن لە جەستە وڕۆح، کەواتە بۆ ئاسوودەیی ڕۆحیان، پێویستیان بە هەست وسۆزی ئایینیی هەیە. بەمانای، دەشێت کەلەپووری ئایین نوێبکرێتەوە ودەقەکان شرۆڤە بکرێن، بەلأم ئەستەمە مرۆڤەکان بەبێ ئایین هەڵبکەن.

هەڵبەت، لە نێوکۆ وژیانی کۆمەڵگای کوردەوارییدا، ئایین گرنگترین ڕۆڵ دەگێڕێ. کەواتە، دەکرێ بە پشتبەستن بە ئایینی ئیسلامی پیرۆز، شوناس وگڕ وتینێکی نوێ بدرێ بە کەلتوورە نوێیەکە. یان بە واتایەکیتر، پیرۆزییەك بدرێت بەو خولیایەی لە مێشکماندایە. هەڵبەت، ئەوەش کارێکی مەحاڵ نییە، هەروەك (بێنەدێکت ئەندرسۆن) کە دەیگوت: "ئایین، دەتوانێت جۆرێك لە ناسیۆنالیزم دروستبکات." [3] واتە، دەکرێ ئەو بیرۆکە هزرییە، جۆرێك لە پیرۆزیی پێببەخشرێ، یان بیروباوەڕی ئایینیمان مۆرکێکی نەتەوەیی تایبەت بە کۆمەڵگای کوردەواریی وەربگرێ، هاوشێوەی گەلانی عەرەب وفارس وتورك، کە

---

[1] محمد ئارکۆن: ئایین، عەلمانییەت، فێندەمێنتالێزم، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٢٩

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٧

[3] ئازاد تۆفیق خەیات: یەکتاپەرستانی دەرزی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٤

**هەردەم توانیویانە سوود لە ئایین وەربگرن ولە خزمەت بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیاندا بەگەڕیبخەن. سەرباری ئەوەی، پێویستە ئەو بیرۆکە هزرییە پیرۆزەی نێو مێشکمان کە باسی دەکەین، کار لەسەر یەکڕیزییمان بکات. ئەوەش، بە پشتبەستن بە وتەزاکەی بیرمەند (ئێرنست ڕێنان)، کە وتبووی: "گەر ئایینەکان مرۆڤەکان لێکجیابکەنەوە، ئەوا ئەقڵ کۆیاندەکاتەوە، چونکە تەنها یەك ئەقڵ بوونی هەیە." [١] واتە، پێویستە یەك ئەقڵی کوردەواری هەڵگری یەك کەلتووری پیرۆزی کوردەواری، کار لەسەر یەکڕیزیی ئێمەی کورد بکات.**

**کەواتە، ئەم خولیا وتێڕوانین وبیرکردنەوە نوێیەی کە بە پێویستی دەزانین، وەك ڕیفۆرمێك زادەی سەردەمەکەی خۆیەتی بێ کەم وزیاد. واتە، واقیعی تازەی گەلی کورد پشتبەستوو بە سەردەمی جیهانگیریی، ئەوەیە کە ناسنامەی کەلتووریی خۆی نمایش بکات، یان هەر هیچ نەبێ لە خەیاڵدانی خۆیدا جێگیری بکات، کە ئەمەش دیاردە وخەسڵەتێکی دیاری سەردەمی عەولەمەیە. بێگومان، خستنەڕووی کەلتووری نەتەوەیی، مانای نمایشی جلوبەرگ وفۆلکلۆر وزمان وشوناسی کوردییمانە، کە دەکرێت وەك پرۆژەیەکی نەتەوەیی لە هەست ونەستماندا وێنای بکەین. ئەمەش، پوختەی مەبەستی منە کە**

---

[١] هاشم صالح: الانسداد التأريخي، الطبعة الاولى، دار الساقي– بيروت، لبنان، ٢٠٠٧، ص ١٥٠

دەمەویێت بیخەمە بەر دیدەی خوێنەری کورد. هەربۆیە، دووبارەی دەکەمەوە کە ئەم وتانەم وئەم پرۆژە هزریی وفەلسەفییە، قسەی من نییە بەڵکو زادەی سەردەمی نوێیە ولە منداڵدانی (عولمة) گلۆباڵیزەوە داکەوتووە. هەروەك هیگڵ، کە هەردەم دەیگوت: "فەلسەفە، کچی شەرعیی سەردەمی خۆیەتی." [1] واتە، چ ناسنامەی کەلتووریی چ کەلتووری نەتەوەیی چ قسەکانی من، بەپێی ئەم پرەنسیپە دەڕۆن بەرێوە وفیکر وکچی شەرعیی وهەڵقولاوی ئەم سەردەمە نوێیەن، کە لەبری هەستی نەتەوایەتیی وناسیۆنالیزم ودەوڵەتی نەتەوەیی، کەلتووری نەتەوەیی ڕۆڵ دەگێڕێ.

بیرمەندان، مکووڕن لەسەر ئەوەی سەربەخۆیی باوەڕ وسەربەستیی فیکر، لە ئێستادا یەکێکن لەو پرەنسیپگەلە گرنگانەی لە ئایدیای لیبراڵییدا بایەخێکی تایبەتییان هەیە وکاریان لەسەرکراوە. دیارە، ئەم سەربەستیی فیکرە، وایکردووە کە ببێتە سیما وخەسڵەتی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی ومایەی سەرنج وسەرسامیی زۆرینەی نەتەوە وناوچەکانی جیهان. بێگومان، بەها ونرخی ئەم ئازادییەش، وایکردووە ڕۆشنبیری کوردیش لە هەوڵی ئاشنابوون وشارەزاییدابێت لە بارەی کەلتووری ڕۆژئاواییەوە، لە ڕێگەی خوێندنەوە وڕاگواستنی وتار ونووسینەکانی

---

[1] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٩

**بیریار وفەیلەسوفانی بیری لیبراڵیی، کە زەمینەسازیی بۆ داڕشتنەوەی ئەم ئایدیایە دەکەن..**[1]

**ئەم ئاماژەپێکردنەی پێشوو، گرنگیی سەربەخۆیی فیکر وئازادیی ڕادەربڕین ورەخنەگرتن وبالادەستیی ئەقڵ دەردەخات، کە بە یەکێك لە تۆکمەترین پایەکانی دیموکراسی و واقیعی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی ئەمڕۆ لە قەڵەم دەدرێت. بە مانای، تێڕامان وبیرکردنەوە وباوەڕبوونێکی سەربەستانە بە کەلتوورێکی وەها، یەکێك دەبێت لەو پرەنسیپە ئەقلانییە گرنگانەی لە ئایدیای نەتەوەخوازییماندا بایەخێکی چارەنووسسازی واقیعیی دەبێ. هەڵبەت، ئەم فەلسەفەیەش لەوەوە ڕێچکە دەگرێ، کە دەڵێت: "ئەوەی ئەقلانییە واقیعییە، ئەوەشی واقیعییە ئەقلانییە."**[2] **واتە، ئەو بیرکردنەوەیەی ئێمە ئەقلانییە لەبەرئەوەی واقیعییە، یاخود ڕەنگدانەوەی واقیعی نوێی گەلەکەمانە. ئەمەش، بە گەڕانەوەمان بۆ ئەو وتەزایەی کە**

---

[1] هیوا عەزیز سەعید: ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشووری کوردستان (١٩٠٠- ١٩٥٨)، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبلاوکردنەوە، چاپخانەی یاد- سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٢٣١

[2] لین و. لینکستەر: خواوەندەکانی هزری سیاسی، و: کامەران محەمەد پوور، چاپی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی چاپخانەی ڕۆژهەلات، چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٢٧

**دەڵێ: "دەبێ واقیع بەئەقڵانیی بکرێت." [1] واتە، چیتر نابێت گەلێکی وەك ئێمە ڕەمەکیی ژیان بگوزەرێنێ دوور لە واقیع، بەڵکو دەبێ بە ئەقڵ بزانێ بۆ دروستبووە؟ بۆ دەژی؟ بۆ دەوڵەتی نییە؟ بۆچی لە مێژوودا هەردەم پەراوێز خراوە؟ بۆچی واقیعی ئەم گەلە ستەمدیدەیە لەبەرچاو ناگیرێ؟ هەڵبەت، کارگەلێکی وەهاش، پێویستی بە شرۆڤە وبیرکردنەوەیەکی ئەقڵانیی واقیعیی هەیە، بۆ دەربازبوون لە دۆخێکی وەها وگەیشتن بە سەرفرازیی سەرتاسەریی. هەموو ئەمەش، هەر لە بیرکردنەوە ولە وێناکردن ولە تێڕامان وتێفکرینی ئاوەزمەندانە، بە ئەقڵ دەکرێ. لەبەرئەوەی: "ئەقڵ سەروەری جیهانە." [2]**

---

[1] د. حسەین بەشیریە: مارکسیزمی فەلسەفیی ڕۆژئاوایی، و: مەنسووری تەیفووری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی- سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٦٧

[2] ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل: هیگڵ فەلسەفە ومۆدێرنیزم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی وئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٠٣

## تەوەری سێیەم

### أ- پێناسەی دەروونناسیی ( سایکۆلۆژیا )

**دەروونناسیی یاخود سایکۆلۆژیا (علم النفس) (psychology)، ئەو زانستەیە کە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان وپێکهاتەکانی دەروون وهەموو ئەو شتانەی لە ناوەڕۆکدا پشتی پێدەبەستێت ولە خۆیی دەگرێت، دەکاتە بابەتێك لەبۆ شیکاریی ولێکۆڵینەوەی زانستیی. دیارە، زانستی دەروونناسیی وەکی گشت زانستەکانیترە، کاتێك ڕاڤە وتاووتوێی دیاردە دەروونییەکان دەکات لە ڕووی پەیڕەوکردن لە بنچینەکانی میتۆدی زانستیی وبیرکردنەوەی لۆژیکیی. بێگومان، لەم زانستەدا، پێوەرەکان وتاقیکردنەوە وتێبینی وگۆڕاوەکان وئامار وسەرژمێرییەکان وبنکۆڵکاریی چۆنایەتی وچاوپێکەوتنی کلینیکیی وکۆکردنەوەی ئەو داتایانەی پێشتر تۆمارکراون لەلایەن لایەنە تایبەتەکانەوە، دەربارەی ئەو دیاردانەی تایبەتن بە بابەتی لێکۆڵینەوەکە بەکاردەهێنرێ.** [1]

**زانستی دەروون، یەکێکە لە بالاترینی زانستەکان وشیکاریی ئەکادیمیی وکارپێکراو، کە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی هەڵسوکەوت وهەست وهۆش دەدات. ئەوەش، بە بەکارهێنانی میکانیزمێکی هەڵهێنجانی دیاریکراو. وەلێ، دەکرێت ئەم زانستە بەسەر ئاژەلان وبوونەوەرە زیرەکەکانیشدا جێبەجێ بکرێت. زانستی دەروون، ئەوەی**

---

[1] معجم علم النفس والتحليل النفسي: الطبعة الاولى، دار النهضة العربية للطباعة والنشر- بيروت، ١٩٨٩، ص ٣٠٨

تایبەتە بە مرۆڤ، هەڵبەت تەنها کورت نابێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، بەڵکو کێشەگەلی مرۆڤ وژیانی ڕۆژانە وچارەسەری نەخۆشییەکانی مێشکیشی لەخۆدەگرێ. بە کورتی، دەکرێت زانستی دەروون وەها پێناسە بکەین، بەوەی بنکۆڵکارییەکی زانستیی هەڵسوکەوتی تێکڕای بوونەوەرە زیندووەکانە، بەتایبەت مرۆڤ. ئەوەش، لەبۆ ڕاڤە وتێگەیشتن وکۆنترۆڵکردنی هەڵسوکەوت وپێشبینیکردنی. دیارە، ئەمڕۆ ئەم زانستە بووەتە یەکێك لە گرنگترین زانستە زیندەگییەکان، بەوەی کۆمەڵێك بەش وبڕگەی نوێ لەخۆدەگرێ، لەکاتێکدا ئەم فراوانبوونە لە کۆندا بەدینەدەکرا. [1]

شایەنی باسە، ئەو پەڕتووکانەی گەنگەشەی دەروونناسیی دەکەن، زۆرترین پێناسەی سادە وساکار لەخۆدەگرن. هەڵبەت، هەندێکیان وەها پێناسەیان کردووە کە زانستی دەروونناسیی ومیکانیزمی چالاکییەکانی تاکە، کاتێك کارلێك لەگەڵ ژینگەی دەرەکیدا دەکات. یاخود، ئەو زانستەیە کە گرنگی بە شێوازگەلی ڕەفتار دەدات، وێڕای پەیوەندی بە ژینگەی دەوروبەر وکەلتوور وکاریگەریی لەسەر کرداری هەڵسوکەوت بەپێی ڕێگاگەلێکی زانستیی، وەکی لێکۆڵینەوە لە ڕێگاکانی بیرکردنەوەی تاك لە جۆرەها حاڵەتدا، وکاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوتەکانی. لەلایەکیترەوە، وەها پێناسە کراوە کە زانستێکە لە ڕەفتار وهەڵسوکەوتی مرۆیی دەکۆڵێتەوە، سەرباری ئەو کردارە

---

[1] رزان صلاح: فروید وعلم النفس، موضوع. کوم، ١٤/ دیسمبر/ ٢٠١٦، mawdoo٣.com

ئاوەزییانەی لەپشت ئەو هەڵسوکەوتانەوەن، بە ڕێگایەکی زانستیی ولە ڕێی تێگەیشتن لە هەڵسوکەوت وکۆنترۆڵکردنی وپاشان پەیبردن پێی.
بێگومان، کاری زانستی دەروونناسیی، تۆژینەوەی چڕ وپڕ وهەمەلایەنەی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکانە، کاتێك ڕووبەڕووی دەرەوە دەبن. وەلێ، ئەم هەڵسوکەوتە دەرەکییانە، چۆنیەتی خواردن وگەمە وجۆرەها ئەرك وهێرشکردنە سەر ئەوانیتر وڕەفتارگەلێکیتر لەخۆدەگرێ، وێڕای ئەو هەڵسوکەوتە ناوەکییانەی تایبەتن بە خودەوە، وەکی خەمباریی وتووڕەیی ویادەوەریی وئەندێشە وزۆر شتیتر. [1]

وەك ئاشکرایە، ئەم زانستە لە کاتی بەرەوپێشچوون وگەشەسەندنیدا، دوچاری چەندین کاریگەریی زانستە سروشتییەکان بووەتەوە، بەشێوەیەك کە زانایانی دەروونیی لە بیروبۆچوونیان دەربارەی لێکۆڵینەوە لە سروشتی دیاردەی دەروونیی جیاواز وناکۆکن. ئەمەش، وایکردووە کە ئەم زانستە هەڵگری پێناسەگەلێکبێ. وەلێ، لەو پێناسانەش:

ئەو زانستەیە، کە دیراسەی ژیانی دەروونیی وتەواوی ئەو بیرۆکە وهەست وسۆز ومەیل وهەوەس ویادەوەریی وهەڵچوونانە دەکات.

---

[1] شهيرة دعدوع: مفهوم علم النفس، موضوع كوم، ١٧/ اغسطس/ ٢٠١٧، mawdoo٣.com

**ئەو زانستەیە، کە دیراسەی هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان دەکات. واتە، کۆی ئەو کار وئاخاوتن وجموجووڵە دیارانەی لە مرۆڤەکانەوە دەردەچێ.**

**ئەو زانستەیە، کە دیراسەی چالاکییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ دەکات، کاتێك کارلێك لەگەڵ ژینگەی چواردەوریدا دەکات وخۆی لەگەڵیدا دەگونجێنێ.**

**هەرچەندە، لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت کە تەواوی ئەم پێناسانە دژیەکی یەکن، یان دیراسەکردنی دیاردەگەلێکن کە جیاوازییەکی جەوهەرییان لەگەڵ یەکدا هەیە. بەڵام، لە واقیعدا ئەمانە کۆمەڵێك پێناسەی تەواوکەری یەکترن.** [1]

**لە ڕاستیدا، زانستی دەروونناسیی زانستێکی زۆر کۆنە، سەرباری ئەوەش زانستێکی زۆر نوێیە. بە مانای، لەلایەکەوە، هێندەی دێرینیی مرۆڤ کۆنە، لەلایەکیتریشەوە وەك دۆزینەوەی ڕادیۆ وتەلەڤزیۆن وفڕۆکە نوێیە. لەبەرئەوەی، زانستی دەروونناسیی، ئەو زانستەیە کە دیراسەی ئەقڵ دەکات وهەوڵێکە لەبۆ تێگەیشتن لەودیو مرۆڤی سروشتییەوە، لە**

[1] د. أحمد عزت راجح: اصول علم النفس، الطبعة السابعة، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر– القاهرة، ١٩٦٨، ص ٣

شتگەل وبوارگەلی وەك بیرۆكە وئارەزوو وپاڵنەرەكان وخولیا وهەست وسۆزەكان. [1]

وەلێ، دەكرێت زانستی دەروونناسیی بەو شێوەیەش پێناسە بكەین، بەوەی لێكۆڵینەوەیەكی ڕێكوپێك وڕێكخراوە لەبۆ شارەزایی وهەڵسوكەوت (هەڵسوكەوتی مرۆڤ وئاژەڵیش). ئەوجا، هەڵسوكەوتی شیاو یان لادراو، هەڵسوكەوتی تاك لایەنە یان كۆمەلأیەتی. بێگومان، ئەم بوارە فراوانە، دەكرێت بۆ شەش بەشی سەرەكی دابەش بكەین كە ئەمانەن:

١. دەروونناسیی كارئەندامناسیی (فسلجة)
٢. دەروونناسیی ناسین
٣. دەروونناسیی ئاژەڵ
٤. دەروونناسیی پاڵنەرەكان
٥. دەروونناسیی كۆمەلأیەتیی
٦. پێوەرە ئەقڵییەكان [2]

شیاوی وتنە، كەسانێكی زۆر گرنگییان بە زانستی دەروون داوە، لە هەمووشیان بەتواناتر (سیگمۆند فرۆید) بوو كە پزیشكێكی نەمساویی

---

[1] يجنالد وايلد: علم النفس، ت: عبدالعزيز جادو، المكتبة الجامعية– الاسكندرية، ٢٠٠١، ص ١٣

[2] ركس نايت، مرجريت نايت: المدخل الى علم النفس الحديث، ت: د. عبد علي الجسماني، الطبعة الثانية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر– بيروت، ١٩٩٣، ص٨

ڕەگەز جوو بوو. ناوبراو، زۆر گرنگی بە لێکۆڵینەوەی پزیشکی دەمارناسیی دەدا، وبە یەکێك لە بیرمەندە ئازادەکان دادەنرا کە زانستی شیکاریی دەروونیی وقوتابخانەی شیکاریی دەروونیی وزانستی دەروونیی نوێی دامەزراند. هەروەها، بەوە ناسرابوو کە خاوەن بیردۆزگەلێکی تایبەتە کە ئاوەز ونەست (عقل ولاوعي)ی پێکەوە دەبەستەوە، بێجگەلە میکانیزمەکانی پارێزگاریکردن لە نەخۆش وداهێنانی تەختەی خەو (سرير) لەپێناو زاڵبوون بەسەر نەخۆشییە دەروونییەکاندا، کە پشتی بە وتوێژی نێوان کەسی نەخۆش وکەسی سایکۆلۆژیست (المحلل النفسي) دەبەست. [1]

فرۆید، لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (ژیانم وشیکاریی دەروونیی) لە ساڵی (١٩٢٥ز)دا، وتبووی کاتێك دەڕوانمە کارە زانستییەکەی خۆم، کە بەردەوام وسەربازی ئەوەی چاویشم لەسەر مەعریفە بووە، بەڵام زیاتر تامەزرۆی پەیوەندییە مرۆییەکان بووم وەك لە بابەتەکانی زانستی سروشتی. ئەمەش، کرۆکی کارەکانی فرۆیدی دەگەیاند، کە هەردەم خوازیاری دامەزراندنی زانستێکی تایبەت بە پەیوەندییە مرۆییەکان بووە، نزیك لە زانستە سروشتییەکان. [2] کەواتە، بەلای فرۆیدەوە، هەردەم پەیوەندییە مرۆییەکان کلیلی چارەسەری نەخۆشییە

---

[1] رزان صلاح: فرويد وعلم النفس، موضوع. كوم، ١٤/ ديسمبر/ ٢٠١٦، mawdoo٣.com

[2] كاترين كليمان: التحليل النفسي، ت: د. محمد سبيلا، حسن أحجيج، من منشورات الزمن، مطبعة النجاح الجديدة– دار البيضاء، ٢٠٠٤، ص ٦

دەروونییەکان بوون نەك وتنەوەی تێز وتیۆر وبیردۆزە وشك وڕەق هەڵگەڕاوەکان. لە ڕاستیدا، ناوبراو جوانی پێکاوە کاتێك باسی لە پێویستبوونی تێکەڵیی ڕاستەوخۆی کەسی نەخۆش وکەسی شیکاری دەروونیی (سایکۆلۆژیست) کردووە. چونکە، بەو تێکەڵبوون وگوێگرتنە لە نەخۆش، دەکرێت چارەسەر بۆ ئەو کەسە نەخۆشە بدۆزرێتەوە کە هەردەم تەرێزی لەوە کردووە ڕاستی دۆخی دەروونیی خۆی بۆ کەسانێك باس بکات.

لێرەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بە بڕوای فرۆید، پێویستە گۆڕانکاری لە شێوازی چارەسەری هەر نەخۆشێکی دەروونییدا بکرێ. بەمانای، گۆڕانکاری لە ترادسیۆن وکەلتووری چارەسەر وشێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کەسی نەخۆشدا، کە سەردەمانی پێشتر هەوڵ وشێوازێکی لەو جۆرە بوونی نەبووە. بێمکووڕیکردن، بیرمەند وتوێژەرێکی وەك (میشێل فۆکۆ)ش، لە پەڕتووکی (مێژووی دێوانەیی لە سەردەمی کلاسیکیدا) لە ساڵی (١٩٦١ز)دا، زۆر بە جوانی ئەو تابلۆ تاریکە لێڵ وتەڵخەی خستووەتە ڕوو کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست وسەرەتای سەردەمی ڕێنیسانسدا مامەڵە وڕوخساری نەخۆشێکی دەروونیی تێدا نەخشێنراوە.

فۆکۆ، باس لەوە دەکات کە کۆمەڵگا مرۆییە ئەورووپییەکانی ئەو سەردەمە، زۆر بە توندی بەرەنگاری هەموو کەسێکی نەخۆش بەتایبەت نەخۆشی (گولیی ودەروونیی) دەبوونەوە. هەڵبەت، لە نێو ئەو کۆمەڵە نەخۆشانەدا، بەدبەختترینیان دێوانەکان (شێتەکان) بوون، بەوەی گەر

نەخۆشێکی گول لە قوژبنێکی نەخۆشخانەیەکدا توندبکرایە، ئەوا کەسە دێوانەکان کۆدەکرانەوە وسواری کەشتییەك دەکران ودەدران بەدەم شەپۆلە سەرکێشەکانی دەریا وزەریاکانەوە، واتە فەنا وچارەنووسێکی نادیار چاوەڕوانیانبوو. فۆکۆ، ئەم کەشتییانەی بە "کەشتی گەوجەکان" یاخود "کەشتی شێتەکان" [1] ناودێر کردبوو، بەوەی بوونێکی ڕاستەقینەی لەو سەردەمانەدا هەبووە. دیارە، ئەم گەوجانە ژیانێکی وێڵ وسەرگەردان وگومڕا ژیاون، لەبەرئەوەی دانیشتوانی شارەکانیان لەخۆیان دوورخستوونەتەوە. بێگومان، ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ نەخۆشانی دەروونیی، زۆر بە سانایی دەبینرا بەتایبەت لە ئەڵمانیا. وەلێ، تەنها لە نۆرنبێرگ لە نیوەی یەکەمی سەدەی پازدەدا، سەرژمێری (٦٢) دێوانە کرابوو کە (٣١) کەسیان شاربەدەر کرابوون. لە نیوەی دووەمی هەمان سەدەشدا، (٢١) حاڵەتی ڕاگواستنی زۆرەملێ تۆمار کرابوو، کە دەسەڵاتدارانی شارەکە هەستابوون پێی. [2]

بە بڕوای فۆکۆ، جیهانی ئاقڵمەندان وجیهانی شێتەکان دوو جیهانی دروستکراوی ئەزەلیی نین، بەڵکو دوو جیهانن دروستکراوی دەستی

---

[1] كلود كيتيل: تأريخ الجنون، ت: سارة رجائي يوسف، كريستينا سمير فكري، الطبعة الاولى، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة– القاهرة، ٢٠١٥، ص ٢٦٠

[2] ميشيل فوكو: تأريخ الجنون في العصر الكلاسيكي، ت: سعيد بنطراد، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي– دار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٦، ص ٢٩

پێکهاتە وستراکتووری ڕۆشنبیریی وکەلتووریی نێوخۆی کۆمەڵگانن.[1]
کەواتە، ئەوە جۆری کەلتوور وڕۆشنبیریی وململانێی چینایەتییە، "من" لە "تۆ" و"ئەو" دادەبڕێ وجیهانێك وشوناس وڕوانگەیەکی تایبەتم پێدەبەخشێ، جیاواز لە جیهان وشوناس ودنیابینی وبیرکردنەوەی تۆ وئەوانیتر.

بۆئەوەی چیتر لە پێناسەی زانستی دەروونناسیی دوورنەکەومەوە، باشتر وایە لێرەدا کۆتایی بەو کۆمەڵە پێناسەیە بهێنم کە ئاماژەم پێدا وبچمە سەر بابەتێکیتر.

---

[1] نبيل عودة: فلسفة مبسطة، مفاهيم الجنون، الحوار المتمدن، ٢٢/ ٧/ ٢٠١٥، www.m.ahewar.org

## ب- کاریگەریی کەلتوور لەسەر بونیاد وئاییندەی گەلان

لەم بەشەدا، دەکرێت بپرسین ئایا کەلتوور چ کاریگەرییەکی لەسەر پێکهاتە ودەروون وئاییندەی نەتەوەکان دەبێ؟ لە ڕووی دەروونییەوە، کەلتوور تا چ ڕادەیەك کاریگەریی لەسەر گەلی کورد دەبێ؟ ئەی لە ئاییندەدا، خودی ئەم کەلتوورە چ شتێکی نوێی بۆ گەلی کورد پێیە؟ ئەی ئاخۆ، خودی ئەم کەلتوورە دەبێ چیبێ؟

کاتێك، باس لە ئاییندەی کەلتوور وشارستانییەتی نەتەوەکان دەکەین، ڕاستەوخۆ لە زەینماندا پەڕتووکی پڕ ئەرزشی پێکدادانی شارستانییەتەکانی بیرمەند (هنتنگتۆن) ئامادەگی دەبێت، کە پێشتر خستمانە ڕوو. شایەنی باسە، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، ناوبراو لەم کتێبەدا باس لەوە دەکات کە سروشتی سیاسەتی سیستمی نوێی جیهانیی لە سەدەی بیست ویەکدا، بەپێی کەلتوور ڕاڤە وپێناسە دەکرێت. دیارە مەبەستی سەرەکی ئەم فیکرەیە، تێگەیشتنە لە سیاسەتی جیهانیی پاش کۆتاییهاتنی ململانێی ڕۆژهەلات– ڕۆژئاوا بەپێی چوارچێوەیەکی پۆلێنکاریی نویٚ، واتە بەپێی چوارچێوەیەك کە گرنگییەکی ئەوتۆ نادات بە ململانێی هێزە سیاسییەکان یان پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن وە یاخود جەنگ لەپێناو سەرچاوە ئابوورییە دانسقەکاندا یان پێکهەلپڕژان لە نێوان دوو ڕژێمی ئایدیۆلۆژییدا. بەلکو، هنتنگتۆن، لەبری هەموو ئەمانە ولەپێناو کۆلینکاریی سیاسەتی

**نێودەوڵەتیی، شێوازێکی نوێی گرتووەتەبەر بەوەی وا دەڕوانێتە ئەم سیاسەتە نوێیە، کە ململانێیەکە لە نێوان کەلتوورەکاندا.** [1]

**لەم کتێبەدا، هنتنگتۆن دەڵێ: "پێکدادانەکانی ئایندە بەهۆی فاکتەری کەلتوورییەوە هەڵدەگیرسێن، نەك بەهۆی فاکتەری ئابووریی وئایدیۆلۆژییەوە." واتە، لەبری ئەوەی بەرژەوەندی وڵاتان وئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم ونەتەوەخوازیی ململانێ بخوڵقێنن، ئێستاکە (کەلتووری جیاوازی وڵاتان) ئەو ململانێیە دەخوڵقێنن. بە بڕوای ناوبراو، دوای شەڕی ساردی جیهانیی، کەلتوورەکان هەم هێزی لێکجیاکەرەوە بوون هەم هێزی یەکخەر. بێگومان، ئەو کاتانەشی بەهۆی ئایدیۆلۆژیاوە لێکجودا دەبوونەوە، ئەوا بەهۆی کەلتوورەکانەوە پێکەوە پەیوەست دەبوونەوە، هەر بەو شێوەیەی سەبارەت بە دوو ئەڵمانیاکە ڕوویدا.**

**شیاوی وتنە، دوای شۆڕشی مەزنی فەرەنسیی (١٧٨٩ز)، ناسیۆنالیزم هاوشێوەی کەلتوور لەمڕۆدا، هەم هێزی جیاکەرەوە بوو هەم هێزی یەکخەر بوو. کەواتە، دەکرێت وێکچوونێك لە نێوان ناسیۆنالیزمی دوێنێ وکەلتووری ئەمڕۆدا ببینین. ئەو دەڵێ: "جیهانی دوای شەڕی سارد، جیهانێك دەبێت کە حەوت یان هەشت شارستانیی سەرەکیی دەگرێتەوە. دیارە، هاوبەشییە کەلتوورییەکان،**

---

[1] دييتر سنغاس: الصدام داخل الحضارات، ت: شوقي جلال، مصدر سابق، ص ١٣٣

**بەرژەوەندییەکان، جیاوازییەکان، ناکۆکی و وابەستەبوونەکان، شکڵ وشێوەی وڵاتان دیاریدەکەن." [1]**

**کەواتە، بە بڕوای ئەو، جیاوازییە کەلتوورییەکان (هاوشێوەی ناسیۆنالیزم وجیاوازییە نەتەوەییەکان) هۆکارێکی سەرەکیی وزۆر کاریگەر دەبن لە دنەدان وجۆشدانی ململانێ نێودەوڵەتییەکاندا. هەرچی هۆکارە جوگرافییەکانیترە، وەکی زۆریی دانیشتوان وهێزی سەربازیی و.... هتد، ئامرازگەلێکی تەواوکەرن لەبۆ کارگەری کەلتووریی، لەپێناو هەڵگیرساندن وپێکدادانی شارستانییەتەکان. [2] ئەو دەبێژێ، ئێستا سیاسەتی گەردوونیی بە درێژایی هێڵە کەلتوورییەکان، سەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە، بەوەی گەلانی هاوکەلتوور لێکنزیك وگەلانی جیاکەلتوور لێکدوور دەبنەوە. بەم پێیە، نەخشەی سنووری سیاسیی، دووبارە دەکێشرێتەوە بە شێوەیەك کە لەگەڵ سنووری کەلتووریی وڕەگەزیی وئایینیی وشارستانییدا بگونجێ.**

**هەڵبەت، کۆمەڵگا کەلتوورییەکان، جێگەی بلۆکەکانی شەڕی سارد دەگرنەوە، ئەمە بێجگەلەوەی هێڵە جیاکەرەوەکانی شارستانییەتەکان، بوونەتە هێڵگەلی ململانێی سەرەکیی لە سیاسەتی جیهانییدا. سەرباری**

---

[1] سامۆیل. پ. هەنتینگتۆن: پێکدادانی شارستانییەکان، و: مامەند ڕۆژە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١

[2] ابراهيم قاسم درويش بالاني: صدام الحضارات لهانتنغتون- دراسة جيوبوليتيكية، مصدر سابق، ص ٤

**هەموو ئەمانەش، لەمڕۆدا وێڕای کاریگەریی کەلتوور لەسەر کۆمەڵگا نێودەوڵەتییەکان، بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم کاریگەرییە لە دەروون وشوناس ورەفتار وهەست ونەست وناخ وئاییندەی تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆییشدا بەدیدەکرێ ورەنگیداوەتەوە. بێگومان، شانازیکردنی تاکێکی کۆمەڵگای ئەوروپی بە کەلتووریی دێرینییەوە وبوار نەدان وڕازینەبوون بە سازشکردن لەسەر گۆڕین وفەرامۆشکردنی خودی ئەو کەلتوورەی، باشترین نموونەیە لەبۆ کاریگەریی کەلتوور تەنانەت لەسەر لایەنی سایکۆلۆژی ئەو تاکە.**

**جێی باسە، کاتێك مرۆڤ بەهۆی لەدایکبوونەوە یان بەهۆی گۆڕانی دەوروبەرەوە خۆی دەبینێتەوە لە کەلتوورێکی هەمەڕەنگدا، ئیدی پەیوەندی کەلتووریی دروست دەبێت. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەو مرۆڤە لەو دەوروبەرە کەلتوورییە هەمەڕەنگەدا، یان دەتوێتەوە وکەلتووری بنەڕەتی خۆی ڕەت دەکاتەوە وڕوو دەکاتە کەلتوورێکی دیکە، یان بە پێچەوانەوە ئەو مرۆڤە کەلتووری خۆی لەباوەش دەگرێت وکەلتوورەکانی دیکە لە خۆی دووردەخاتەوە یان ڕەتدەکاتەوە.** [1]

**بێمکووڕیکردن، کاتێك کوردانی تاراوگە لە بۆنەیەکی تایبەتدا بە جلوبەرگی کوردییەوە دەبینین وشانازی بەو پۆشاك وکەلتوورە کوردییەوە دەکەن، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم تاکە کاتێك خۆی لە**

[1] خەلیل شەڵماشی: نەژادی کورد لە لوبنان، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٣٣

کەلتوورێکی جیاوازدا دەبینێتەوە، ڕاستەوخۆ وابەستەییەکی بۆ دروست دەبێت، ولە ڕووی سایکۆلۆژییەوە بونیادی خودێکی بالاٚ لە هەست ونەست وخەیاڵدانیدا دەکات، کە هیچی کەمتر نەبێ لە هاوسێ ئەوروپییەکەی. واتە، ئەو ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت کە پێویستە لەسەری وەك تاکێکی ئەوروپیی کەلتوور جیاواز، پارێزگاری وشانازی بە جلوبەرگ وکەلتووری خۆیەوە بکات، گەرچی لەوانەیە زمانی دایکیشی لەبیرچووبێتەوە. بەلاٚم، کاتێك ئاماژە بە تاکێك دەدرێ کە گوایە نەژادی کوردە بەلاٚم هیچ مۆرکێکی کوردیی پێوە دیارنییە نە لە ئاخاوتن نە لە کەلتوور نە لە ڕەفتار، بێگومان ڕاستەوخۆ لە زەینماندا تواندنەوە وڕۆچوونی ئەو تاکە لە کەلتوورێکی غەیرە کوردیی بێگانەی دیکەدا وێنا دەکەین، وپەنجەی "ئەو"ی بۆ ڕادەکێشین.

وەلێ، سەرەتا باسمان لەوەکرد کە لە سەردەمی جیهانگیرییدا ناسیۆنالیزم بە شێوەیەك لە شێوەکان جێی خۆی بۆ کەلتوور چۆڵکردووە، وگەلانی هاوچەرخ لە کێبڕکێی ئەوەدان چۆن بە باشترین شێوە وەکی نموونەیەکی منی بالاٚ، کەلتووری خۆیان نمایش بکەن. بێگومان، خستنەڕووی شوناس وبونیاد ودنیابینی وکەلتووری منی بالاٚی جیاواز، لەمڕۆدا گەورەترین ئاریشەی بۆ تەواوی جیهان دروستکردووە، بەتایبەت لە نێوان جیهانی فەندەمێنتاڵیزم وجیهانی سەرمایەداریی لیبراڵیی پێشکەوتوو. بە مانای، لە نێوان جیهانی ئیسلامیی وجیهانی مەسیحییدا. هەڵبەت، جیهانی ئیسلامیی بیەوێ یان نەیەوێ، دیل وبەندی کەلتوور وکەلەپوورێکی خێڵەکیی ومەزهەبیی

**کۆنە، کە ئەمەش هەقیقەتە. وەلێ، گەورەیی ومەزنیی ژیاری ئەورووپاش لەوەدایە کە بە ئاشکرا وڕووبەڕوو کەوتە شەڕ لەگەڵ موقەددەسترین شتەکانی دنیای خۆیدا.[1] وەلێ، ئەمەیە جیاوازی ئەم دوو شارستانییەتە، ئەمە ئەو دۆخەیە کە (مارکس) دەڵێ: "خەڵکی خۆیان مێژووی خۆیان دروستدەکەن،"[2] کە دەشێت ئەو مێژوو وکەلتوورە بە شێوەیەکی سەردەمیانە دروست بکرێت یان بە شێوەیەکی نەریتیی چەقبەستوو. بێگومان، ئەوەی لە جیهانی ئیسلامییدا دەبینرێ وئەوەی لە جیهانی مەسیحییدا دەگوزەرێ، پابەندبوونیانە بە کەلتووریانەوە.**

**نووسەر وڕامیاریستی ئەمریکیی، (بنیامین باربەر)، لە کتێبی (جیهانی ماك)دا کە شەش ساڵ بەر لە ڕووداوەکانی یازدەی سێپتێمبەر نووسیویەتی، پێشبینی پێکدادانی نێوان کەلتوور وبەهاکانی جیهانگیریی لەلایەك وفەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامیی لەلایەکیتر کردووە. بە بڕوای ئەو، یەکەمیان بەندە بە لۆژیکی سەرمایە وبازاڕەوە وئاماژەیە بۆ خواردنی نوێی (ماکدۆناڵد)، ودووەمیشیان بەندە بە وابەستەیی باوەڕ وچەقبەستوویی ونەگۆڕیی کەلتووری ئایینەوە، کە ئاماژەیە بۆ**

---

[1] هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس– هەولێر، ٢٠١٢، ل ٥١

[2] محمد ئارکۆن: بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠١، ل ٨١

(جیهاد). بنیامین، ئەم ململانێ وپێکدادانی کەلتوورانە لە سەردەمی جیهانگیرییدا، بە پێکدادانی دوو جەمسەری پەڕگیر ناودێر دەکات، کە هەریەکە وخوازیاری بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك دنیابینی وبەها وڕەهەندی سیاسیی وکەلتووریین، کە یەکێکیان بڕوای بە ڕێژەگەرایی وئەویتریان بە ڕەهاگەراییە.

بەڵام بە بڕوای ناوبراو، کارگەلی هەردووکیان دژ بە دیمۆکراسییە. سەرباری ئەوەش، دواجار ئایین وکەلەپوور وکەلتوور، پێویستیان بە تەکنۆلۆژیای ماك وبازاڕەکانی ماك هەیە لە پێناو بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕیان، [1] وەك ئەوەی لایەنە فەندەمێنتاڵ وتیرۆریستەکان ئامێر وتەکنۆلۆژیای ڕۆژئاوا بۆ کارە تێکدەر وتیرۆریستییەکانیان بەکاردەهێنن. ئەوەی مەبەستمە بیڵێم دەربارەی ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی بنیامین، ئەوەیە کە جیهانی نوێی ماك وەك سومبولی سەرمایەداری وبازارگەریی جیهانیی، لەگەڵ فەندەمێنتاڵیزمی ئیسلامیی چەشەکراو بە جیهاد، هەردووکیان دیاردەی سەردەمی بەجیهانیبوونن وسەرسەختانە داکۆکی لە باوەڕ وشوناس وکەلتووری خۆیان دەکەن. وەلێ، تەواوی ململانێکانیشیان بۆ ئەو دۆکترین ولەو پێناوەدایە.

شایەنی وتنە، لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، گەورەترین قەیرانی شوناس ڕوویدا. لەو ساتە وەختەدا، هەرچۆنێك تەماشات دەکرد

---

[1] بنجامين باربر: عالم ماك، ت: أحمد محمود، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة– القاهرة، ١٩٩٨، ص ١٨٣

**ودەتڕوانی، خەڵکانێکی زۆرت دەبینی کە لە ناخەوە دەربارەی شوناسییان پرسیاریان دەکرد لەوەی (ئێمە کێین؟)، (سەر بە کێین؟) ئەی (ئەویتر کێیە؟). وەلێ، ئەمانە پرسیارگەلێکی بنەڕەتیی بوون نەك بەلای ئەو گەلانەی کە خوازیاری داڕشتنەوەی دەوڵەتگەلێکی نەتەوەیی نویێ بوون وەکی لە یۆگۆسلاڤیای جاراندا ڕوویدا، بەڵکو ئەمانە پرسیارگەلێك بوون لەسەر ئاستی گشتیی. [1]**

**هەڵبەت، کەسێکی وەك (ڕۆسۆ) وتبووی: "گەر سپارتە وڕۆما دواجار لەناوبچن، ئەی ئەو دەوڵەتەی بۆ هەمیشە دەمێنێتەوە دەبێ کامەبێ؟" بە بڕوای هنتنگتۆن، دەشێت کۆمەڵگایەك بەرەنگاری گەورەترین نەهامەتی وکێشەگەلێك ببێتەوە، بەڵام دواجار دەتوانێ مردن ولەناوچوونی دوابخات یان هەڵوەشاندنەوەی بوەستێنێت، بەوەی بە شوناسی نەتەوەیی وئامانجی نەتەوەیی وبەها کەلتوورییە هاوبەشەکان، هۆشیاریی خۆی نوێ بکاتەوە. هەر بە بڕوای ناوبراو، ئەمە ئەو کردارگەلە گرنگە پێویستە بووە کە ئەمریکییەکان لە دوای یازدەی سێپتێمبەرەوە هەستاون پێی. [2] بە واتای، بۆئەوەی دەوڵەتێك یان کۆمەڵگایەك هەردەم بە زیندوویی بمێنێتەوە، ئەوا پێویستە شوناسی نەتەوەیی ونەتەوەخوازی وبەها کەلتوورییەکانی هەردەم نوێ بکاتەوە.**

---

[1] صامويل هنتنجتون: صدام الحضارات.. اعادة صنع النظام العالمي، ت: طلعت الشايب، مصدر سابق، ص ٢٠٣

[2] صمويل ب. هنتنجتون: من نحن؟، ت: أحمد مختار الجمال، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة– القاهرة، ٢٠٠٩، ص ٤٣

زۆرێك لە بیرمەندان، لەو بڕوایەدان كە جەنگی جیهانیی یەكەم كۆمۆنیزم وفاشیزمی دروستكرد، وجەنگی جیهانیی دووەمیش ئەو جەنگە ساردە بوو كە بە ڕاستی جیهانگیر بوو. دیارە، ئەو بۆچوونەش زۆر تاووتوێكراوە، كە پێیوایە كۆتاییهاتنی جەنگی سارد بووە هۆی كۆتاییهاتنی جەنگە گرنگەكان لە سیاسەتە جیهانییەكان وسەرهەڵدانی جیهانێكی هاوئاهەنگ. لەم ڕووەوە، (فرانسیس فۆكۆیاما)، لە كتێبی "كۆتایی مێژوو"دا دەڵێت: "زۆر پێدەچێت شاهیدی كۆتاییهاتنی مێژوو بین." [1] بە دڵنیاییەوە، لە جیهانی سێهەمدا هەندێك تێكهەڵچوون ڕوودەدەن، بەڵام پێكدادانی جیهانیی نەك تەنها لە ئەورووپا، بەڵكو لە جیهانیشدا كۆتایی پێهاتووە. [2] واتە، سەرباری ئەوەی پێشتر لە ڕوانگەی هنتنگتۆنەوە ئاماژەمان بەوەدا كە ململانێی داهاتووی شارستانییەتەكان كەلتووریی دەبن، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كە ململانێیەكی گشتگیر وجیهانییبیٚ هاوشێوەی جەنگە جیهانییەكان، لەبەرئەوەی كۆتایی بە مێژوو هاتووە وچیتر جەنگی نێوان دوو دنیابینیی جیاواز یاخود دوو ئایدیۆلۆژیای ركابەر نابینرێت.

---

[1] د. مختار بلول: نهاية وبداية و ولادة وموت الحضارات في العالم، موقع مختار بلول، ٢٧/ اغسطس/ ٢٠١٨، dr.mukhtarmballool.com

[2] سامۆیل. پ. هەنتینگتۆن: پێكدادانی شارستانییەكان، و: مامەند ڕۆژە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣

**بەپێی ناوەڕۆکی کتێبی کۆتایی مێژوو، "سیستمی سەرمایەداریی، دەبێتە تاکە ئایینی مرۆڤایەتی هەتاهەتایی." [١] ئەمە بێجگەلەوەی، گوتاری کۆتایی مێژوو، گوتارێکە دژ بە مارکسیزم. بە بڕوای فۆکۆیاما، بە ڕووخاندنی سۆڤیەت وبلۆکی سۆسیالیستیی وئایدیۆلۆژیای مارکسیزم، ئیدی تێکڕای جیهان بە سیستمی سەرمایەداریی لیبراڵیی دەگات، کە چیتر جیهان سیستمێکی لەوە باشتر بەخۆوە نابینێ، ئەمەش کۆتایی مێژووە. [٢] هەڵبەت، ئەم کتێبەی ناوبراو، لە چرکەساتی داڕمانی دیواری بەرلین وسۆڤیەت وکۆمۆنیزمدا نووسراوە. [٣]**

**نێوەڕۆکی ئەم پەڕتووکە، باس لەوە دەکات کە گوایە لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی سارد وڕوخاندنی دیواری بەرلین، کۆتایی بە مێژووی چەوساندنەوە وسیستمە تۆتالیتارەکان هاتووە، کە لە جێگایاندا لیبراڵیزم وبەهاکانی دیمۆکراسی ڕۆژئاوایی شوێنیان دەگرنەوە، [٤] وئاییندەی کۆمەڵگاکان بە کەلتوور ودۆخ وسیستمێکی**

---

[١] أسامة أمين الخولي: العرب و العولمة، الطبعة الثالثة، مركز دراسات الوحدة العربية– بيروت، لبنان، ابريل/ نيسان، ٢٠٠٠، ص ٢٣– ٢٤

[٢] فرانسيس فۆكۆياما: كۆتايی مێژوو ودوايين مرۆڤ، و: ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم،بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٣

[٣] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠

[٤] فرانسيس فوكوياما، نهايه التاريخ بدايه الشهره: الجزيره، مواقع الكترونيه، موسوعه الجزيره، ٢٠١٩، www.aljazeera.net

نویٚ دەگەن کە سیستمی "سەرمایەداریی لیبراڵیی" چەشەکراو بە ئایدیۆلۆژیای "لیبراڵ دیٚمۆکراسی"یە، کە گوایە تاکە سیستمی بیٚخەوشی جوان وناوازەی سەردەمی جیهانگیرییە، وهەروەك خەونە خۆش ورەنگاڵەکانی چەپەکان ومارکسیستەکان، کۆمەڵگای یەکڕەنگ ویەك سیستمی ئازاد ولیبراڵ بەرقەرار دەبیٚ.

بەلاٚم، ئەوەی ئەمڕۆ لە سەردەمی گلۆباڵیزەدا دەبینریٚ ودەگوزەریٚ، زۆر لەوە زیاتر لەخۆدەگریٚ کە جیهانیٚکی خامۆشی یەکڕەنگبیٚ. ئەمڕۆکە، لە هەر کاتیٚك زیاتر فۆبیای ئیسلامیزم ئامادەیە، تیرۆریزم تایتڵی سەرەکی زۆربەی دەزگا میدیاییەکانە، پیٚکدادان وململانیٚ کەلتووریی ورەگەزییەکان گەرچی ئیقلیمیشبیٚ، بەلاٚم لەبرەودایە. زۆربەی ولاٚتانی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست، خوازیارن لەسەر بنەمای خویٚن ورەگەز وکەلتوور، دووبارە سنووریان بۆ دابڕیٚژریٚتەوە، بگرە زۆریٚك لە کۆمەڵگاکان خوازیارن بەرەو گلۆکاڵیزەیشن بچن، واتە بەرەو بەجیهانیبوونی نیٚوخۆیی یان خۆماڵیی وخیٚڵەکیی، کە کەلتوور وشوناسی نەتەوەیی خۆماڵیی ونیٚوخۆیی وخیٚڵەکیی پیٚکڤە دەبەستیٚت. [1]

بیٚمکووڕیکردن، دەتوانین بڵیٚین کەلتووری نەتەوەیی، مانای بەئاگاهیٚنانەوە وبیٚداربوونەوەی ناسیۆنالیزم بە جۆریٚك لە جۆرەکان

[1] عولمة محلية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٤/ نوفمبر/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

دەگەیەنیٚ، کە فۆکۆیاما لانیکەم لە ماوەی داڕشتنی ئەم کتێبەیدا فەرامۆش وکەناری خستووە. شتێکی حاشا هەڵنەگرە، کەلتوور هاوشێوەی ناسیۆنالیزمی دوێنیٚ وخوێن وخێڵی پێریٚ، خێڵ وگەل ونەتەوەیەك لەویدی هەلاٚوێرد وجیادەکاتەوە، بەوەی بەرهەمی چالاکییە مرۆییە مێژووییەکانە وسەربەخۆ ونەگۆڕ ونەمرە. کەواتە، کەلتوور، ڕۆڵێکی سەرەکیی لە پاراستنی شوناسی نەتەوەییدا دەبینیٚ، هەروەك چۆن لە سەردەمانێکی کۆن وبگرە لە ئێستاشدا خوێن وخێڵ فاکتەری یەککگرتن ولێکترازانی گەلان بوون ودەبن. کاتێکیش باس لە شوناسی نەتەوەیی ونەتەوە وگوتاری نەتەوەیی وخوێن ونەژاد دەکەین، ڕاستەوخۆ ناسیۆنالیزم ئامادەگی دەبێت. بە مانای، سەرچاوەی ڕێنیسانسی نەتەوەیی وەك پرۆژەیەکی هەمەلایەن، هەردەم لە کەلتوورەوە دەستپێدەکات. [1]

هەرچەندە، باس لەوە دەکریٚ چەمکی ناسیۆنالیزم ونەتەوە، لە دوای شۆڕشی فەرەنسیی (١٧٨٩ز)یەوە هاتووەتە کایەوە کە ڕوانینی سەردەمی مۆدێرنیتەیە، بەلاٚم هەر ناسیۆنالیزمیشە کە بەرهەمهێنی پرۆژەی نەتەوەیی وخودی نەتەوە وگوتاری نەتەوەییشە، [2] وەك چۆن خوێن وخێڵ بەر لە سەردەمانێك، پارێزەری بوون وشوناس وکرۆك وڕۆحی هۆزگەلێکی گەلانی جیهان بوون. کەوابیٚ، هنتنگتۆن وتەنی، بە

---

[1] عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤

[2] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٥- ٩٦

شوناسی نەتەوەیی وئامانجی نەتەوەیی وبەها کەلتوورییە هاوبەشەکان، دەکرێت هۆشیاریی خودیی نوێ بکرێتەوە ورێ لە دارمانی کۆمەڵگایەك بگیرێ وبپارێزرێ. [1]

بۆ تێگەیشتن لە ململانێی ئێستا وداهاتوو، هنتنگتۆن ئاماژە دەدات ودەڵێ: " لە ڕووی تیۆرییەوە، پێویستە کەلێنی کەلتووریی نەك ئایدیۆلۆژی ونەتەوەیی، بە هەند وەربگیرێ بەوەی هۆکاری جەنگەکانی داهاتوون." بە بڕوای ناوبراو، جیاوازییەکان یان تایبەتمەندییە کەلتوورییەکان هەرگیز وەکی خۆلەگەڵخستن (انتماء)ە ئایدیۆلۆژییەکان ناگۆڕدرێن. دەشێت مرۆڤەکان لۆیالْ وخۆلەگەڵخستنی (ولاء وانتماء) خۆیان لە کۆمۆنیزمەوە بۆ لیبراڵیزم بگۆڕن، بەڵام ئەستەمە کەسێکی ڕووسی ببێتە کەسێکی فارسی. لە ململانێ ئایدیۆلۆژییەکاندا، دەشێت مرۆڤەکان ئەو لایەنە هەڵببژێرن کە پشتگیری دەکەن، بەڵام کاریکی لەو جۆرە لە ململانێی شارستانی وکەلتوورییدا مەحاڵە ڕووبدات. [2]

شایەنی باسە، فۆکۆیاما وەهای دەبینی کە دوایین نووسین وشاکارەکانی هنتنگتۆن دەربارەی بابەتی کەلتوورە، لەبەرئەوەی بە تەنها لە خولگەی پێکدادانی شارستانییەتەکاندا ناسوڕێتەوە، بەڵکو بە دوایین نووسینەکانی، کێشەی "ئێمە کێین" دەوروژێنێت. لە ڕاستیدا، هنتنگتۆن وای دەبینی کە ڕەفتار وهەڵسوکەوتی سیاسی (گەل)ێك لە

[1] صمويل ب. هنتنجتون: من نحن؟، ت: أحمد مختار الجمال، مصدر سابق، ص ٤٣

[2] صامويل هنتنجتون: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٧/ فبراير/ ٢٠١٩، ar.wikipedia.org

**ڕێی کەلتوورەوە شکڵ وشێوە وەردەگرێ. ئەمە بێجگەلەوەی، ئەو هەڵبژاردانەی کە کۆمەڵگا بە پشتبەستن بە کەلتوور دیاری دەکات، هەردەم بە جێگیریی وبە نەگۆڕیی لە بەرانبەر تازەگەری کۆمەلأیەتی-ئابووریيدا دەوەستێتەوە، بەڵکو تەنانەت بەرژەوەندی خودییش تێدەپەڕێنێ.** [1]

**ڕاستە، ناسیۆنالیزم گەرچی دیاردەیەکی سیاسییە، بەلأم زۆرجار بنەما وپایەکانی خۆی لەسەر تێگەیشتنێکی تایبەت بۆ کەلتوور ولەسەر بەخشینی مانایەکی تایبەت بە کەلتوور دادەڕێژێت. ناسیۆنالیزم، کەلتوور وەك شتێکی تەواو دروستکراو وداخراو وپێگەیشتوو وکامڵ وێنا دەکات، کە جەوهەرێکی نەگۆڕ وهەمیشەیی هەیە وڕاستەوخۆ تەعبیر لە کارەکتەری قووڵ وجەوهەری نەتەوە دەکات. کەلتوور، ڕۆح وبوون وئەخلاق و ویژدانی نەتەوە دەستنیشان دەکات. دیارە، بەشتکردنی کەلتوور، واتە کردنی کەلتوور بە شتێکی داخراو وبە جەوهەرێکی نەگۆڕ. ئەمە، ئەو وێناکردنەیە کە ناسیۆنالیزم بۆ کەلتوور هەیەتی، سەرباری ئەوەی کە ناسیۆنالیزم هەردەم پارێزگاری لە کەلتووری نەتەوەکان دەکات.** [2]

---

[1] فرانسيس فوكوياما: تراث هنتنجتون، المستقبل للابحاث والدراسات المتقدمة، الاثنين، ٥/ نوفمبر/ ٢٠١٨، futureuae.com

[2] قومية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٣١/ مارس/ ٢٠١٩، ar.wikipedia.org

کەواتە، کەلتوور، لە گوتاری ناسیۆنالیزمدا شتێکە نەمر وجەوهەرییە، هەروەها هەڵگری کارەکتەرێکی نەگۆڕ وماهییەتێکی تایبەتیشە کە نەتەوەیەك لە نەتەوەیەکیدی جیادەکاتەوە. لای ناسیۆنالیزم، مانا ڕۆحییە قووڵەکانی بوونی نەتەوەیی، وابەستەی کەلتووری نەتەوەیین ولە دەرەوەی ئەم ڕۆحە کەلتوورییەدا، نەتەوە بوون ومانایەکی ئەوتۆی نییە. کەواتە، لە پشت کردنی کەلتوور بە شت، جەوهەرێکی نەگۆڕ وستراتیژیەتی سڕینەوەی جیاوازی ودەمجکردنی تاك وگرووپە جیاوازەکان لەناو یەك پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وسیاسیی لەئارادایە. بەمانای، پێکهاتەیەك کە ناسیۆنالیزم ناوی نەتەوەی لێدەنێت. [1] چونکە، نەتەوە، یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی فەرهەنگییە. [2]

کاتێك، دەڵێین سڕینەوەی جیاوازی ودەمجکردنی تاك وگرووپگەلێك لەناو پێکهاتەی نەتەوەدا، مانای ئەوە نییە کار لەسەر تواندنەوەیەکی جەبریی تاك لەنێو پێکهاتەیەکی گەورەی وەك گەلدا بکەین وتەواوی دەنگ وڕەنگە جیاوازەکان کپ وخەفە بکەین، وەکی ئایدیۆلۆژیای نازیزم وفاشیزم وکۆمۆنیزم وکەمالیزم وبەعسیزم. بەڵکو، ئەوە دەستەبەرکردنی نەتەوەیە کە کارێکی دڵخوازانەی وەهای لە دەستەی حوکمڕانیی وخودی نەتەوەخوازیی دەوێ، گەر نا ئەوا مەحاڵە بتوانین

---

[1] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر (کورد لە دیاسپۆرا)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٩١

[2] مەریوان وریا قانیع: مرۆڤ وکەرامەت، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری وهونەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران– تاران، ٢٠١٦، ل ١٣١

یاخود بتوانرێ نەتەوە بخوڵقێندرێ. وەلێ، حاڵی گەلی کوردیش، باشترین نموونەی ئەو پاشاگەردانیی و ونبوونەیە کە لە نەبوونی ئەو قەوارە یەکگرتووە نەتەوەییەدا دروستبووە. لەبەرئەوەی، ئەوە دەوڵەت وناسیۆنالیزمە، کە نەتەوە دروست دەکەن.[1] جا ئێمەی کورد، لەبەرئەوەی نە دەوڵەت نە پرۆژەی ناسیۆنالیزممان نییە، بۆیە هەردەم لە نێو وێڵگەی بازنەی خێڵ وگەلدا دەسووڕێینەوە، بەبێ گواستنەوە بۆ قۆناغی نەتەوە.

گەر ناسیۆنالیزم کەلتوور وەك شتێکی پێگەیشتوو وکامڵ وجەوهەرێکی نەگۆڕ وێنا بکات، کە ڕاستەوخۆ گوزراشت لە جەوهەری نەتەوە بکات ولەوەش زیاتر، کەلتوور ڕۆح وئەخلاق و ویژدانی نەتەوە دەربخات وپارێزگاری لێبکات، کەواتە دەتوانین ئەوەش بڵێین کە کەلتووری ئەمڕۆی سەردەمی جیهانگیریی، وەچەی یەکێتی خوێن وخێڵی سەردەمانی کۆن وناسیۆنالیزمی دوای شۆڕشی مەزنی فەرەنسییە. بەمەش، فۆکۆیاما ئاسا، کۆتایی بە مێژوو دەهێنین. چونکە، کۆدژی وململانێ لە نێوان یەکێتی خوێن وناسیۆنالیزم وکەلتووردا نامێنێ وگونجاندن ڕوودەدات، بەمەش پەی بە هەقیقەتی

[1] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥

ڕەها [1] لە پرۆسەی دیالێکتیکدا دەبرێ، کە مەبەست لە هۆشیاری خودیی وڕەسەنایەتی نەتەوە وگەلانی جیهانە.

دوا وتەم ئەوەیە کە بێژم، تەواوی ئەو دەنگۆ وقسە وقسەلۆکانەش ڕەت دەکەمەوە کە دەڵێن لە سەردەمی بەجیهانیبووندا، سنوورە نەتەوەیی وجیۆسیاسییەکان وبگرە خودی ناسیۆنالیزمیش کاڵبووەتەوە. گەر لە ڕووی واقیع وپراکتیکەوە، سنوورگەلێك کاڵ بووبنەوە وتوانای بەرگریکردنیان لە بەرانبەر زانیاری وتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وکەناڵە ئاسمانییەکان وماس میدیا وتەکنۆلۆژیای نوێدا نەمابێ، ئەوا لە ڕووی واقیع وتیۆرییشەوە، جیاوازییە کەلتوورییەکان جێگەی خوێن وجیاوازییە نەتەوەییەکان وسنوورە دەستکردەکانیان گرتووەتەوە. واتە، گەر ئەوە ڕاستبێ کە جیهان لە ئێستادا بووەتە گوندێکی بچووکی یەکگرتوو (لە ڕووی پەیوەندییەوە)، ئەوا لەوەش ڕاستتر ئەوەیە کە هەر ماڵ وخێزانێکی ئەو گوندە، پارێزگاری لە یەکێتی خوێن وکەلتووری نێوماڵی خۆی دەکات، لەپێناو ناساندن ومانەوەی شوناسیدا.

مارکس دەیگوت: "کۆمەڵ مرۆڤ دیاریدەکات." [2] واتە، بمانەوێ ونەمانەوێ کۆمەڵ کاریگەریی لەسەر مرۆڤ هەیە. کاتێك، کۆمەڵی

---

[1] هیگڵ: مێژووی فەلسەفە، و: عرفان مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٠

[2] خەلیل شەڵماشی: نەژادی کورد لە لوبنان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥

سەرەتایی لەسەر بنەمای یەکێتی خوێن وخێڵ وهۆزگەلێك دروستببوو، تەواوی مرۆڤەکانیش خێڵەکیی ڕەفتاریان دەکرد، کاتێك کۆمەڵ وابەستەی ناسیۆنالیزم بوو، خودی ئەو مرۆڤەش نەتەوەخواز دەرچوو، کاتێکیش کۆمەڵ وابەستەی کەلتوور دەبێ، بێگومان ئەو مرۆڤەش شانازی بە خوێن ونەژاد وکەلتوور وکەلەپووری خۆی وکۆمەڵەوە دەکات. بە مانای، وابەستەبوون وشانازیکردن بە یەکێتی خوێن وناسیۆنالیزم وکەلتوورەوە، بەڵام لە سێ سەردەمی جیاوازدا. بێگومان، یەکێتی خوێن ونەژاد وناسیۆنالیزمیش لە ئێستادا لە بۆتەی کەلتووردا تواونەتەوە. هەربۆیە، کەلتوور ئەو ڕۆڵە دەبینێ، کە پارێزگاری لە نەژاد وزمان وئایین ونەریت وفەرهەنگ وشوناس وخوێن وخێڵ ونەتەوە وسنووره جیاوازەکان وئاییندەی گەلان دەکات، لەبەردەم شاڵاوی کەلتووره جیاوازەکان لە سەردەمی جیهانگیرییدا. هەڵبەت، ئەمەش ناوەڕۆك وماهییەت وخودی ئەو کەلتوورەیە کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەم پێدا کە ئاخۆ دەبێ چیبێ وهەڵگری چیبێ.

# تەوەری چوارەم

## کەلتوور وەك پرۆژەیەکی هۆشەکیی خەیاڵئامێز

ئەم تەوەرە، تایبەت دەکەم بە کەلتووری کوردیی، بەڵام کەلتوورێك نا هاوشێوەی کەلتووری گەلان لە سەردەمی جیهانگیرییدا، کە پارێزەر وهاوسێی ناسیۆنالیزمە ودەرخەری شوناس وکەلەپووری دێرین ورەسەنی گەلان وئاوێتەی دەروونی تاکەکانە. بەڵکو، ئەو کەلتوورە کوردییە داوەشیوە شەرمەزارە دڕدۆنگە کۆنە باس دەکەم، کە چیتر پێزی نەماوە وکاتییەتی لەڕێی شەڕێکی پیرۆز وبڕیارێکی بوێرانە ومیتۆدی ڕەخنەئامێز، بە کەلتوورێکی نوێی سەردەمییانە بگۆڕدرێت، کە بەها وشکۆ ورەسەنایەتیی بۆ گەلی کورد بگێڕێتەوە ولایەنی ڕۆحیی وسایکۆلۆژیی مرۆڤی کوردیش تیمار بکات.

واتە، لەم سەردەمە هاوچەرخەدا، پێویستە ڕۆشنبیران ونوخبەی کورد بە زووترین کات بڕیارێك لە مێژووی خوێناویی وئایینەدەی نادیاری ئەم گەلە بدەن، لە ڕێی وەلانانی ئەقڵیەتی خێڵەکیی وپەرتەوازەیی وکەلەپوور ولە پێناو بژوێنی ئایینەدەیەکی پرشنگدار. بەڵام، ئەگەر دەسەڵات ونوخبەی کورد هێشتا ئیرادەیەکی وەهایان نەبێ وژینگەی کوردەواری هێشتا لەبارنەبێ، ئەوا پێویستە تاکەکان بە ئیرادەیەك بەو کارە هەستن لە هەناوی خۆیاندا. واتە، ئەوەی بە کردار ناکرێ، دەبا تاکەکان بە مێشك وبە هزر بیکەنە پرۆژەیەکی هۆشەکیی خەیاڵئامێز بۆ کۆمەڵگای کوردەواری. تاوەکو، تاکێکی ڕۆشنبیری ئاگامەندی خاوەن خود فەراهەم

ببیٚ، كه شەڕ لەگەڵ موقەددەسترین كەلەپووری خۆیدا بكات، لەپێناو بەدیهێنانی ئایینده‌یەكی نویٚ كه نوێترین كەلتووری تیادا بخرێتەڕوو. دیاره، مەزنیی ژیاری ئەوروپا، لەوەدابوو كه به ئاشكرا وڕووبەڕوو كەوته شەڕ لەگەڵ كەلەپوور وموقەددەسترین شتەكانی دنیای خۆیدا.[1]

واته، ئەگەر بڕیارێكی بوێرانه وبەدەستهێنانی كەلتوورێكی مەعریفیی ونیشتمانیی ونەتەوەیی وەها له واقیعی كۆمەڵگای كوردیی ئێستادا ئەستەمبیٚ، خۆ هەر هیچ نەبیٚ له خەیاڵدان ویادەوەریی ودەروونماندا دەتوانین وێنا وكاری لەسەر بكەین. بەڵام، مەزنیی گەلی كورد، ئەو كاته دەردەكەویٚ كه بێباكانه بكەوێته شەڕ لەگەڵ كەلتووری كۆن وكەلەپوور وئەقڵییەت وشته موقەددەسەكانی دنیای خۆیدا. ئەوجا، گەر ئێستا له ناو كۆمەڵگای كوردەوارییدا نەتوانین ئەو میتۆده ڕەخنەییه وشەڕه پیرۆزه بەرپابكەین، ئەوا باشتر وایه له هزر وباوەڕ وڕوانگەی خۆماندا ئەو شەڕه گرنگه دەستپێبكەین، وڕەخنه له ئەقڵی خێڵەكیی وكەلەپووریی دەستپێبكەین.

هەڵبەت، ئەوه (ئاینشتاین) بوو، كه وتبووی: "هەردەم خەیاڵ له مەعریفه گرنگتره."[2] واته، ئەوەی له مەعریفەوه ناكرێته واقیع بۆمان، ئەوا دەتوانین له هزر وخەیاڵدانماندا كاری لەسەر بكەین. ئەوەش، بەو

---

[1] هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێكشیتاڵكردنی ئایدیۆلۆجیای هاوچەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥١

[2] حبيب سروري: الخيال اهم من المعرفة، العربي الجديد، ١٢/ مايو/ ٢٠١٦، www.alaraby.co.uk

هیوایەی ڕۆژێکبێ لە واقیعدا ئەو فیکر وخەیاڵەمان بەرجەستە ببێ. کەواتە، یەکەم هەنگاو، هزراندنی دنیابینییەکی ڕەخنەئامێزی ئایدیاڵیزمانەی خەیاڵئامێزی نوێیە لە هەست ونەستماندا، بە شێوەیەك کە ببێتە خولیای نەبڕاوە وهەوێنی کەلتوورێکی نوێ لە ڕێگەی شەڕێکی پیرۆزی نوێوە. بەڵام، بەرجەستەبوونی خەیاڵەکانمان لە هزر و واقیعدا، پەیوەستە بە خودی خۆمانەوە، بەوەی بە ئیرادەیەك بەسەر خەیاڵ ودنیابینی وکەلتوور وکەلەپووری خۆماندا زاڵ بین. هەڵبەت، ئەمەش بە پشتبەستن بە فەلسەفەی (دێکارت)، کاتێك وتبووی: "زاڵبوون وسەرکەوتنی مرۆڤ بەسەر خۆیدا، گرنگترە لە سەرکەوتنی مرۆڤ بەسەر جیهاندا." [1] یان وەك (هانا ئارێنت)، کە دەیگوت: "خۆکۆنترۆڵکردن، دیاردەیەکە لە دیاردەکانی ئیرادە وئیرادەی هێز." [2] مانای، بە ئیرادە بتوانین شۆڕشێکی ڕادیکاڵی پیرۆز بەرپابکەین وبەهۆیەوە زاڵبین بەسەر خود وبیرکردنەوە وخەیاڵ وکەلتوور وکەلەپوورماندا.

دەکرێ ئەو پرسیارەمان لادروستببێ، گەر ئێمە باسی ماهییەتی کەلتوورێکی ئایدیاڵیزمانە بکەین، ئایا تەنها چییەتی وڕۆحی ناسیۆنالیزم لەخۆدەگرێ وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا؟ یا دەشێت بابەتگەلێکیتریش لەخۆبگرێ؟ بێگومان، ناسیۆنالیزم ڕەهەندێکی سەرەکی ئەم هزر وخولیا

---

[1] جان پۆڵ سارتەر: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە، و: ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسوڵ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ٤٥

[2] هانا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم- سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٤٥

وکەلتووره ئایدیالیزمه نوێیەی مێشکمان دەبێ، که کارکردن لەسەری زۆر پێویسته له پێناو پوختەکردنی کەلەپوور وکەلتووری باو وپارێزگاریکردن له ڕەسەنایەتی وشوناسی نەتەوەییمان. لێ، زۆر ڕەهەندیتریش هەن که له شوێنی خۆیاندا ئامارژەیان پێدەدەین وله نێوکۆی ئەم پرۆژه هزرییه ئایدیالەدان، یاخود هێند به هەند وەریناگرین وئامارژەی پێنادەین.

هەڵبەت، ئەم شۆڕشه پیرۆزه وئەم مەزهەبه میسالییەی وەك کەلتوور دەمانەوێت له یادەوەریی ومێشکماندا چەکەره بکات، هاوتەریب دەبێ لەگەڵ فاکتەری جووڵێنەری مێژووماندا، ئەو مێژووەی که سەردەمانێکه تەڵخ ولێڵ وئابڕووبەره وخوازیارین ڕۆشنی بکەینەوه. ئەوجا، خولیای وروژاندن ودنەدانی هەستی نەتەوایەتییش، ئەو فاکتەره کاریگەره دەبێت که جووڵەی مێژوو به شێوەیەك ئاڕاسته دەکات که خوازیارین.

شرۆڤەی ئەم بابەته، له ڕوانگەی مێژوونووسی بەریتانیی (ئارنۆڵد توینبی) * یەوه دەکەین، که بڕوای وابوو تەواوی مێژوو لەسەر دوو بنەمای (هێرش وبەرگری) جووڵه دەکات. به بڕوای ئەو، ئەم دۆخی هێرش وبەرگرییه به شێوەیەکی جەبریی، دەبێته هۆی دروستبوونی

* ئارنۆڵد جۆزێف توینبی: مێژوونووسێکی بەریتانییه له ١٤/ ٤/ ١٨٨٩ز له لەندەن لەدایك بووه وله ٢٢/ ١٠/ ١٩٧٥ز کۆچی دوایی کردووه. ناوبراو له بەناوبانگترین مێژوونووسەکانی سەدەی بیستەم بووه، وخاوەنی ئینسایکلۆپیدیای لێکۆڵینەوەی مێژوو بووه.

شارستانییەت وکەلتوور وکۆمەڵگای نویێ، کە گەشە دەکات ولاواز وپیر دەبێ ولە بەرانبەر هێرشی شارستانییەت وکەلتوور وکۆمەڵگایەکیتردا بەرگری دەکات ولەناودەچێ. وەلێ، ئەم شارستانییەت وکەلتوور وکۆمەڵگا نوێیە، پاشئەوەی بەرەو گەشەسەندن دەڕوات، ئیدی بەرەو تەواویی وپیری ومەرگ دەچێت ودەکەوێتە بەر هێرشی هێزێکی نوێی گەنج. ئەمەی باسکرا، میکانیزمی هێرش وبەرگرییە، کە هەم هۆ وهەم هۆکاری جووڵەی مێژوو نیشان دەدات، کە دەتوانین بیهێنینە نێو مێشکی خۆمانەوە.[1]

هەڵبەت، لە وەڵامی ئەوەی: "ئایا شارستانییەتێك کەلتوورێك کۆمەڵگایەك، دەتوانێت هەمیشە دۆخی هێرشەکەی بپارێزێت ونەکەوێتە دۆخی بەرگری ولاوازییەوە؟" هەرچەندە، توینبی وەڵامی ئەمەی بە تەواوەتی نەداوەتەوە لەبەرئەوەی بە بڕوای ئەو ئەمە دۆخێکی جەبرییە، بەڵام ئاماژەی بەوەش داوە کە دەکرێت حاڵەتی لاوازیی وبەرگریکردن دوابخرێت ودوچاری لێژیی وکەوتنی لەناکاو نەبێت. شایەنی باسە، ئەم وتانەی توینبی، وتەکانی پێشووی هنتنگتۆنمان وەبیردێنێتەوە دەربارەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە دەتوانن مردن ولەناوچوونی خۆیان دوابخەن یاخود لێکهەڵوەشاندنیان بوەستێنن، بەوەی هەردەم هێرشبەر

---

[1] د. عەلی شەریعەتی: فەلسەفەی مێژوو، و: توانا حەمەد ڕەسوڵ، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی سایە بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران– تاران، ٢٠١٦، ل ١١٧

**بن وله ڕێی شوناسی نەتەوەیی وئامانجی نەتەوەیی وبەها کەلتوورییە هاوبەشەکانەوە، هۆشیاریی خۆیان نویٚ بکەنەوە.[1]**

**بە بڕوای توینبی، هەموو ئەو شارستانییەتانەی مێژوو کە ئێمە دەیانناسین، لە دوای کۆچکردنەوە دروستبوون. یەکەمین شارستانییەتە گەورەکان، لە وڵاتی دوو زیٚ، سۆمەر، بابل، ئەکەد، ئاشوور، میسر وچەندین وڵاتیتر، لە دوای کۆچکردنیانەوە بۆ ئەم شوێنگەلانەیان دروستبوون. بەڵام، بە بڕوای ئەو، هەر ئەو دانیشتوانە ڕەسەنانەی لە ناوچەکانی خۆیاندا دەمێننەوە، هۆکاری دروستبوونی شارستانییەت نەبوون، لەبەرئەوەی لە دۆخی نیشتەجێبوون وبەرگری ولاوازییدا بوون. چونکە، یەکێك لە نیشانەکانی نیشتەجێبوون لاوازییە، نیشانەی جووڵەکردنیش هێزە. لەبەرئەوەی، کۆچەر هەردەم جووڵاو وهێرشبەرە، بۆیە بەهێز وبەدەسەڵاتە.**

**ئەو دەڵیٚ، سوور پێستە ڕەسەنەکان چەندین سەدە لە ئەمریکادا ژیاون،[2] سەرەڕای ئەوەی پڕچەکیش بوون، بەڵام نەیانتوانیوە شارستانییەتێك دروستبکەن. لە کاتێکدا، کۆیلەفرۆشەکان ودەستە ڕاو وڕووتچییەکانی ئەوروپا کە بۆ ئەویٚ کۆچیانکرد، گەورەترین شارستانییەتیان دروستکرد، لە هەمووشیان گرنگتر وئاشکراتر، شارستانییەتی**

---

[1] صمويل ب. هنتنجتون: من نحن؟، ت: أحمد مختار الجمال، مصدر سابق، ص ٤٣

[2] سوور پێستەکان: وتار، ویکیپیدیا، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادەوە، ١٤/ ١٠/ ٢٠١٨، ckb.wikipedia.org

ئەمریکایە، کە بە تەواوی شارستانییەتی کۆچکردووەکانە. کەواتە، کۆچکردن بە درێژایی مێژوو، یەکێك لە گەورەترین هۆکارەکانی بنیادنانی شارستانییەت وکەلتوور وفەرهەنگی نوێ وکۆمەڵگایە. چونکە، کۆچکردن، فراوانبوونی جموجووڵی جیهانی مرۆڤە.[1]

وەلێ، بە گەڕانەوە بۆ بابەتەکەمان، دەکرێت بڵێین کورد چونکە هەردەم لە شوێنی بنەڕەتی خۆیدا ماوەتەوە وهەرگیز دەستی بۆ خاکی هیچ گەل ونەتەوەیەکیتر نەبردووە، بۆیە سەرباری جوامێریی، هەموو کات لە دۆخی لاوازیی وڕاکردن وبەرگرییدا بووە. بەمەش، سەدە دوای سەدە وساڵ بە ساڵ پێگەی جوگرافی وقەوارەی بچووك بووەتەوە. بێگومان، ئەو کاتەشی کورد لە بەرانبەر داگیرکەراندا باس لە ئاشتی دەکات، بێشك لە لاوازییەوەیەتی نەك بەهێزیی. بە ئێستاشەوە، داگیرکەرە کۆچکردووەکانی تورك وعەرەب وفارس وچەندین کۆچەرییتر، هەردەم خاکی خۆمانیان پێڕەوا نەبینیوین وبەشگەلێکیان لە خاکی پیرۆزمان بۆ خۆیان دابڕیوە.

ئەی ئەوە نییە، میر شەرەفخان لە شەرەفنامەکەیدا نەخشەی کوردستانی گەورەی لە سەدەی شازدەی زایینییدا بۆ نەخشاندووین، کە لە مەلاتییەوە دەستپێدەکات ولەسەر ڕۆخەکانی خەلیج کۆتایی دێت؟[2] ئا

---

[1] د. عەلی شەریعەتی: فەلسەفەی مێژوو، و: توانا حەمەد ڕەسوڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٤

[2] شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٤

**لەم سەردەمەدا، دەتوانین بێجگەلە خۆمان، قەناعەت بە عەرەبێك توركێك فارسێك بێگانەیەك بهێنین كە ئائەمە بووە خاك ونەخشەی كوردستان؟ ئایا بە شێت ونەزان لە قەڵەممان نادەن؟ ئەوەشمان لەبیر نەچێ، دەوڵەتی مادی كوردیی كە لانكی گەلانی ئاری بووە، پایتەختەكەی شاری هەمەدان (ئەگباتان) یان (هیگباتانا) [1] بووە. ئایا، كوردێكی ڕۆژهەڵات لە ئێستادا دەتوانێ بڵێ ئەوە شاری باب وباپیرانم بووە؟ بێگومان، نەخێر ناتوانێ. باس لەوە دەكرێ، سۆمەرییەكان ڕەگەزە سەرەتاییەكانی گەلی كوردبن، بەڵام ئێمەی كورد كە تەواوی مێژووەكەمان لەلایەن داگیركەر وبێگانەوە دزرابێ، ئەتوانین بە بەڵگەی مێژوویی ئەمە بسەلمێنین؟ نەخێر، چونكە وێڕای كەمتەرخەمیی خۆمان، ئەو خاكانەی سەردەمانێك ئەوانی تێدا نیشتەجێببوون، ئێستا لە لایەن عەرەبەوە داگیركراوە، هەروەك شوێنەكانیترمان.**

**ئەكزەینەفۆن، لە ساڵی (٤٠١) پ. زدا، كاتێك سوپا دە هەزار كەسە بەكرێگیراوەكەی لە ئێرانەوە دەكشێنێتەوە، بەپێی بەڵگەنامەكان، لە نزیك شاری (زاخۆ)ی ئێستادا تووشی گەورەترین شكست وزیان دەبێت بەدەست كوردەكانی ئەو ناوچەیەوە كە بە (كاردۆخییەكان) ناویان دەبات. ئەو، لە كتێبەكەیدا بە ناوی (ئاناباسیس)، [2] دەڵێ: "بەربەرییەكان، تەنگیان بە سوپا هەڵچنی ولەبەر لەش سوكییان بە ئاسانی لەدەست**

---

[1] كەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی كورد، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕەهەند– سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ٤٧

[2] مایكڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی كورد، و: مامكاك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١

**دەردەچوون. چونکە، وەك داب ونەریتی هەمیشەیان، کە دوژمن لێیان نزیك دەبێتەوە ئەوان ڕادەکەن." [1] هیچ گومانی تێدا نییە، کورد، لەو سەردەمەوە تا ئێستا هەر فێرە ڕاکردنە، بۆیە هەردەم خاکی داگیرکراوە وئاوارە بووە ونەیتوانیوە شارستانییەتێکی گەورەی تێدا دروست بکات. دواتریش، بە بێ پلان ناچار بووە بەرگری لەو پچکە خاکەی ماویەتی بکات. بێشك، لە ڕوانگەی توینبییەوە، تەواوی ئەم کارانەی کورد دەچنە خانەی لاوازیی وبەرگری وقۆزاخەیی ودەستگرتن بە کلاوەوە. کەواتە، ئەو کەلتوورە هزرییەی لە مێشکمان ویادەوەرییماندا دەبێ سەوزببێ، پێویستە لە دۆخی بەهێزیی وهێرشدابێ نەك لاوازیی وڕاکردن.**

**هەژیی گۆتنە، دەشێت ئەم بیرۆکەیەی (توینبی) بە یاسای یاخود بە جوولەی دیالێکتیکیی (هیگل) بچوێنین، کە بە گوێرەی ئەم بیرۆکە فەلسەفییە ئایدیالییە هیچ شتێك تا سەر کۆتایی وڕەها وپیرۆز نییە. لەم دیالێکتیکەی هیگلدا، (لەناوچوون) مەسەلەیەکی ناچارییە (حتمي). هەربۆیە، جگە لە بەردەوامیی ڕەوتی گەشەسەندن ونەمان (هێرش وبەرگری)، هیچ شتێك توانای وەستانەوەی لە بەرانبەر ئەم کارە حەتمییەدا نییە. [2] بە زمانێکی پاراوتر، دەشێت بڵێین لەم ڕەوتە جەدەلییە مێژووییەدا، هەموو بوون وشتگەلێك، بە شێوەیەکی حەتمی تا سەر وەك**

---

[1] میریلا گالیتی: کەلتووری کوردی لە دانراوی ئیتالییەکاندا لە سەدەکانی (١٣–١٩)، و: ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥

[2] ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وکۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، و: سالار ڕەشید، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ك)، ٢٠٠٥، ل ١٦

**خۆی نامێنێتەوە وگۆڕانکاریی بەسەردا دێت، چونکە ململانێ وکۆدژیی لە ئارادایە.**

**کەواتە، بە نەمانبێ یان بە گەشەسەندن، گۆڕان لە ئارادایە وهەرگیز ڕێگریی لەم ڕەوتەش ناکرێ. هەموو ئەم گۆڕان وجووڵە مێژووییەش، دواجار بۆ گەیشتن وگەڕانە وە دووی (حەقیقەتی ڕەها)دا، کە بوون وئازادیی وهۆشیاریی خودییە." [1] واتە، مەبەست لە درککردنی بیرۆکەی حەقیقەتی ڕەها، بەدەستهێنانی ئازادیی وگەیشتنە بە ڕاستیی وهۆشیاریی خودیی وڕۆح وجەوهەر وخود. [2] کە بە بڕوای هیگڵ، سەرلەبەری لە پێکهاتەی دەوڵەت (کۆمەڵگای سستماتیك)دا بەدیدێ، کە کۆتایی مێژوو ودوایین ئامانجی لۆژیکیی وئەقلانیی مرۆڤە. مانای، تەنها لە دەوڵەتدا تاکەکان سەربەخۆن وهەست بە بوون وئازادیی خۆیان دەکەن، چونکە دەوڵەت بیرۆکەیەکی خوداییە لەسەر زەوی، [3] یان ڕۆحی یەزدانە لەسەر زەوی. [4]**

---

[1] هیگڵ: مێژووی فەلسەفە، و: عرفان مستەفا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٠

[2] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٨

[3] عبدالله بوقرن: الاخر في جدلية التاريخ عند هيجل، بحث جامعي لنيل شهادة دكتوراه العلوم في الفلسفة، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، قسم الفلسفة، جامعة منتوري قسنطينة– الجزائر، ٢٠٠٧، ص ٤٠٢

[4] د. موسا ئیبراهیم: فیکری سیاسیی خۆرئاوا لە مەکیاڤیلیەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٠

کەواتە، هیگڵیش هەمان بۆچوونی توینبی هەبووە، دەربارەی نیشتەجێبوون وسەقامگیریی وئاشتی ومانەوە لە شوێنی خۆدا. لەبەرئەوەی، بە بڕوای ئەو، بوونی ململانێ وناکۆکی لە نێوان دژەکاندا ئامرازێکە بۆ بەرەوپێشچوون وگەیشتن بە هەقیقەت. مانای، دەبێ ناکۆکی هەبێ تا دواجار بگەنە پێکەوە گونجان، بەمەش پەی بە هەقیقەتی ڕەها دەبەن. بە واتایەکیتر، لە دیدی ئەودا، کۆدژیی (هێرش)، پرەنسیپی جووڵە وگۆڕانە لە جیهاندا. لە کاتێکدا، جێگیریی (بەرگری)، گوزارشت لە گەندەڵی وخەوتن وسڕبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم گەشەی مێژوویی، لە پێناو گەیشتن بە مەبەست کە پێشکەوتن وگەشەسەندن وگەیاندنی ڕۆحی جیهانە بە ئاستی خۆناسین وخۆتەواوکردن. [1]

وەك وەبیرهێنانەوەیەك، گەلی کورد، لە سەردەمانێکدا خاوەنی دەوڵەتێکی بەهێزی ناوچەکەی بووە، مەبەستیش لە دەوڵەتی (ماد)ە کە لە نێوان سەدەکانی هەشتەم بۆ شەشەمی پێش زاییندا بووە. [2] بەڵام، هەر بەپێی ئەم فەلسەفە دیالێکتیکییە، دواجار ئەم دەوڵەتەی لە دەست دەرچووە ونەماوە کە سروشتی ئەم ڕەوتەیە. وەلێ، بە بڕوای هیگڵ وهەر بەپێی سروشتی ئەم ڕەوتە حەتمییە، هەموو لەناوچوونێکیش جارێکیتر

[1] د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مصدر سابق، ص ٢٤١

[2] د. کەیوان ئازاد ئەنوەر: مێژووی دەرکەوتنی ئایینەکانی ئێزدی وکاکەیی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەژار موکریانی، چاپخانەی تاران– تاران، ٢٠١٨، ل ٢٣

بەرەو گەشەسەندن دەچێتەوە. چونکە، هەموو حاڵەتێکی ئاڵۆز، تۆوی ناکۆکیی ودارمانی خۆیی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە. [1] بە کوردییەکەی، دەبێت ئەو قەناعەتە لای خۆمان بڕەخسێنین کە پێدەچێت جارێکیدی گەلی کورد بە دەوڵەتی خۆی لە سەردەمێکی نوێدا شادبێتەوە، بەوەی ڕەوتی مێژوو وا دەخوازێ وئەم کارە دەخولقێنێ، کە ئەمەش مانای گەیشتنە بە کۆتایی مێژوو. بە واتای، ئێمەی کورد، سەرباری هەموو داگیرکارییەك وجینۆساید ونەهامەتییەك، هەرگیز ناشێت ونابێت بێهیوابین لە نەگەیشتن بە دەوڵەتی کوردیی. هەربۆیە، سەرەتا پێویستە هەر هیچ نەبێ، هەوێنی ئەو دەوڵەت وپرۆژە ئایدیاڵییە نەتەوەخوازییە وەك کەلتوورێکی نوێ، لە مێشکی خۆماندا بئافرێنین.

گەر، ئاوڕێك لە ڕەوتی شارستانییەتەکانی جیهان لە مێژوودا بدەینەوە، ئەوا سەرەتا گەلەشارستانییەتی ڕۆژهەلات دێتە بەر دیدە وخەیاڵمان کە دەسپێکی شارستانییەتەکان بووە وژیارگەلی ژاپۆن، چین، هندستان، میزۆپۆتامیا، فارس، میسری فیرعەونیی دەگرێتەوە. پاشان، ڕەوتی ئەم گەلەژیارە دەپەڕێتەوە بۆ ڕۆژئاوا، کە یۆنان، ڕۆما، تەواوی ئەوروپای خۆرئاوا ودواجاریش کیشوەری ئەمریکا بەتایبەت باکووری دەگرێتەوە. هەڵبەت، پاش نەمان وئاوابوونیان، ئەوەتا ئەمڕۆ جارێکیتر تابۆ وڕۆحی ئەم شارستانییەتانە بە بەری لاشە وخۆڵەمێشی زەوی ژاپۆن وچین وهندستاندا دەکرێتەوە. واتە، گەر بە یەکەم فووکردن لەناوچووبن، ئەوا بە

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٩

دووەم فووکردن جارێکیتر لە نێو خاك وخۆڵی خەراباتی هەزاران ساڵەدا بە زیندوویی هەڵدەستنەوە. وەلێ، گوڵەوەچنەی مەبەست، ئەوەیە کە بڵێم لێگەڕێن با ڕۆحی پیرۆزی هەزاران ساڵەی دەوڵەتی کوردییمان بە فوویەکی پیرۆزی شەیپوری فریشتەیەکی خودایی، سەرلەنوێ بکرێتەوە وەبەر لاشەی پارچەپارچەکراو وداڕزاوی تابۆی ئەو دەوڵەتەماندا.

جێی باسە، پاشئەوەی کرۆك وماهییەتی ئەو پرۆژە کەلتوورییە هۆشەکییە خەیاڵئامێزەی مێشکمان خستە ڕوو، ئینجا دێینە سەر بەشێك لەو کەلێن وخەوشانەی لە کەلتووری باوماندا مایەی پێداچوونەوە وگۆڕین وشەرمەزارییین، کە پێویستە پەنجەی بخەینە سەر وچیتر درێژەی پێنەدەین ولە ڕوانگەی بەهێزیی وگەشە وئەقڵ ومەنتیقەوە گوڵبژێری بکەین وبیکەینە بەیارێکی بەپیت، کە لێیەوە هێرش بکەینە سەر کەلەپوور وکەلتوور وئەقڵییەتی ڕابردوومان.

ڕەهەندێکی گرنگی پرۆژە کەلتوورییە ئایدیاڵەکەی مێشکمان، هەڵبەت سڕینەوە ولەمێخهەڵکێشانی کەلتووری ڕەتکردنەوەی یەکترە. بە مانای، دەستبەرداری نەخۆشی یەکتر ڕەتکردنەوە وڕق وکینە بەرانبەر بە یەکترییین. بێگومان، کوشندەترین نەخۆشی کە لە مێژوودا دووچاری گەلی کورد بووە، دژایەتی وسڕینەوەی یەکتر وپەرتەوازەییە. بەڵگەنامە مێژوویەکان، ئەوەیان سەلماندووە کە سەرباری ئەوەی سوڵتانەکانی عوسمانیی بە چاوی سووك سەیری میرە کوردەکانیان کردووە، هەردەم فشاریان خستوونەتە سەر وبەگژ یەکتریشیاندا کردوون. لەبەرئەوەی، دەیانزانی کورد یەکگرتوو نین.

**شایەنی وتنە، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بووە کە (گاوا)ی مامۆستای سوڵتان (موراد) وتوویەتی: "کورد تەنیا لە (أشهد أن لا اله الا اللّه) [1] ولە ئیماندا یەکن." [2] هیچ گومانی تیادا نییە، بەشێکی زۆری گەلی کورد سەرباری زانینی ئەم ڕاستییانەش، کەچی لە ئێستاشدا بە هەمان ئەقڵییەتی سەردەمی میرنشینان بیردەکەنەوە. مکووڕم لەسەر ئەوەی، دەسەلأتدارانی هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی ناوخۆ ولە نێوان خۆشیاندا وەك حزب، هەمان ئەقڵییەت وهەمان کەلتووری کۆن پەیڕەو دەکەن.**

**هەر لەسەر بابەتی یەکنەگرتوویی کوردان، لە شەرەفنامەدا وتەی یەکێك لە مێژوونووسەکانی دەوڵەتی عوسمانیی نووسراوە، کە گوایە وتوویەتی: "مانەوەی کوردان بە لێکترازاوەیی، بەهۆی موحەممەدی پێغەمبەرەوەیە کە نزای کردووە یەکنەگرن، چونکە بە یەکێتی کوردەکان، جیهان وێران وکاول دەبێت." بە مانای، ئەم مێژوونووسە، هۆکاری یەکنەگرتوویی وپەرتەوازەیی کوردانی بۆ ئەو نزایە گەڕاندووەتەوە. هەر لە شەرەفنامەدا، هەژاری شاعیر بە تەنزەوە دەگێڕێتەوە کە گوایە: "ئوغوزخانی تورکستانیی، بوغدوزی کوردیی ناردووەتە لای پێغەمبەر (د.خ)، بەلأم بوغدوز ئەوەندە ناشرین وڕەزا گران بووە، پێغەمبەر بێزی لە**

---

[1] د. شەمسی محەمەد ئیسکندەر: مێژووی کورد لە سەدەی ١٦ هەمدا، و: شوکور مستەفا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلأوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس– هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٨

[2] شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦

چڕوچاوی هەڵقرچاوی هەستاوە ولە داخان نەفرینی لە هەموو کوردی سەر زەمین کردووە." [1] لە ڕاستیدا، ئەمە ئاست نزمیی ڕۆشنبیریی وئەقڵییەتی شەڕەنگێز ودواکەوتووی ئەوان ودەرخستەی یەکنەگرتوویی ئێمە دەردەخات.

هیچ گومانی تیادا نییە، لە بەرانبەر یەکتر سڕینەوە ویەکنەگرتوویی وپەرتەوازەییمان لە نێوخۆدا، هەردەم گوێڕایەڵ وخزمەتکار ودڵسۆزی بێگانە وجیهانی دەرەکیی بووین. دەگێڕنەوە، کە دایکی سوڵتان (بایەزید)، لە سوڵتانی کوڕی پرسیوە کاتێك لە یەکێك لە شەڕەکانی دژ بە سەفەوییەکان گەڕاوەتەوە، کە بۆچی بەرەی شەڕی جێهێشتووە وبێخەمە؟ لە وەڵامدا، سوڵتان وتوویەتی، لە نێوان خۆم وسەفەوییەکاندا دیوارێکم هەڵچنیوە، کە هەرگیز ناتوانن بە سەریدا باز بدەن. دیارە، دایکیشی سەری سووڕماوە لەو وەڵامە وگوتوویەتی ئەمە چۆن دەبێ، لە کاتێکدا سنوورێکی دوور ودرێژ لە نێوان تۆ وئەواندایە؟ لە وەڵامیشدا، سوڵتان وتوویەتی ئەو دیوارەی کە من دروستم کردووە، لە گۆشت وئێسقان پێکهاتووە، دیوارێکە لە هۆزەکانی کورد. [2]

گەر، لەبارەی پەرتەوازەیی وباری دەروونیی کوردەوە کەمێك بدوێین، دەبینین کۆمەڵناسی فەرەنسیی (فرانز فانۆن)، لە کتێبی (چەوساوەکانی

---

[1] شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦

[2] جان دۆست: منی کوردی سەرگەردان وخەونی یەکێتی، باسنیوز، ١٥/ کانونی یەکەم/ ٢٠١٨، www. Basnews.com

سەر زەوی)دا [1] بابەتێکی زۆر بە جوانیی گەنگەشە کردووە کە دەشێت بە تێڕوانین لێی، وەك ئاوێنەیەك ڕوخسار وڕەفتار وهەڵسوکەوتی سەدان ساڵەی کوردی تیادا بەدیبکەین. ئەم کتێبەی ناوبراو، وەکی لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی وسایکۆلۆژی، باس لە کۆمەڵگای کۆلۆنیالیی (مستعمرة) وملانملانی ئیمپریالیست (داگیرکەر– مستعمِر) وکۆلۆنیالیست (داگیرکراو– مستعمَر) وشۆڕش وخەباتی چەکداریی دەکات. بەڵام، نیازی وتنی ناوبراو، ئەوەیە کە بڵێ ویڕای ئەوەی ئیمپریالیست هەردەم بە نزم سەیری کۆلۆنیالیستی کردووە وخۆی بە گەورە وسەرداری ئەو زانیوە وکەرامەت وخاکەکەی داگیرکردووە، بە هەمان شێوە کەسی داگیرکراویش هەردەم بارگاویی بە ڕق وکینە بووە وچاوی لە خاکە داگیرکراوەکەی بووە، کە بەلایەوە هەردەم مانای نان وکەرامەتی گەیاندووە. هەڵبەت، ئەو یەقینەشی بۆ دروست بووە، کە تاکە بژاردە بۆ دەربازبوون لەو دۆخە، تۆڵەسەندن وهێزبەکارهێنان وڕابوون وشۆڕشی چەکدارییە.

فانۆن، دەڵێ سەرباری داگیرکاریی وپەراوێزخستن ودەربەدەریی وبرسێتی وهەژاریی، ئیمپریالیست هەموو کات درۆش لەگەڵ کەسی کۆلۆنیالیست دەکات. لە بەرانبەردا، ئەم کەسە خاك وناخ داگیرکراوەش، بە هەمان شێوە فێردەبێ درۆ لەگەڵ داگیرکاردا بکاتەوە، بەڵام ڕاستگۆ

[1] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥

**لەگەڵ هاوزمانانی خۆیدا.** [1] **ئەو دەڵێ، لەبەرئەوەی کەسی ژێردەستە هەردەم لە ترس ودڵەڕاوکێدایە، بێشك یەکەم شت کە فێردەبێ، قۆزاخەیی وبێمتمانەیی وهەستکردن بە کەمیی وسنوور نەبەزاندنە.**

**وەك کاردانەوەیەکی دەروونیی، کەسی ژێردەستە، هەردەم خەون بە ئازایەتی وئازادیی وڕاکردن ودەربازبوون وهێز وبازووەوە دەبینێ. وەلێ، خەون بەوەوە دەبینێ کە چۆن ڕاویدەنێن وخۆی دەرباز دەکات، چۆن لە پڕێکدا دەست دەوەشێنێ وتۆڵەی خۆی دەکاتەوە و وەکی بروسکە هەڵدێت، خەون بە زەبر وتوندوتیژی وشەڕکردن وهێزبەکارهێنانەوە دەبینێ. هەربۆیە، لە واقیع وبێدارییشدا خوازیاری بەدیهێنانی خەونەکانییەتی. بێمکووڕیکردن، بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەم خەون وگڕێ و وزە زۆرەی هەیەتی، سەرەتا لە کەسە نزیکەکان وهاوتاکانی خۆیەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە بنەماڵە وخێڵ وهۆز. واتە، وێڕای ئەوەی داگیرکاری بێگانە خاکی ئەمی داگیرکردووە، کەچی بەگژ هاونیشتمانییانی خۆیدا دەچێتەوە. لەبەرئەوەی، ئەوەی لە بەرانبەر داگیرکاری بێگانەدا پێیناکرێ، لە بەرانبەر هاوڕەگەزی خۆیدا بە ئاسانی بۆی ئەنجام دەدرێت.**

**لە ڕووی دەروونناسییەوە، تەواوی ئەم کارە نەرێنییە، ئەوە دەردەخات کە کەسی داگیرکراوی ژێردەستە دەیەوێت واقیعی تاڵی خۆی ڕەتبکاتەوە**

---

[1] فرانز فانون: معذبو الارض، ت: د. سامي الدروبي، د. جمال اتاسي، الطبعة الثانية، مدارات للابحاث والنشر- القاهرة، ٢٠١٥، ص ٢٩

**وخۆی قایل بکات بەوەی ئازادە، یان ئەو پەیامە بگەیەنێ کە بڵێ من هەم وداگیرکەر نییە. دواجار، ئەمەش مانای شەڕی هەموان دژ بە هەموانە.** [1] **دیارە، لە دۆخێکی وەهاشدا، (هۆبز) وتەنی: "مرۆڤ دەبێت بە گورگ، بۆ برای خۆی."** [2] **وەلێ، ڕەتکردنەوەی یەکتر وگرژیی وبراکوژی وململانێی خێڵەکیی کورد، باشترین نموونەیە. لێرەوە، دەگەینە ئەو پێناسەیەی لە دێرزەمانەوە بۆ کورد کراوە، بەوەی "کورد سەرباری ئەوەی بە ئازا وچاونەترس وجوامێر ناوی دەرکردووە، کەچی لە نێوخۆدا خۆخۆر وناکۆك ویەکنەگرتوو وپەرتەوازەن" کە ئەمەش بە پلەی یەکەم (تێکشکانی خود)ە.** [3]

**کەواتە، لە ناو هەموو پەیوەندییەکی داگیرکاریی وکۆڵۆنیالییدا، کردەی شکاندنی کەرامەت ئامادەیە. هەر ئەمەیە وایکردووە، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆش لە نێوان مافی بەکارهێنانی توندوتیژی وتیمارکردنی کەرامەتێکی بریندارکراو هەبێ. لەبەرئەوە، پەنابردن بۆ توندوتیژی، لەبۆ تیمارکردنی برینە سیاسیی ودەروونییەکانی کۆڵۆنیالیزم وداگیرکارییە، وبۆ ساڕێژکردنەوەی کەرامەتی شکێندراوە. دیارە، بە ڕوویەکیتردا، نەك کردەوەیەکی ڕەوایە بەڵکو پێداویستییەکی سیاسیی وفەرهەنگیی**

---

[1] د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مصدر سابق، ص ٩١

[2] کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، کاکێشان، ژمارە (٦٠٣٥)، چوارشەممە، ٢٧/ ٣/ ٢٠١٣، ل ٤

[3] فرانز فانون: معذبو الارض، ت: د. سامي الدروبي، د. جمال اتاسي، مصدر سابق، ص ٣٢

**وسایکۆلۆژیشه.[١] هەڵبەت، نموونەی خەباتی چەکداریی گەلی کورد، وەك کردەیەکی توندوتیژی ڕەوا،[*] لێرەدایە کە پراکتیزە دەبێ. لە دیدی فانۆندا، مرۆڤی داگیرکراو وکەرامەتشکێنراو، تەنها لە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە دەتوانێ خۆی لە سەرجەم ئیهانەکاریی وگرێ دەروونییەکانی کۆلۆنیالیزم وداگیرکاریی ڕزگار بکات. بەتایبەت، گرێی خۆ بەکەمزانیی وتەماهیکردن لەگەڵ داگیرکەران خۆیاندا.[٢]**

**هیچ گومانی تێدا نییە، کاتێك خێڵ وهۆزە کوردەکان لە کۆندا وپارتە سیاسییەکان لەم دواییەدا وەك کەلتوورێك پێکهەڵدەپژان، یاخود ناوە ناوە شۆڕش وڕاپەڕین وخەباتی چەکدارییان لە دژی داگیرکەران بەرپا دەکرد، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، بەپێی ئەم تیۆرە گریمانەییە بووە، کە لە لایەکەوە بەرانبەر یەکتر هێز وتۆبزیی ویەکترسڕینەوە وتوندوتیژییان**

---

[١] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦

[*] هەرچەندە لە بارودۆخێکی وەك کۆمەڵگای کوردەوارییدا لە بەرانبەر ستەم ولەوتاندن وملهوڕی داگیرکەران بە ناچاری پەنا براوەتە بەر شۆڕش وخەباتی چەکداریی وتوندوتیژی میللی، بەڵام سەرباری ئەوەش کردەی توندوتیژ ڕەوایەتی تێدا نییە، هەروەك چۆن دەوترێت شۆڕش گەر شەرعییەتیشی هەبێ مەشروعییەتی نییە. واتە، گەر زۆرینەی گەلیشی لەگەڵدا بێت بەڵام یاسایی نییە، لەبەرئەوەی تەنها سندوقی دەنگدان کارێکی یاساییە بۆ کۆتاییهێنان بە سیستمێکی حوکمڕان. ئەوەی کە ڕەوایی دەدات بە توندوتیژی، تەنها ئایدیۆلۆژیا وبیروبۆچوونە کۆمۆنیزم وڕاسیزم وناسیۆنالیزم وفەندەمێنتاڵیزمەکانە.

[٢] مەریوان وریا قانع: مرۆڤ وکەرامەت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٥- ١٨٦

بەکارهێناوە، لە لایەکیتریشەوە بەرانبەر داگیرکار خەباتی چەکداریی وتوندوتیژییان بەکارهێناوە، هەموو ئەمەش لە پێناو بەدەستهێنانەوەی خاکی داگیرکراو وکەرامەت وکوردبوون وهەوڵی زاڵبوون بەسەر گرێ وگۆڵی دەروونییدا بووە.

هەر لەم نێوکۆیەدا، ناکرێت ئەوەش بە هەند وەرنەگرین، کە هەر جۆرێکی توندوتیژیی وهەڵشاخان بە ڕووی یەکتردا، مایەی زیانە. ئەوجا، داگیرکاریش هەردەم بە ناکۆکی وڕەفتارێکی وەها شاگەشکە بووە وبە پێی بەرژەوەندی خۆی دەستێوەردانی کردووە وئەمی بە گژ ئەویتردا کردووە، یان بووەتە ناوبژیوان یا تەماشاکەر، کە هیچی لە بەرژەوەندی لایەنی ژێردەستەدا (کورد) نەبووە. سەرەنجام، کەسانێکی نیشتمانپەروەر ودڵسۆز وڕۆشنبیر، وێڕای بێزاریی لە دۆخێکی ناوخۆی وەها، دواجار خەونیان بەوەوە بینیوە کۆچ بەرەو وڵاتانیتر وخاکی داگیرکار بکەن، بەوەی خاکی ئازادییە. هەڵبەت، کۆچی (خانی ونالی وحاجی قادری کۆیی وسەرهەڵگرتنی مەولانا خالیدی نەقشبەندی [1] وچەندینیتر) ڕاستاندنی ئەم قسەیەن. یاخود، کۆمەڵێك لە ژێردەستە نیشتمانپەروەرەکان، خەون بەوەوە دەبینن کە چۆن بەسەر ڕەوشی داگیرکاریی وگرێی خۆبەکەمزانییدا زاڵبن وتۆڵە بستێنن لە بێگانە، لە

---

[1] ئازاد تۆفیق خەیات: (نالی، دانتێ) وێکچوونێکی فرەڕەهەند، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٣

**ڕێی شۆڕش وخەباتی چەکداریی ودامەزراندنی دەستە وگرووپی فەرهەنگیی– کۆمەلأیەتیی– کەلتووریی– نەتەوەیی وپارتی سیاسییەوە.**

**شایەنی باسە، شۆڕشی عەڤدالْ خانی بەدلیسی لە ١٥٧٤ز، ڕاپەڕینی میر عەلی پاشای جانبولاد لە حەڵەب لە ١٦٠٧ز، شۆڕشی چەکداریی بەکر بەگی کوڕی سلێمان بەبە دژ بە عوسمانییەکان لە ١٧١٦ز، [١] ڕاپەڕینی خێڵەکانی جیهان بەگ لە مالأتیا لە ١٧٦٥ز، عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە ١٨٠٦ز، ئەحمەد پاشای بابان لە ١٨١١ز، بەدرخان بەگ لە ١٨٤٢– ١٨٤٧ز، یەزدان شێر لە ١٨٥٣– ١٨٥٥ز، حسێن بەدرخان لە بۆتان لە ١٨٧٩ز، شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە ١٨٨٠ز، ڕاپەڕینی بڵباس بە سەرۆکایەتی هەمزاغا لە ١٨٨١ز، [٢] شێخ عەبدولسەلامی بارزانی لە ١٩١٢ز، سمایل خانی سمکۆی شکاك لە ١٩١٨ز، [٣] شێخ مەحمودی حەفید لە ١٩١٩ز، [٤] قۆچگیریی لە ١٩٢٣ز، (بەیتول شەباب)ی [٥] جەمعییەی ئازادی کە لە (٣–٤/ ٩/ ١٩٢٤ز) ئیحسان نوری پاشا**

---

[١] سالْح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٩

[٢] باسیلی نیکیتین: الکرد، ت: د. نوری گالبانی، مصدر سابق، ص ٣٢٠– ٣٢٤

[٣] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٢

[٤] خەلیل شەلْماشی: نەژادی کورد لە لوبنان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٦

[٥] ڕۆبەرت ئۆلْسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبوبەکر خۆشناو، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ١٩٩٩، ل ١٥١

**ڕابەرایەتی دەکرد، [1] شێخ سەعیدی پیران لە ١٩٢٥ز، عەبدولڕەحمان ئاغا لە ساسۆن لە ١٩٣٢ز، سەید ڕەزای دێرسیم لە ١٩٣٦– ١٩٣٨ز، [2] وچەندین شۆڕش وڕاپەڕینیتر پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسەیەن.**

**یان، دامەزراندنی کۆمەڵەی عەزمی قەومی کوردستان لە (١٩٠٠– ١٩٠٤ز)، کۆمەڵەی کورد تەعاون وتەرەقی لە پاییزی ١٩٠٨ز کە شێخ عەبدولقادر وئەمین بەدرخان لە ئەستەمبووڵ دایانمەزراند، [3] کۆمەڵەی هێڤی لە ١٩١٢ز، کۆمەڵەی تەعالی کوردستان لە ١٩١٨ز، کۆمەڵەی کوردستان لە سلێمانی لە ١٩٢٢ز، کۆمەڵەی زانستی کوردان لە سلێمانی لە ١٩٢٦ز، کۆمەڵەی خۆیبوون لە لوبنان ١٩٢٧ز، حزبی هیوا لە ١٩٣٥ز، [4] ڕێکخراوی شۆڕش لە ١٩٤٤ز، حزبی ڕزگاریی کورد لە ١٩٤٥ز، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (کاژیك) لە ١٤/ ٤/ ١٩٥٩، [5] حزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٣/ ١٠/ ١٩٤٥ز، پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٦/ ٨/ ١٩٤٦ز،**

---

[1] روبرت أولسون: تأريخ الكفاح القومي الكردي ١٨٨٠– ١٩٢٥، ت: أحمد محمود الخليل، الطبعة الاولى، دار الفارابي– بيروت، لبنان، كانون الثاني ٢٠١٣، ص ١٩٩

[2] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨١

[3] عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩

[4] پ. د. وەدیع جوەیدە: جولاًنەوەی نەتەوەیی کورد، و: ی. پ. د. یاسین سەردەشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما– سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٥٠٨

[5] ماجد محمد مصطفى: حوار هادى مع رئيس المؤتمر الوطني لجنوب كوردستان، مقابلات وحوارات، الحوار المتمدن، ٣١/ ٣/ ٢٠١٠، www.m.ahewar.org

**پارتی کرێکارانی کوردستان لە ٢٧/ ١١/ ١٩٧٨ز [1] وچەندین پارتی سیاسیتر، ڕەنگدانەوەی ئەم گرێی داگیرکارییەیە. بێگومان، دامەزراندنی کۆماری مەهابادیش (کۆماری کوردستان) لە (٢٢/ ١/ ١٩٤٦ن) لەلایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە، [2] ترۆپکی ڕەتکردنەوەی هەموو گرێ وگۆڵێکی دەروونیی وداگیرکارییەکان بووە، وپوختەی ئەو کۆمەڵە وڕێکخراوانە بووە کە لەو سەردەمەدا دامەزرێندراون.**

**ئەمە، وبێجگەلە چاپکردنی چەندین کتێب وگۆڤار وڕۆژنامە ودامەزراندنی چەندین چاپخانە وکارابوونی بزاڤی ڕۆژنامەگەریی کوردیی لەو سەردەمە وسەردەمانی دواتردا، کە بە هەمان شێوە تێکڕا دەچنە خانەی ڕەتکردنەوەی واقیعی تاڵی گەلێك وزاڵبوون بەسەر گرێی خۆبەکەمزانیی وداگیرکاریی، ولە پێناو درێژەپێدان بە بەرخودان وخەباتی مەدەنی وسیاسی وکۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری وفەرهەنگیی ونەتەوەیی گەلی کورد.**

**وەلێ، بۆ درێژەدان بە خەباتی سیاسی ونەتەوەیی وداکۆکیکردن لە مافە ڕەواکانی کورد، وبیرکردنەوە لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە زمانی کوردی، هەردوو کوڕانی بەدرخان پاشا، (میقداد مەدحەت بەدرخان**

---

[1] حزب العمال الكردستاني: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٥/ ديسمبر/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

[2] کۆماری مەهاباد: وتار، ویکیپیدیا، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادەوە، ٢/ ٨/ ٢٠١٨، ckb.wikipedia.org

**وعەبدەلڕەحمان بەدرخان)ی برای ڕوویانکردە قاهیرە.[1] ئەوەبوو، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی لە جیهاندا کە ڕۆژنامەی (کوردستان) بوو، (میقداد مەدحەت بەدرخان) لە قاهیرە لە (٢٢/ نیسان/ ١٨٩٨ز) لە چاپیدا،[2] ودواتر لە شارەکانی جنێڤ ولەندەن وفۆڵکستۆن لە خوارووی ئینگلتەرا، دوایین چاپکردن بەڕێوەچووە. هەرچەندە، ئەم ڕۆژنامەیە تەنها (٣١) ژمارەی لێدەرچووە و وەستێندراوە، بەڵام دەنگدانەوە و وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بووە لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیی لەو ڕۆژەدا، کە دووبارە ڕەتکردنەوەی واقیعی تاڵ وخستنەڕووی کەلتوور وشوناسی کوردیی بووە.**

**لێرەدا، جێی خۆیەتی ئاماژەیەکی کورت بە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیی لە (عێراق) بدەم، کە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) بووە. ئەمە، ڕۆژنامەیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی هەفتانە بووە ولە بەغدا لە لایەن هێزەکانی سوپای ئینگلیزەوە دەرکراوە، وەك ئامرازێك بۆ پروپاگەندەکردن بۆ ئینگلیز وهێزەکانی لە ناوچەکەدا وپەیوەندی دروستکردن لەگەڵ کورد و وروژاندنی هەستی نەتەوەیی کورد لە دژی عوسمانییەکان. ژمارەی یەکەمی، لە ڕۆژی (١/ ١/ ١٩١٨ز) ودوا ژمارەی (٦٧) لە ڕۆژی (٢٧/ ١/ ١٩١٩ز)دا دەرکراوە. سەرەتا، هەفتەی دووجار**

---

[1] د. بەهادین ئەحمەد: سەرەتایەك بۆ مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی– کەرکوك، ٢٠١٣، ل ١٥

[2] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٧

**دەرچووە، بەڵام دواتر هەفتانە هەموو ڕۆژانی دووشەممەیەك دەرچووە. ئەم ڕۆژنامەیە، لەلایەن (مێجەر سۆن)ی حاکمی سیاسی ئینگلیزەوە، بە هاوکاری هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی بەغدا بە ناوی (شوکری فەزلی)یەوە دەرچووە. [1]**

**دوای ئەوەی، یەکەمین حکومەتی (شێخ مەحمود) لە ١٩١٩زدا دەڕووخێ وشاری سلێمانی لەلایەن سوپای ئینگلیزەوە داگیردەکرێ، ئیدی مێجەر سۆن دەبێتە حاکمی سیاسی ئینگلیز لە شارەکەدا. پاشان، بۆ جێبەجێکردنی کار ونووسراوە حکومییەکانی خۆی، لە ساڵی ١٩٢٠زدا یەکەم چاپخانە بە ناوی (چاپخانەی شارەوانی) دێنێتە شاری (سلێمانی) وهەر لەو ساڵەدا یەکەم ڕۆژنامە بە ناوی (پێشکەوتن) دەردەکات. [2] ڕۆژنامەی پێشکەوتن، ڕۆژنامەیەکی سیاسی هەفتانە بوو، کە بە زمانی کوردی وبە شێوەزاری کرمانجی خواروو (سۆرانی یان لەهجەی سلێمانی) وبە ڕێنووسی عەرەبی وبە خەتی فارسی دەردەچوو. لە ماوەی تەمەنییدا (١٩٢٠– ١٩٢٢ز)، تێکڕا (١١٨) ژمارەی لێدەرچووە، بە شێوەیەك ژمارە یەك لە ڕۆژی (٢٩/ ٤/ ١٩٢٠ز) ودوا ژمارەی لە ڕۆژی (٢٧/ ٧/ ١٩٢٢ز) دەرچووە. [3]**

---

[1] د. بەهادین ئەحمەد: سەرەتایەك بۆ مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٢

[2] د. فؤاد علي أحمد: وسائل الاعلام والمشاركة السياسية، الطبعة الاولى، دار أمجد للنشر والتوزيع– عمان، الاردن، ٢٠١٦، ص ١٣٨

[3] د. بەهادین ئەحمەد: سەرەتایەك بۆ مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦

دەکرێت، دوابەدوای دەرکەوتن ولەدایکبوونی ڕۆژنامە وبزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیی، ئامارژە بە شۆڕشی مەدەنی وڕۆشنبیریی وفیکریی وڕیفۆرمی ئایینییش بدەین، کە هێشتا کۆرپەیەکی ساوای لاوازی چاونەپشکوتووی گرینۆکی بێئیرادەیە لە ئێستای کۆمەڵگای کوردییدا. واتە، لە پاش جێپەنجەی دیاری بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریی وزمانی چاپ، کە بناغەی هۆشیاری نەتەوەیی دادەڕێژێت، [1] ئینجا دەکرێ ئامارژە بە بەرپابوونی شۆڕشێکی ڕۆشنبیریی وفیکریی بدەین، کە پێویستییەکی هەنووکەییە بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای کوردەواری ونوێکردنەوەی کەلتووری داڕزاوی گەلەکەمان. بەڵام، ئەو شۆڕشە ڕۆشنبیرییە، پێویستی بە میتۆدی ڕەخنەیی کەلەپوور وچاکسازی ئایینیی هەیە، **تا زەمینەی ڕێنیسانسی کوردیی لەبارنەبەن.**[2] ئەوجا، گەر کارێکی وەها لەم کۆمەڵگایەدا بێبڕشت وئەستەمبێ، خۆ هەر هیچ نەبێ دەتوانین پرۆژە کەلتوورییە هزرییەکەی مێشکمان کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، بە ئایدیایەکی چاکسازیی وەها چەشە بکەین.

بە مانای، گەر لە واقیعی ئێستای کۆمەڵگای کوردییدا، شۆڕشی فیکریی وڕۆشنبیریی وڕیفۆرمی ئایینیی ئەستەمبێ، کەواتە ئەو پرۆژە کەلتوورییە نوێیەی هەردەم باسی دەکەین ولە مێشك وخەیاڵدانماندا هێدی هێدی باڵا دەکات، دەبێ ئاوێزانی شۆڕشێکی ڕادیکاڵانەی

---

[1] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر (کورد لە دیاسپۆرا)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢

[2] عەتا قەرەداغی: کاریگەری کەلتووری ئەوان لەسەر کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٧–١٨

فیکرییشبێ وخوازیاری ڕیفۆرمی ئایینیی وپەنجە لەگەڵ یۆتۆپیای کۆمەڵگای مەدەنی وفیکر وڕەخنە وکرانەوە وڕۆشنبیرییدا نەرم بکات، ولە هەوڵی ئەوەدابێ دواجار شەڕێکی موقەددەسی نەبڕاوە لە باوەڕگە وهزر وخودماندا بەرپا بکات، تا ئەقڵییەتمان لە کۆت وبەند وزیندانی موقەددەس وخورافیات وحیکایەتە گەورەکان ڕزگاری ببێ، ولانیکەم هاوبیر وهاوتەریبی بیر وئەقڵییەتی سەردەمانە وڕۆشنگەرانەی تاکی ولاّتانی دیموکراتخوازی پێشکەوتووبێ. بێ سێ ودوو، سەرەتای ئەم شەڕە پیرۆز وچاکسازی وگۆڕانە، بە میتۆدی ڕەخنەگرانە لە کەلەپوور ومێژوو وبە ڕیفۆرمی ئایینیی دەستپێدەکات. لەبەرئەوەی، **ڕەخنەگرتن لە ئایین، بنەمایە بۆ هەموو جۆرێکی ڕەخنە.** [1] بەمەش پاڵ بە ڕەهەندی کەلتوورێکی قێزەونی تری گەلەکەمانەوە دەنێین.

هیچ گومانی تیادا نییە، لەوەی ئەو ڕیفۆرم وڕوانینە مەدەنییەی خوازیارین لە زەین وهۆشماندا شۆڕشی پیرۆز بەرپا بکات وکەلتوور بگۆڕێ، دەبێ لانیکەم بە کردار وابەستەی کۆمەڵگایەکی ئامادەکراو بۆ گۆڕانێکی سەرەتایی لەو جۆرەبێ. بە مانای، شتێکی قورس ویۆتۆپیا دەبێ، گەر داوای گۆڕان وبیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە وڕۆشنبیرانەی ئازاد لە مێشکمان بکەین، لە کەشێکی دژوار ولە پیواری (غیاب) مەرجە سەرەتاییەکانی کۆمەڵگایەکدا. واتە، گەر بە بیری شۆڕشگێڕانە

[1] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٧

(كۆمۆنيستييانه) بيربكەينەوە، ئەوا خۆشمان شۆڕشگێڕێكی توندڕەو دەردەچين كە ماناى ڕەخنە وديمۆكراسى ومەدەنيەت نازانين. ياخود، دەكرێ بڵێين ئەستەمە كەسێكی نێو دۆزەخ، سانا ولەخۆڕا باس لە خۆشييەكانی ژيان لە بەهەشتدا بكات، چونكە مرۆڤی ناو دۆزەخ وێڕای نەبينينی بەهەشت، هەردەم خوازياری دەربازبوونە لە بارودۆخێكی وەها، كە هەميشە بە نامۆيى دەژی وناتوانێت بوونی ڕاستەقينەی خۆی دەربخات وناوەڕۆكی خۆی بخوڵقێنێت.[1]

لەبەرئەوە، لەپێناو ئەوەی هزرمان بەرەو فەنتازيا نەچێ ونامۆ نەبين، سەرەتا پێويستە بوونی كۆمەڵگايەكی ساكار ولانيكەمی ديمۆكراسی بەديبكەين وستراكتووری يەكەيەكی كۆمەڵايەتی چێبووبێ، ئينجا هەنگاو بەرەو بيركردنەوەيەكی ڕەخنەئاميزی ئەنديشەئاسای ڕۆشنگەر بنێين. هەڵبەت، ئەو ديمۆكراسييەی لە ئێستای هەرێمی كوردستاندا بوونی هەيە، ديمۆكراسی لانيكەمە وتوانيويەتی تەنها ژيانی سياسی يان شێوازی دياريكردنی دەسەڵات وپەيوەندييەكانی دەسەڵاتدارييەتی تا ڕادەيەك ديمۆكراتيك بكات. بەڵام، هەرگيز نەيتوانيوە ئەم ديمۆكراسييە لانيكەمە بەرەو ديمۆكراسی لانيزۆری كۆمەڵايەتی وئابووری وفەرهەنگيی بەرێت وڕيفۆرمی ئايينيی بخوڵقێنێ. بێگومان، ئەمەش كاتێك دەبێت كە

---

[1] د. محەمەد كەمال: ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی وبوونی مرۆڤ، چاپی چوارەم، لە بلاوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبيری ڕەهەند، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠١٩، ل ٥٤

دەسەلاتی دەستووریی ویاسایی فەراهەم ببێت، وخەڵك وتاك لەم بەرهەمانەی دیمۆکراسی بێبەش نەکات. [1]

واتە، سەرباری شلۆقیی دیمۆکراسی وقەیرانگەلێك لە هەرێمی کوردستان، بەلام دەشێت هزراندنێکی ئەندێشەمەندی ڕۆشنگەر ورەخنەگرانە لە مێشکماندا بئافرێنین. بەمانای، بە پشتبەستن بە ژینگەی سیاسی ئابووری کۆمەلایەتی، دەکرێت ڕوئیایەکی مۆدێرنانەی ڕۆشنگەر بخولقێنین بۆ خۆمان، تا لە ڕێیەوە ولە دەرفەتێکیتردا بتوانین لانیکەمی ئەو ڕوئیایەمان لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بکەین. بەمەش، سەرەتا دەبێ هەوڵی بە ڕۆشنبیرکردنی خۆمان ئەوجا کۆمەڵگا بدەین، چونکە ئەوە ئێمەین کە خوازیاری بەرپاکردنی شۆڕشێکی فیکریی ڕادیکاڵین لەپێناو گۆڕینی کەلتوور وئەقڵییەت وسیستمی باوی کۆمەڵگا. دەرەنجام، لە کلاوڕۆژنەی خەیاڵدان وهزرمانەوە، دەبێ هەوڵی بە ڕۆشنبیرکردن ببێتە کەلتووری ئەندێشەئامێز بە تیۆر. تا هەوڵی ئەفراندنی لانیزۆری دیمۆکراسی وبە ڕۆشنبیرکردنی نێوخۆی کۆمەڵگای کوردیی وشۆڕشی فیکریی بدرێت بە کردار، لەلایەن دەسەلاتێکی هەڵبژاردەی ڕەواوە.

بەلام، قورسترین پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە: ئەو دەسەلاتە هەڵبژێردراوە ڕەوایە کامەیە کە کەشێکی لەبار وتەندروست ولانیزۆری

---

[1] نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٤)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، کانوونی دووەم/ ٢٠١٢، ل ٢٤

دێمۆکراسی فەراهەم دەکات؟ دەوترێت، یەکێك لە گرنگترین خەسڵەتەکانی کۆمەڵگای دینامیکیی، ئەوەیە کە بتوانێ لە ڕێگەی دۆزینەوەی هەلی کارەوە گەنجەکان بەخۆوە گرێ بدات. بێگومان، ئەوەش هەستێکی قووڵی ئینتیماکردن لای ئەو گەنجانە دروست دەکات. هەڵبەت، ئەمەش ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییەیە کە تیایدا گەنجان هەست بە خود ومافی هاولاتیبوونیان دەکەن. بە پێچەوانەشەوە، لە نەبوونی ئەو پەیمانەدا، گەنجان ئەو هەستە قووڵەی ئینتیماکردنیان بۆ کۆمەڵگا لەلا نامێنێ، بگرە مەیلی تۆڵە سەندنەوەشیان لا دروست دەبێ. هەربۆیە، پەنا دەبەنە بەر کاری نەرێنیی وتێکدەرانە وتوندڕەوترین وعەدەمیترین گرووپ، وەك گرووپە ئیسلامگەراکان. [1]

بێگومان، گرووپە ئایینییە توندڕەوەکان، لاوازی هەستکردن بە ئینتیما بۆ کۆمەڵگە لەلای گەنجان دەقۆزنەوە. بەتایبەت، ئەو گەنجانەی زۆر هەژارن ولە ڕووی سۆزدارییەوە زۆر وێرانن، ولە ڕووی سێکسییشەوە چەپێنراون، دیارە ئەوانە پەلکێش دەکەنە نێو پرۆژە خۆکوژییەکانیانەوە. واتە، لە ڕووی ستراتیژییەوە، گرووپە ئایینییە توندڕەوەکان، ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە کە گەنجان بەهۆی بێکاری وبێ لۆیاڵییەوە (واتە بێ ئینتیماییەوە) گیرۆدەیبوون. کەوابێ، ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین، هەر کاتێك بارودۆخی ناجێگیری کۆمەڵایەتیی وهەلومەرجی نائارامی

---

[1] عەفیف ئەخزەر: عەلمانییەت وئسولێەت، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا بۆ فکر ولێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٨، ل ١٤٦

**سیاسیی لەئارادا بوو، ڕێبازی ئیسلامگەرایی تەشەنە دەستێنێ.[1] واتە، کاتێك کێشە وقەیرانگەلی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی لە کۆمەڵگایەکدا سەریهەڵدا، ئەوا ڕاستەوخۆ فەندەمێنتاڵیزم سەرهەڵدەدات وبەپێچەوانەشەوە.[2]**

**کەواتە، ئەوە زۆر گرنگە کە بزانین هەرگیز ناتوانین نەخشەی ئاییندەیەکی گەش لە خەیاڵدانماندا بکێشین، لە کاتێکدا خۆمان کۆت وبەندیین ونادیدەی ئاییندەیەکی گەش بین. ئەم ڕاستییانەش، دەمانگەیەنێتە ڕاستییەکیتر، لەوەی بڵێین فیکر بۆئەوەی گەشەبکات، پێویستی بە ئازادیی ورەخنە وکوڵینەوە وهەلومەرجێکی گونجاو هەیە، واتە پێویستی بە ڕۆشنگەریی هەیە. ئەوجا، بۆئەوەی ڕۆشنگەرییش ئازادانە بلاوببێتەوە، ئەوا تەنها یەك شتمان پێویستە، ئەویش ئازادیی بیرکردنەوەیە.[3]**

---

[1] هاشم سالح: سەرەتایەك دەربارەی ڕۆشنگەریی ئەورووپی، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٦٦

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣

[3] هاشم سالح: ئایین، فاشیزم، مەرگ، کۆمەڵە وتار، و: هەورامان وریا قانع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٦

بەڵام، هیچ گومانی تیادا نییە کە خودی ئازادییش ئازادیی دەوێ، [1] لەبەرئەوەی ئازادیی بیرکردنەوە وڕادەربڕین، بەرپرسیاریەتییە. وەلێ، لە جیهانی بێهزریشدا، هەرگیز ئازادیی وئیرادە وبەرپرسیاریەتی بوونی نابێت. [2] کەوابێ، پرسی ئەو ئازادییەش، هیگڵ وتەنی: "بەندە بە پرسی ئیرادەوە." [3] واتە، گەر ئیرادەیەکی ئازادمان هەبوو، بێشك دەتوانین بەوپەڕی بەرپرسیاریەتییەوە، ئازادانە بیر بکەینەوە وکەلتوورێکی ئازاد لە هۆشێکی ئازاددا بچێنین. پاشان، مرۆڤیش کە ئازاد بوو، بەرپرسیاریشە. [4] بە پێچەوانەوە، لە نەبوونی ئازادیی ورەخنە وئیرادەشدا، نەك هزراندنێکی ئازاد سەوز نابێ، بەڵکو بوونی مرۆڤی ئازادیش لە کەشێکی وەهادا ئەستەم دەبێ. هەڵبەت، ئائەمەیە کە زۆر پێویستە لەبۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتێکی دادوەری ڕەوا ولانیزۆری دیمۆکراتی، ئەوەش لەپێناو بونیادنان وبەدەستهێنانی ئینتیمای تاکی کورد

---

[1] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٦

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٧

[3] د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٢٠

[4] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧

وڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگا ولەبۆ شۆڕشی مەدەنی وبیرکردنەوەی ئازاد وکەلتووریکی نوێ، کە دەبێ پەیڕەوبکرێ ولەبەرچاو بگیرێ.

گەلۆ ڕابە، کاتێك بژێوی وئازادی ودیمۆکراسی ومافی مرۆڤ وتازەگەریی تەمگرتوو ببێ، گەنجانیش وەلائیان بۆ خاك ونیشتمان نامێنێ. واتە، کاتێك دەسەلات کەمتەرخەم وهەست بە بەرپرسیاریەتیی نەکات وکەلتووریش لەسەر هەمان ڕیتمی کۆن ڕێ بکات، هەژاری وقەیرانگەل وکێشمەکێشی سیاسیش بەردەوامبێ، بێشك کۆچگەلی گەنجان وفەندەمێنتالیزم دەئافرێ.

وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، کاتێك کە باس لە ئەفراندن وهزراندنی کەلتووریکی شۆڕشگێڕانەی ڕۆشنگەری ئازاد لە کۆمەڵگادا دەکەم، پێویستە هەر هیچ نەبێ لانیکەمی ئەوانەی ئامارژەم پێدا دەستەبەربن. گەر نا، مەحاڵە ئەو شۆڕشە فیکریی وکەلتوورە ڕۆشنبیرییە نوێیە خەیاڵئامێزە ڕووناکی ببینێ. ئەوجا، لەبری بیرکردنەوەیەکی ڕۆشنبیرانەی ئازاد، لەبری مەدەنییەت وکەلتووریکی هزریی ئەندێشەئامێزی سەربەست ولەپێناو ئاییندەیەکی ڕۆشنی گەشدا، تەنها بیر لە چۆنیەتی دەربازبوون لە دۆزەخێکی وەها دەکرێتەوە کە خەونەکان وهیواکان دەکەنە تراویلکە. هەربۆیە، هەگیز ناکرێت گلەیی لە گەنجێك بکەین وسەرزەنشتی بکەین لەوەی بۆچی زێدی خۆی جێدێلێ، بۆچی تێکەل بە گرووپە توندڕەوەکان دەبێ، بۆچی سوودی بۆ گەل وخاك ونیشتمانەکەی نامێنێ. چونکە، گەنج لێوانلێوە لە جووڵە وهیوا وئاوات وتازەگەریی، تینوو وبرسی هەموو شتێکی تازەبابەت وگۆڕانکارییەکە.

**وەڵێ، لە ژینگەیەکی وەهاشدا کە ئاییندەی لێڵ ونادیاربێ، بێشك بێئومێد دەبێ لە بەدیهێنانی سەرجەم ئاواتەکانی. ئەوجا، کوا مرۆڤی برسی لە چەمکگەلی دەوڵەت وناسیۆنالیزم ودیمۆکراسی تێدەگات.** [١]

**بە گەڕانەوەمان بۆ بابەتی کەلتووره تۆزلێنیشتوو وداڕزیوەکانمان، پێدەچێت کەلتوورێکی نەنگی لەمێژینەی زیندوویتر، کە تا ئێستاکە گەورەترین گورزی لە ژیان وپێگە وداکەوتی گەلی کورد دابێ، کورتبینیی سیاسیی بووە. لەم کەلتووره دزێوەدا، ڕابەرانی کورد، هەرگیز نەیانزانیوە چۆن بەشداری سیاسەت ویاری (گەمەی نەتەوەکان)** [٢] **بکەن. بێگومانم لەوەی، کورد هەرگیز ئەوەی نەزانیوە، کاتێك پەیمانی سایکس پیکۆ (١٩١٦ز)** [٣] **لە نێوان فەرەنسا وبەریتانیادا ودواتریش لۆزان (١٩٢٣ز) مۆرکرا،** [٤] **ئیدی جۆرێك لە پابەندبوونی نێودەوڵەتیی لەسەر ئەو بابەتە، نەك لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، بەڵکو لە نێوان تەواوی وڵاتە زلهێز وپەیوەندیدارەکانی ناوچەکە وجیهاندا هاتەکایەوە. بە مانای، پاشئەوەی**

---

[١] ئازاد تۆفیق خەیات: ڕۆشنبیر، دەسەڵات، ژینگە، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی قەفتان بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، چاپخانەی ناوەندی سارا– سلێمانی، ٢٠١٧، ل ٩٠

[٢] مایلز کوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خیر، الطبعة الاولی، انترناشنال سنتر– بیروت، مایو ١٩٧٠، ص ٥

[٣] ئازاد تۆفیق خەیات: ناسیۆنالیزمی کوردی وهۆکارەکانی کاملنەبوونی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٩

[٤] باسیلي نیکیتین: الکرد، ت: د. نوري طالباني، مصدر سابق، ص ٣٢٨

له دوای جەنگی جیهانیی یەکەم، زەوی وزارەکانی دەوڵەتی عوسمانیی بەپێی ڕێککەوتنی زلهێزان ونەخشەیەکی جیۆسیاسی نویێ داڕێژرایەوە، ئیدی ئەستەم بوو دەستکاری ئەو سنووره نوێیانه بکرێ، چونکه وابەستەییەکی یاسایی وسیاسیی وئەخلاقیی دەهاتەگۆڕێ.

وەك دەزانرێ، بەپێی ئەو پەیماننامانه، تەواوی خاکی کوردستان بەسەر وڵاتانی چواردەوریدا دابەشکرا. واته، بەپێی یاسا وڕێککەوتنێکی پێشوەخته ئەو کاره کراوه، که له ڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوه پابەندنەبوون وپاشگەزبوونەوه ناکرێت. بەڵام، کورد، سەرباری ناتەبایی وپەرتەوازەیی ونەزانینی ئەلف وبێی سیاسیی ونەبوونی پرۆژەی نەتەوەیی ودرکنەکردنی ئەو ڕاستییە، هەردەم له خەیاڵی ئەوەدا بووه به یاخیبوونێك یان ڕاپەڕینێکی چەکداریی ناوچەیی خێڵەکیی ساکاری بێپلان، سەرلەبەری ئەو نەخشه نوێیه وڕێککەوتنانه هەڵوەشێنێتەوه ومیلی کاتژمێر بگێڕێتەوه دواوه وسنوورەکان به خواستی خۆی داڕێژێتەوه. ئەمه، چ گاڵتەجاڕییەکه کورد لەو سەردەمەوه تا ئێستا به خۆی دەکات. گەر، کەمەکێك له سیاسەتی بزانیبا، دەبوو لەبری شۆڕش وخەباتی چەکداریی وڕاپەڕین وخۆبەکوشتدان، شۆڕشی مەدەنی وفیکریی (ئایدیۆلۆژی) وڕۆشنبیریی ودپلۆماسی بکردبا. ئەوه خەون نییه، کورد ببێته خاوەنی دەوڵەتی خۆی، ئەوه خەونه که بتەوێ تا ئەم ساتەش نەخشەی جیۆسیاسیی ناوچەکه که پێشتر بڕیاری لەسەردراوه به زەبری چەك بگۆڕی. کەواته، لەبری شۆڕش وخەباتی چەکداریی که به داخەوه هەردەم به خوێنی گەشی لاوانمان بەرپابووه، دەکرێت

ڕێگاچارەی سیاسیی ولەسەر مێز داخوازییەکان بخرێنەڕوو. چونکە، ئەوەی بە لوولەی تفەنگ نایەتەدی، دەکرێ بە دانوستان ونووکی قەڵەم بێتەدی.

گەر لاپەڕەکانی مێژووی کورد هەڵدەینەوە، بێشك ژمارەیەکی زۆری شۆڕش وڕاپەڕین وخەباتی چەکداریی بەر دیدەمان دەکەوێ. لە ڕاستیدا، هەرگیز ناتوانم بڵێم شۆڕش وڕاپەڕین کوتینی ئاسنی سارده وهیچیتر، بەتایبەت لە سایەی ڕژێمگەلێکی وەك عێراق وئێران وتورکیا وسوریا، کە هەردەم دەنگ وڕەنگی کوردیان ڕەتکردووەتەوە. بەڵام، ئەو کارگەلە کاتێك بەرهەمیان دەبێ، کە بێجگەلە ڕابەرێکی ناسیۆنالیست وپرۆژەیەکی نەتەوەیی وزۆرینەی گەل لە پانتاییەکی جوگرافییدا، دەبێت سیاسەتیش کارا وبەشداربێ. من دەپرسم، چ شۆڕش وڕاپەڕین وبەرخودانێکی کورد، هەڵگری تەنها یەك سەرکردە ویەك پرۆژەی نەتەوەیی وسەرتاپاگیر بووە، بێجگەلە بزوتنەوەیەکی چەکداریی ناوچەیی هەڵکێشراو لە ئایین وئایینزا؟

دەکرێت، شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (١٨٨٠ن) [١] بە نموونە بهێنینەوە، کە زۆربەی چین وتوێژەکانی گەلی کورد بەشداربوون تیایدا وتۆوی کوردایەتیی چاندبوو. بەڵام، ناتوانین بە شۆڕشێکی سەرتاپاگیری سەرکەوتوو ناودێری بکەین، شۆڕشێك کە ستراتیژییەت وفیکر وسیاسەت وتازەگەریی ئاوێتەی یەکتربن. چونکە، بێجگەلە کاڵوکرچیی

---

[١] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٥

سیاسیی وبالأدەستیی خێڵەکیی، نەشیتوانی تەواوی کوردانی دەوڵەتی عوسمانیی وقاجاریی لەخۆبگریٚ، ئەوەش نەك لەبەرئەوەی شێخی ناوبراو کەسێکی نەشیاوی ناوچەگەر بووە، بەڵکو لەبەرئەوەی خودی پەرتەوازەیی، کەلتوورێکی ئاشکرای گەلی کورد بووە.

شێخ عوبەیدوڵلأ، کاتێك شارەکانی مەهاباد ومیانداوا ومەراغەی ڕزگارکرد وگەمارۆی تەورێزیدا، خێڵی شکاك، کەوتنە بەرهەڵستیکردنی شێخی ناوبراو. ئەمە بێجگەلەوەی، لە (١٨٩٦ز)دا کاتێك شۆڕشگێڕەکانی ئەرمەن، لە بەرانبەر سوپای عوسمانییدا تێکشکان ولە ناوچەی وان کشانەوە، ئەم خێڵە بۆسەیان بۆ دانان و(٨٠٠) کەسیان لیٚ بە دیل گرتن. هەر ئەم خێڵە، شێخ عەبدولسەلامی بارزانیی، برا گەورەی مستەفا بارزانییان دەستگیرکرد ودایانە دەست عوسمانییەکان، ئەوانیش لە (١٩١٤ز)دا لەسێدارەیاندا.[1] ئەوجا، پێکهاتەکانی (گەل)ێك بەم شێوەیە لە قەوارە ومێژوو وئاییندەی خۆیان بڕوانن، بێشك شۆڕش وڕاپەڕینەکانیشی دواجار تووشی نەهامەتیی دەبن، لەبەرئەوەی یەکنەگرتوو وپەرتەوازەن.

لە سەدەی بیستەمیشدا، کاتێك ویلایەتی موسڵ جیاکرایەوە وخاکی کوردستان پارچەی زیاتری لێبووەوە، ئیدی شۆڕشێك ڕاپەڕینێك بەرخودانێکی سەرتاپاگیر، زۆر ئەستەم وخەون بوو. ئەمە وێڕای،

---

[1] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧١

نەبوونی یەك سەركردە، كە بتوانێت لێزانانە سەرلەبەری كوردان گوێبیستی خۆی بكات. لە ڕاستیدا، یەك مستەفا كەمال هەبوو كە بە ناوی دەوڵەتی توركیای نوێوە قسەی دەكرد، یەك ماو هەبوو كە ڕابەرایەتی شۆڕشی گەلی چینی دەكرد، یەك گاندی هەبوو كە نوێنەرایەتیی گەلی هندی دەكرد، ڤێتنام یەك هۆ چی مینی هەبوو، ئێران یەك خومەینی هەبوو، كوبا یەك كاسترۆی هەبوو، هەموو هەر یەك سەركردەیان هەبوو. ئەمە بێلەوەی، تەریب بە شۆڕشی فیكریی وئایدیۆلۆژیی وخەباتی چەكداریی، قاڵیش بوون لە كاركردی سیاسییدا.

كاتی خۆی، لە پەڕتووكی شەرەفنامەدا، میر شەرەفخان وتبووی: "چونكە كورد نەهاتوونەتە ژێر فەرمانی تاكە فەرماندارێكەوە، بۆیە لە یەكتر نامۆن وخوێنی یەكتر دەڕێژن، وگوێ نادەنە هێمنایەتیی ولەسەر زۆر كەم زوو هەڵدەچن." [1] هەر بۆ پشتڕاستكردنەوەی ئەم بۆچوونانە، ئەوەتا لە ڕاپۆرتێكی شەش لاپەڕەیی بەڵگەنامەیی بەریتانییدا، كە بە (شاراپۆرتی ڕاپۆرتان) ناوزەد كراوە ولە مایسی ساڵی (١٩٩٢ز) نووسراوە، بە ژمارەی (N.A., F.O., ٩٧٣/٦٨٩) ودەربارەی (كێشەی كورد لە عێراق)، ئەم ڕاستییانە خراونەتەڕوو. سەرەتای ڕاپۆرتەكە، بە وتەیەكی (جەلال تاڵەبانی) دەستپێدەكات، كە لە نیسانی ساڵی (١٩٩١ز) دا پێشكەشی كردووە. پاشان، ئەمە دەقی ڕاپۆرتە بەریتانییەكەیە:

---

[1] شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٢

"کورد، که ژمارەیان پازدە ملیۆن تێدەپەڕێنێت، وەك گەلێکی عەشرەتیی خاوەن کەلتوور ونەریت وزوبان، بەلایەنی کەمەوە سێ هەزار ساڵە هەن. بەڵام، لەگەڵ ئاواتی زۆری ڕزگاربوونیان لە داگیرکەری بێگانە، هەرگیز لەژێر ئاڵای یەك سەرۆکدا کۆنەبوونەتەوە... دووبەرەکی هۆزایەتی، لەنێو کورددا هەردەم قووڵ بووە، ئەوەی کە حکومەتە ناوەندییەکان هەمیشە لەگەڵ جیاوازی سیاسیی نێوان سەرۆك هۆزە موحافیزەکان وچەپڕەوە ڕادیکاڵەکاندا قۆستویانەتەوە. کۆسپێکی دیکەی گەورە لەبەردەم یەکگرتنی ڕیزەکانی کورددا، تەشەنەسەندنی نەخوێندەواری وجیاوازی دیالێکتەکانی زمانەکەیانە." [١]

هەر بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان، زۆربەی ڕابەر وسەرکردەکانی ئێمەی کورد، لەبەر دڵسافییان زۆر بە ئاسانی هەڵخەڵەتێندراون یان دەستگیرکراون یا تیرۆر. لە کاتێکدا، لە سیاسەتدا هەرگیز دڵسافیی ودۆست ودوژمن وئاکار بوونی نییە، ئەوەی بوونی هەیە تەنها بەرژەوەندییە. بێگومان، ئەمەش وتەزاکەی (شارڵ دیگۆل)مان * وەبیر

---

[١] د. کەمال مەزهەر: کورد وکورد ستان لە بەڵگەنا مە نهێنی یەکانی حکو مەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گ لۆری- بەیروت/ هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٥٦٩

* شارڵ دیگۆل: (١٨٩٠- ١٩٧٠ز)، لە شاری (لیل)ی فەرنسا لەدایك بووە. ژانراڵ وپیاوی سیاسەتی فەرەنسی بووە. دەرچووی خوێندنگەی سەربازی (سان سێر) بەشی پیادە بووە لە (١٩١٢ز) دا. ساڵی (١٩٤٠ز) ولە میانەی جەنگی جیهانی دووەمدا وەك ژانراڵ وجێگری فەرماندەی بەرگری نیشتمانی دەستنیشان کراوە.

**دێنێتەوە سەبارەت بە فەرەنسا، کاتێك وتبووی:"فەرەنسا هاوڕێی نییە، بەڵکو تەنها بەرژەوەندی هەیە." [1] هەر بەڵگەنامەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کاتێك کە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵلاْ لە برەودا بووە، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بانگهێشتی شێخی ناوبراو دەکات بۆ ئەستەمبووڵ. بەمەش، شێخ بە دڵسافیی خۆی، دەکەوێتە داو وپیلانی سوڵتانەوە ودەچێت بۆ ئەستەمبووڵ، بەلاْم لەوێ دەستگیر دەکرێ. پاشئەوەی لەوێ هەڵدێ، جارێکیتر دەستگیر دەکرێتەوە، بەلاْم ئەمجارەیان بۆ تائیف دووردەخرێتەوە، تا لە (١٨٨٣ز) هەر لەوێ گیانی پاکی دەسپێرێ، وشۆڕشەکەشی دەپووکێتەوە. [2]**

**وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، کوردستان پارچەی زیاتری لێبووەوە، کە دەوڵەتانی تورکیا وعێراق وئێران وسوریا ویەکێتی سۆڤێتی جاران لەو دابەشکردنەدا سوودمەند بوون. سەرباری**

---

پاشان، سەرۆکاریی حکومەتی فەرەنسای ئازاد لە لەندەن دەکات. ساڵی (١٩٤٣ز)، دەبێتە سەرۆکی لیژنەی فەرەنسیی بۆ زرگاری نیشتمانیی کە دواتر ولە ساڵی (١٩٤٤ز)دا بە حکومەتی کاتیی کۆماری فەرنسا ناودەبرێت. دیگۆل یەکەمین سەرۆکی کۆماری پێنجەمی فەرەنسییە، ناوبراو لە ساڵی (١٩٧٠ز) دا کۆچی دوایی کردووە.

[1] کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، کتێب، ژمارە (٥٩٩٣)، یەکشەمە، ٣/ ٢/ ٢٠١٣، ل ١٥

[2] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨٢

ئەوەی، کرا بە پێنج پارچەوە، کەچی دەوترێت چوار پارچەی کوردستان. ئەمەش، کەلتوورێکیتری دڕدۆنگی نەگریسە، کە بووەتە وێردی سەر زمانی هەموومان وپێویستە لەباربڕی ولێرەدا ئاماژەی پێدەکەم. واتە، ئەمە کەلتوورێکی زۆر هەڵەیە کە بێلە دانیشتوانی ئەم خاکە، سەرجەم حزب وڕێکخراو ودەزگاکانی میدیاش هەمان هەڵە دووبارە دەکەنەوە. دەوترێ خاك زۆر پیرۆزە، ئەدی لەپای چی باس لە کوردستانی بندەستی یەکێتی سۆڤیەتی جاران ناکرێ، کە ناوچەیەکی پیرۆز وبەپیتی پڕ دانیشتوانە. ئەگەر، گریمان ڕووبەرەکەشی فراوان نەبێ، خۆ هەر هیچ نەبێ ئەم خاکە داگیرکراوە، وەلێ تێناگەم بۆ ئاماژەی پێنادرێ.

یەکێك لە ناوچە دابەشکراوەکانی کوردستان، وڵاتی کوردستانی سوورە، کە دەکەوێتە نێو سنووری یەکیەتی سۆڤێتی جارانەوە. دیارە، ئەم پارچەیەی کوردستان، دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی کوردستان ولە ساڵی (١٨٢٨ن)دا، لە دەرەنجامی پەیمانی (تورکمانچای) لە نێوان هەردوو دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەریی وئێرانی قاجاریی، ولە ئەنجامی شکستی دەوڵەتی قاجاریی لە شەڕی (گەنجە)دا ئەم ناوچەیە لە خۆرهەڵاتی کوردستان جیاکرایەوە وخرایە سەر دەوڵەتی ڕووسیای قەیسەریی. شایەنی وتنە، ئەم پارچەیەی کوردستان، شارەکانی (نەخچەوان، ئەریوان، تالش وموقان) دەگرێتەوە. [١]

---

[١] کەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی کورد، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٣

ئەوەتا، کوردناس وپسپۆر لە بواری کوردییدا (مایکڵ گەنتەر)، دەڵێ: "لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانیی، کوردستان بەسەر پێنج دەوڵەتی جیاوازدا دابەشکرا. هەرچەندە، دەگوترێ تورکیا گەورەترین بەشی کوردستانی بەرکەوتووە کە (٤٣ ٪)، ودوای ئەو ئێرانە کە (٣١ ٪)، وعێراق (٨ ٪)، وسووریا (٦ ٪)، ویەکێتی سۆڤیەتی پێشوو (ئەرمینیا وئازەربایجانی ئێستا) (٢ ٪)ی بەرکەوتووە،[١] کەچی خۆمان ئەم ڕاستییە ڕەت دەکەینەوە ودەڵێین چوار پارچەیە. کەواتە، یەکێکیتر لەو ئەرکانەی دەکەوێتەر سەر شانمان، ئەوەیە قەناعەت بە مێشك وخودی خۆمان بهێنین، کە پێنج پارچەی کوردستان لەبری چوار پارچە ڕاستترە وبیکەینە کەلتوور.

هەڵبەت، ڕۆژهەڵاتناس وکوردناسی ئەرمەن، (ئارشاك ساڤراستیان) لە کاتی خۆیدا ولە ژێر ناوی کوردەکانی ئەودیو قەفقاسەوە، ئەوەی تۆمار کردبوو کە (٨٠٠٠٠) کوردی ئێزدی لە سێ کۆمارە سۆڤێتییەکەی ئەودیو قەفقاسەوە هەن، زۆرترین ژمارەشیان لە ئەرمینیایە.[٢] کوردۆلۆژیست وڕۆژهەڵاتناسی ڕووس، (ڤلادیمێر مینۆرسکی)ش، دەربارەی کوردەکانی لای ڕۆژهەڵاتی ئێران دەڵێ: "لە مەڵبەندی (ناگۆرنۆ کەرەباغ) لە ئازەربایجان لە قەفقاسیا، (٢٤) هۆزی کورد هەن ودوو هۆزی

---

[١] مایکڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩

[٢] أرشاك سافراستیان: الكرد وكردستان، ت: د. أحمد محمود الخليل، مصدر سابق، ص ١٨٨

(گل) و(زەنگەنە)ش لە خۆراسان دەژین، وهۆزی (جیگان)یش لە گورجستان نیشتەجێن. هەروەها، لە باسی شارەکانی هەرێمی ئەرمینیادا، ناوبراو باسێکی سەربەخۆی لەبارەی شاری (دوین) نووسیوە. ساڵی (١٩٥٣ز)، باسێکی دەربارەی قەفقاسەکان بلاْوکردەوە وبە بەڵگەوە سەلماندی کە دوین دەکەوێتە ئەرمینیا ولە زووەوە کورد لە دەوروبەری دوین دەژین. ئەو هۆزەشی، کە باوباپیرانی سەلاْحەدینی لێکەوتوونەتەوە، هاتوونەتە دوین.[١]

ڕۆژهەلاْتناس وکوردۆلۆژیستێکیتری ڕووس، (باسیلی نیکیتین)ە، کە بە هەمان شێوە باسی لەو پارچەیەی کوردستان کردووە ودەڵێت: "ئەریوان، ئەو شوێنەیە کە زۆرترین بەرهەمی چاپەمەنیی و وەشاندنی کوردیی تێدا لەچاپ دەدرێ، وێڕای بلاْوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکی کوردیی. هەروەها، کۆمەڵێك خوێندنگە وشانۆی کوردیشی تێدایە."[٢] ڕۆژهەلاْتناسێکیتری ڕووس، بە ناوی (ب. لرخ)، بە هەمان شێوە دەڵێ: "خێڵە کوردەکانی ڕووسیا، لە کەرەباغ وهەرێمی یەریڤان وئیمیریتا دەژین."[٣] کوردۆلۆژیستی ڕووس، (ئەلێکساندەر ژابا)، ژمارەی

---

[١] تاریق محەمەد عەبدولڕەحیم: ڤلادیمێر ف. مینۆرسکی، و: ئازاد عوبێد ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر، ٢٠٠٨، ل ١١٤

[٢] باسيلي نيكيتين: الكرد، ت: د. نوري طالباني، مصدر سابق، ص ٣٣٥

[٣] ب. لرخ: دراسات حول الكرد الايرانيين واسلافهم الكلدانيين الشماليين، ت: د. عبدي حاجي، الطبعة الثالثة، من منشورات بنكةى ذين، مطبعة شظان- السليمانية، ٢٠٠٨، ص ٨٦

کوردەکانی ئەرمینیای یەکێتی سۆڤیەتی بە (٦٠٠٠٠) کەس خەملاندبوو.[١] پاشان، ئەفسەری بەریتانیی (سی. جەی. ئەمدۆندز)، ئاماژەی بەوە دابوو کە: "کوردستان لە نێوان تورکیا وعێراق وئێراندا دابەش کراوە، وچەند ناوچەیەکی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو لەگەڵ سوریاش دەگرێتەوە."[٢]

هیچ گومانی تێدا نییە، مێژوو گەواهی ئەوە دەدات لەم ناوچەیەدا ولە سایەی دەسەلاتی یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە، دەسەلاتێکی ئۆتۆنۆمی بە ناوی (کوردستانی سوور)ەوە لە ساڵی (١٩٢٣- ١٩٢٩ز) دامەزراوە، وزمانی سەرەکی کوردیی بە زاراوەی کرمانجیی بووە، وپایتەختەکەشی شاری (لاچین) بووە.[٣] بێگومان، ئەمەش ڕاستاندنی وتەکانی زۆرێك لە توێژەرانی بیانییە دەربارەی ئەم ناوچەیە. شایەنی باسە، لەو لێکۆڵەرانەش، سیاسەتوان وتوێژەری عەرەب (فائق السامرائي)یە، دەربارەی سنووری کوردستان، کە وتبووی: "کوردستان بەسەر تورکیا وئێران وعێراقدا دابەشکراوە وبەشێکیشی کەوتووەتە ناو سنووری یەکێتی سۆڤێت وسووریاوە." ئێستاکە، ماوەتەوە سەر ئەوەی ڕاوبۆچوون وبنکۆڵکاریی توێژەرانی کوردیش لەو بارەیەوە وەربگرین.

---

[١] شێخ محەممەدی مەردۆخی کوردستان: مێژووی کورد وکوردستان، و: عەبدول کەریم محەممەد سەعید، چاپخانەی ئەسعەد- بەغداد، ١٩٩١، ل ١٠٦

[٢] ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی: کوردۆلۆجی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣

[٣] کوردستانی سوور: وتار، ویکیپیدیا، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادەوە، ١٠/ حوزەیران/ ٢٠١٨، ckb.wikipedia.org

**دیارە، گەورە مێژووناسی کورد (محەمەد ئەمین زەکی بەگ)، لە کتێبی (کورد وکوردستان)ەکەیدا کاتێك دێتە سەر باسی (کوردی ڕووسیا) دەڵێ: "لە تاریخی ١٩١٠م دا، لە وڵاتی قەفقاسیا لە لیوای (اریوان) و(قارص)دا نفوسی کورد (١٢٥٠٠٠) کەس بوو. حکومەتی روسیە، کوردانی لیوای (الیزابەت پول) یعنی کوردانی (زەنگەزور، جوانشیر، جبرائیل، اراش)ی داخلی ئەم حسابە نەکردبوو."[١] کوردناسیێکیتری گەلەکەمان کە (ساڵح قەفتان)ە، لە کتێبەکەیدا کە ساڵی (١٩٦٩ز) بە چاپی گەیاندبوو دەڵێ: "ژمارەی کوردانی ڕووسیە، (١٣٠٠٠٠) کەس دەبێت، ئەمە بێجگەلە کوردانی ئەفغان، بلووج، هیند، پاکستان، کە تێکڕا (٣٠٠٠٠٠) کەس دەبن.[٢] لەلایەکیترەوە، (هەژار موکریانی) نووسەر وشاعیری مەزنی کورد، ژمارەی کوردانی ڕووسیای بە (٢٥٠٠٠٠) کەس مەزەندە کردبوو.[٣]**

**کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، کە بەشداربوون لە داڕشتنی کتێبی کوردۆلۆژی تایبەت بە خوێندکارانی زانکۆ وپەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، جەخت لەوە دەکەنەوە کە کوردەکانی باشووری خۆرئاوای ئەرمەنستان، ڕووسیا، باکوری سوریا ودانیشتوانی پارێزگای دهۆك**

---

[١] محمد امین زکی: کورد وکوردستان، جلدی ١- ٢- ٣، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤

[٢] ساڵح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥

[٣] شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠١

وقەزاکانی زێبار، ئامێدی، شێخان، شنگال وئاکرێ لە کوردستانی عێراق، بە دیالێکتی کرمانجی سەروو دەدوێن. [1]

توێژەر ولێکۆڵەری بواری زمانی کوردی (فوئاد حەمە خورشید)، یەکێکیترە لەوانەی بە شێوەیەکی زانستیی باس لە زمان وسنووری جوگرافیی کوردستان دەکات. ئەو، لە بارەی شێوەزمانی کرمانجی ژووروو دبێژێ: کوردەکانی یەکێتی سۆڤیەت (لە باشووری ڕۆژئاوای ئەرمینیا) بەم دیالێکتە ئاخاوتن دەکەن. [2]

هەر ئەم توێژەرە، دەربارەی سنووری کوردستانیش دەڵێ: "کوردستان سێگۆشەیەك پێکدەهێنێت، کە سەرەکانی بەندە بە یەکێتی سۆڤیەت لە باکوورەوە وکەنداوی عەرەب لە باشوورەوە ودەریای ناوەڕاست لە ڕۆژئاواوە." جێی باسە، (ئازاد نەقشبەندی)ش، یەکێکیترە لەو توێژەرانەی زۆر زانستییانە وبە جوانی سنووری کوردستانی دەستنیشان کردووە وئاماژەی داوە ودەڵێ: "کوردستان، بەسەر تورکیا وعێراق وئێران وسووریا وئەرمەنستاندا دابەش بووە." [3] ئەوەی پێویستە لێرەدا بخرێتە ڕوو، ئەوەیە کە ئەم توێژەرە، ئەم ناوچەیەی کوردستانی خستووەتە نێو سنووری ئەرمەنستانەوە بە تەنها نەك نێوان ئەرمەنستان

---

[1] کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ: کوردۆلۆجی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٠

[2] فوأد حمه خورشید: اللغة الكردية، التوزيع الجغرافي للهجاتها، مطبعة الوسام- بغداد، ١٩٨٣، ص ٣٢

[3] ژیلوان عەبدوڵڵا هەڵەدنی: کوردۆلۆجی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٦

وئازەربایجانەوە. تەنانەت، توێژەرێکی تریش بە ناوی (د. محەمەد زەکی بەرواری)یەوە، ئاماژەی بەوە دابوو کە (محەمەدی کوڕی شەداد کوڕی کارعو) (قرتاق)ی بنەچە کورد، حکومەتێکی کوردیی لەم ناوچەیەدا بە ناوی (شەدادی) (٩٥١– ١٠٧٢ز) دامەزراندبوو کە پایتەختەکەی (گەنجە) بووە، وگرنگترین شارەکانیشی، نەخچەوان، تەفلیس، کەرەباغ بوون، وەلێ دوایین فەرمانڕەواش (نەوشیروان عەلی کوڕی موسا) بووە. [١]

دواجار، پێویستە ئەوەش بخەینە ڕوو، کە ژمارەی تەواو وسەرژمێرییەکی ڕاست ودروست نییە دەربارەی کوردانی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران. بەڵام، وا خەملێندراوە کە لەوێ ژمارەی کوردان لە (١٠٠٠٠٠– ١٠٠٠٠٠٠) کەس ببێ. ڕەنگە، زۆربەیان لە ئەرمینیا وئازەربایجانبن، جگە لەوێش لە جۆرجیا وکازاخستان وکرکیزستان وڕووس وئۆزبەگستان وتاجیکستان وتورکمانستان وچەند شوێنێکیتر هەبن. [٢]

لە نێوکۆی هەر پێنج پارچەی کوردستانەوە، ئەوەی پێویستە لەسەر تاکی کورد ولەسەر هۆش وزەینی هەر تاکێکمان، داکۆکیکردنە لە خاکی کوردستان ولە گەڵ وتەواوی پارچە دابڕاوەکانی وچۆنیەتی بیرکردنەوە لە خستنەڕووی کەلتووری ڕەسەنمان، وبەرگرتنە لە کەلتووری دەرەکیی،

---

[١] د. محمد زكي أحمد البرواري: الكورد والدولة العثمانية، موقف علماء كوردستان من الخلافة العثمانية، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع– دمشق، سوريا، ٢٠٠٩، ص ٧٧

[٢] مایکلٚ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠

گەر ئیقلیمیی بێت یان نێودەوڵەتیی سەردەمی جیهانگیریی، کاتێك کە خوازیاربن تەواوی کەلتوور وشوناسمان وەلا وبسڕنەوە وکەلتووری بێگانە ودەرەکی بە گشتی بسەپێنن. بە واتای، ئەرکێکیتری پرۆژە کەلتوورییەکەی مێشکمان، وابەستەکردنی خودە بە ئەرکی ڕێزگرتن وخستنەڕووی کەلتووری کوردیی لە بەرانبەر کەلتووری دەرەکی، بەوەی هەم خۆدەرخەربێ هەم بەرگربێ. هەڵبەت، کارێکی وەهاش پێویستی بە کاراکردنی میکانیزمی یان تیۆری (هێرش وبەرگری)یە، [1] کە پێشتر ئامارژەمانپێدا.

بە مانای، پێویستە لە بەرانبەر هێرشی کەلتووری ئیقلیمیی وگەردوونیی نامۆ بە ئێمە بەرگری بکەین، ولە بەرانبەردا بە خستنەڕووی کەلتووری ڕەسەنی کوردییمان هێرش بەرینەوە. واتە، کاتێك ولأتانی چواردەور لە هەوڵی ئەوەدان کەلتوور وشوناسیان بەسەرماندا بسەپێنن وبە هەمان شێوە جیهانگیریش کە لە هەوڵی ئەوەدایە کەلتوور وسیستمی سەرمایەداریی لیبراڵیی چەشەکراو بە ئایدیۆلۆژیای (لیبراڵ دیمۆکراسی) [2] بسەپێنێ، ئەوا لە بەرانبەردا دەبێت ئێمەی کوردیش بە کەلتوور وشوناسی نەتەوەییمان هەمان هێرش بەرینەوە، گەر نا ئەوا وردە وردە شوناس وکەلتوور وزمان وپێگە وکوردبوونمان لەسەر ئاستی جیهانیی پێزی نامێنێ.

---

[1] د. عەلی شەریعەتی: فەلسەفەی مێژوو، و: توانا حەمەد ڕەسوڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧

[2] ئازاد تۆفیق خەیات: بەرهەمهێنانی ڕووخێنەری بیروباوەڕ (ویست)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠

بەلأم، کە دەڵێم بەرگری بکەین لە بەرانبەر کەلتووری بیانی وڕۆژئاوای سەردەمی جیهانگیریی، مەبەستم ئەوە نییە سەرلەبەری داهێنان وزانست وسەرخان وژیانی هاوچەرخی بەتایبەت عەولەمە ڕەت بکەینەوە، بەڵکو مەبەستم لەوەیە لە بەرانبەر هەر خستنەڕوویەکی پۆشاك وکەلتوور وکەلەپوور وزمان ودابونەریتێکی نەتەوەکانیتر، ئێمەش دەستبەجێ وچوست وچاپووکانە، کارا وبەرگر ودەستپێشخەریین لە خستنەڕووی کەلتوور وسەرخانمان، وەك ئەوەی لە لای کوردانی ئەوروپا دەبینرێ ودەگوزەرێ. بەلأم، کاتێك جیهانگیری، فەلسەفەیەك زانستگەلێك ئامێر وتەکنۆلۆژیا وداهێنانێکی نوێی مرۆڤدۆستانە دەخاتە ڕوو، بێ سێ ودوو پێویستە سوپاسگوزاریین لەو زانیاری وپێبەخشینە وهەوڵی ئەوە بدەین زۆرترین سوودی لێوەربگرین. چونکە، نەك هەرێمی کوردستان وعێراق، بگرە زۆربەی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست وجیهانی ئیسلامیی بەتایبەت، کۆمەڵگای بەکاربەرن نەك بەکارخەر.

ئەوڕۆ، کوردانی ئەوروپا وتاراوگە بە گشتی، زۆر زیاتر لە کوردانی نێوخۆی هەرێمی کوردستان، هەڵگری هەست وسۆز وکەلتووری کوردین، لەبەرئەوەی لە تاراوگە دیاردەیەك بوونی هەیە کە پێی دەگوترێ کەلتووری گەلان، وسالأنە چالاکی وبۆنە وئاهەنگی تایبەتی بۆ ساز وڕێکدەخرێ. بێگومان، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، دیاردەگەلێکی وەها کاردانەوەیەکی ئەرێنی هەیە لە جۆشدان ولە قاڵبدانی هزر وبوونی کوردان بە کەلتووری کوردیی. بەلأم، کاتێك دێینەوە نێوخۆی هەرێم، مەرج نییە ئەو گڕ وتینەی تاراوگە ببینین. واتە، تا ڕادەیەك ئەو خرۆشان

وکەف وکوڵە نابینین. هەڵبەت، فاکتەری سەرەکیش لێرەدا، ڕەنگدانەوە وبێزاربوونی جەماوەرییە لە کارنامەی حکومەت وبژێوی وقەیران وهەلومەرجی ناهەموار ودەسەلأت وحوکمڕانی کوردیی. ئەوجا وێڕای نەداری، ئەم جەماوەرە خاوەنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ نین، کە تەواوی تاکەکان کۆبکاتەوە وداخوازی وهیواکانیان بەرجەستە بکات وگرێ وگۆڵی دەروونیی وخۆبەکەمزانییان چارەسەر بکات.

کاتێك، تاکێکی کورد دەگاتە هەندەران، هیچ گومانی تیادا نییە کە لە ماوەیەکی کەمدا ئاشنا بە یاسا وداپەروەری وهاولأتیبوون دەبێ. دواتریش، یەکەم بەریەککەوتن لەگەڵ شوناس وکەلتووری گەلاندا دەخولقێ. هەربۆیە، ئەم تاکە، لێوانلێو لە هاولأتیبوون ویاسا ومەعریفە وهەست وسۆزی نەتەوەخوازیی دەبێ. لەوەش گرنگتر، ئەوەیە کە گرێی دەروونیی بێدەوڵەتیی وتەنیایی خاودەبێتەوە، کاتێك تەواوی ڕۆژ بە کارێکی ئاساییەوە مژوولْ دەبێ یاخود لە یەکێك لە کارگەکانی ئەوێدا ڕۆژانە سەرقاڵی کارکردن دەبێت. چونکە، وێڕای سەرقاڵیی، هەست بەوەش دەکات کە خانەخوێی تازە، گرنگی بە بژێوی وکێشە وخەمەکانی دەدات، هەربۆیە ئەو ئینتیمایەی بۆ دەگەڕێتەوە کە سەردەمانێك بوو لە ولأتی خۆیدا لەدەستیدابوو.

وەلێ، پاش وچان وڕەوینەوەی شەکەتبوون وپاش ساتێك حەوانەوە، ئیدی بەرچاوڕوونییەکی بۆ دروست دەبێ ولەبەرخۆیەوە پرسیار وهەڵسەنگاندن تاوتوێ دەکات، مژار وبەراوردکاریی دەبێتە بەشێك لە ژیانی ڕۆژانەی. لێرەوەیە، کە هەست بە گرنگی شوناس وکەلتوور

**وبوونی خۆی لە وڵاتی دووەم دەکات. هەربۆیە، پێبەپێی هاوتا بیانییەکانی، هەر کاتێك بۆنە وئاهەنگی کەلتووریی نیشتمانیی نەتەوەیی سازبکرێ، ئەمیش چاپووکانە خوازیارە بە جل وبەرگ وئاڵای پیرۆزی کوردستانەوە بەشداربێ، بۆئەوەی شوناس وکەلتووری نەتەوەیی خۆی دەربخات. کەوابێ، لەم دۆخە تایبەتەدایە کە کەلتوور لە مێشك وخوددا، ئەو ڕۆڵە لە پاراستنی شوناسی نەتەوەییدا دەبینێ کە دەبوو لە ڕووی واقیع ومێژووییەوە دەوڵەتی نەتەوەیی بیبینیبا. بەڵام، مادامەکی کورد دەوڵەتی نییە، کەوابێ تاکە ئەڵتەرناتیڤ لەبۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی، خودی کەلتووری کوردییە، [1] هەروەك چۆن سەردەمانێك گەلی کورد، لە ڕێی شۆڕش وخەباتی چەکداریی وبزوتنەوەکانییەوە وەك تاکە ئەڵتەرناتیڤ توانیبووی بە بەردەوامی خۆی بسەلمێنێت.[2] بێگومان، ئەمەش پشتڕاستکەرەوەی وتەکانی پێشوومە، کاتێك ئامارەمدا و وتم کەلتوور تەواوکەری پرۆژەی نەتەوەیی وسەلمێنەری ناسنامەی نەتەوەییمانە لەم سەردەمەدا.**

**جێی باسە، ئەو ناسیۆنالیزم وکەلتوورە نەتەوەییەی لە هەرێمی کوردستان وزە وبڕستی لێبڕاوە، لە نێو کوردانی تاراوگەدا لەوپەڕی گەرم وگوڕییدایە. هۆکاری ئەمەش، لە لایەك هەستیاریی وپەرچەکرداری ئەو**

---

[1] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر (کورد لە دیاسپۆرا)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل **٩٧**

[2] ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، هەمان سەر چاوەی پێشوو، ل **٥٩**

**کوردانەی ئەوێیە لە بەرانبەر شوناس وکەلتووری گەلان، کە یەکێکە لە دیارترین دیاردەکانی جیهانگیری، لە لایەکیتریشەوە خونچەی میراتی هەوڵ وخەباتی چەندین ساڵەی کوردایەتی ئەو سەرکردە ونیشتمانپەروەرانەی کوردە کە سەردەمانێك بوو لەوێ نیشتەجێ ببوون، بەتایبەت ئەو بنەماڵە وکوردانەی لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات لە لایەن لایەنگرانی مستەفا کەمالەوە تورکیای کەمالییان جێهێشت.** [1]

**توێژەر ومێژوونووسی فەرەنسی (جۆردی گۆرگاس)، بڕوای وایە کاتێك (سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم) لە سەدەی نۆزدەدا کۆتایی بە میرنشینە کوردییەکان دەهێنێ، ئیدی خانەدان وپیاوماقوڵانی ئەم میرنشینانە ڕوو لە ویلایەتەکانیتری دەوڵەتی عوسمانی یان ڕوو لە تاراوگە دەکەن. هەڵبەت، دوا شاڵاوی دەستبەسەرداگرتنی کوردستان، بووەهۆی ڕاوەدوونان ودوورخستنەوەی بنەماڵەی بەدرخان بەگ لە (١٨٤٧ز). لە ئەنجامی ئەم داگیرکارییەشدا، بۆشاییەکی سیاسی گەورە لە ناوچەکەدا خوڵقا، کە دواتر بووە هۆی دروستبوونی ئاژاوە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا.** [2]

**هەر لەسەر ئەم بابەتە، توێژەری ناوبراو، درێژە بە قسەکانی دەدات ودەڵێ: "دوای ئەوەی، شوناسی کوردیی لە تورکیای کەمالییدا بووە**

---

[1] جوردي غورغاس: الحركة الكردية التركية في المنفى، ت: جورج البطل، الطبعة الاولى، الناشران: دار الفارابي- بيروت، لبنان، دار اراس للطباعة والنشر- اربيل، ٢٠١٣، ص ٢٢

[2] جوردي تيجيل: كيف تبدّدت فرصة انشاء الدولة الكردية في ١٩٢٠؟ موقع الحياة، ٢٩/ نوفمبر/ ٢٠١٦، www.alhayat.com

**دیاردەیەکی نامۆ وقێزەون وناونیشانی بەرگریکردن لە پرۆژە نەتەوەییەکانی تورکیای کەمالیی، ناچار دەستەبژێر (نخبة)ی کورد گەیشتنە ئەوەی کە ئیدی بەرهەڵستی بکەن وزمانی ڕەتکردنەوە (نفي) بەکاربهێنن. دیارە، لە (١٩٢٥ن)یەوە، ئەو یان ئەویتر (الاخر) (مەبەست لە تورکە کەمالیستەکانە– نووسەر) بووە دوژمنی بۆماوەیی لای کوردە ناسیۆنالیستەکان، کە سەردەمانێك بوو ئەم دوو نەتەوەیە بە ئاشتی دەژیان. بێگومان، سەرکردەکانی کورد، بە جەختکردن لە (من) بەرەنگاری (ئەو) یان (ئەویتر) دەبوونەوە. [1] واتە، لێرەوە ئایدیۆلۆژیای (من وتۆ) یان (من وئەو) لە تورکیای کەمالییدا هاتە کایەوە. بە مانایەکیتر، سەرهەڵدانی چەمکی (منی باڵا) وسڕینەوەی بەرانبەر لە نێو کورد وکەمالیستەکان.**

**بە بڕوای (سارتەر)، تاکە شتێك کە مرۆڤ لە بابەتە ماددییەکان جیادەکاتەوە ئازادییەکەیەتی. [2] ئەمە سەرباری ئەوەی، بەلای ناوبراوەوە مرۆڤ پێکدێت لە بوون وچییەتیی (ماهیة). بەڵام، هەموو کات بوونی مرۆڤ لەپێش ماهییەتییەوە دێت، [3] بۆیە ئازادە. کەواتە، بە بڕوای سارتەر، مرۆڤ بۆیە ئازادە لەبەرئەوەی خاوەنی (بوون)ە. بەمەش، (خود)ی نێو**

---

[1] جوردي غورغاس: الحركة الكردية التركية في المنفى، ت: جورج البطل، مصدر سابق، ص ١٠

[2] جان پۆڵ سارتەر: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتییە، و: ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسوڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٤

[3] د. حەمید عەزیز: فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکیی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی موکریانی– هەولێر، ٢٠١٠، ل ٢٠٤

**فەلسەفەی (دێکارت) ڕەتدەکاتەوە، وبوون پێش جەوهەر دەخات. هەڵبەت، ڕەتکردنەوەکەشی بنەمایەکی فینۆمینۆلۆجی هەیە، وله کتێبی (بوون ونەبوون)دا بوونگەرانه شیکراوەتەوە.** [1]

**هەڵبەت، ئەم بوونەی مرۆڤ، پێش جەوهەر وشوناس وئایین وکەلتوور وزمان وخاك ودابونەریت وتەواوی سەرخان وژێرخانیشه. ئەوجا، کاتێك مرۆڤی کورد له تورکیای کەمالییدا (بوون)ی بکەوێته مەترسییەوە، کەوابێ هیچ گومانی تێدا نییه که شوناسی نەتەوەیی وکەلتوور وئایین وزمان وکەلەپوور ودابونەریت وپێگەی سیاسی وجوگرافیشی سڕاوەتەوە، بەمانای ئازادیشی نییه. هەربۆیه، وەك پێشتر ئاماژەم پێدا، سەردارانی کورد له دۆخێکی مەترسیداری وەهادا ناچاربوون خاك وزێدی خۆیان بەجێبهێڵن وڕووبکەنه ولاّتانیتر، لەبەرئەوەی لەوێ ئازادی بوونی هەبووە، واته چیتر (بوون)یان ناکەوێته بەر مەترسی لەناوچوون وسڕینەوە. بێگومان، ولاّتانی ئەورووپاش، ئەو وێزگەیه بوو که له بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستەبژێری کورد ڕوویتێکردبوو.**

**شایەنی باسە، سارتەر دەڵێ: "مرۆڤ له بنچینەدا به هیچ شێوەیەك ماهییەتی بۆ دیارینەکراوە، تا لەو سنوورەدا ڕەفتار وکار وهەڵسوکەوت بکات. بەڵکو، مرۆڤ له بنچینەدا (بوون)ی بۆ دیاریکراوە، له کاتێکدا تەنها شته ماددییەکان ملکەچی ماهییەتیانن. واته، ئازادی مرۆیی وەکی**

---

[1] د. محەمەد کەمال: فینۆمینۆلۆجی، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠١٩، ل ٩٩

**(بوون)، پێش ماهییەتی مرۆڤ دەکەوێت. کەواتە، بە بڕوای ئەو، چییەتیی بوونەوەری مرۆیی پەیوەستە بە ئازادییەکەیەوە.** [1]

**لە ڕاستیدا، بوونگەراکان، بڕوایان وابوو لە جیهانێکی بێ سەروبەری بێ واتادا، دەبێ هەوڵی دۆزینەوەی (واتا) بۆ جیهان وبۆ تاك بدرێت.** [2] **ئیدی مرۆڤ ئازادە، لە کردار ولە هەڵبژاردنەکانی خۆی، بۆیە چیتر خۆی (بوون)ی خۆی دروست دەکات. بە گونجاندنی ئەم بۆچوونە لەگەڵ واقیعی گەلی کورد، دەکرێ بڵێین سەردارنی کورد لە بەرانبەر جینۆساید وبێدەنگیی ڕایگشتی وبێسەروبەریی جیهان وبێ واتایی مرۆڤی کورد، ناچاربوون لە هەوڵی دۆزینەوەی مانایەك بۆ ژیان وکەرامەت و واتایەك بۆ ئەو حاڵەتەی گەلی کوردی تێکەوتووە، کۆچ بەرەو تاراوگە بکەن، تا لە خاکی ئازادییەکاندا لە مانای ئازادیی وبوون تێبگەن.**

**بە واتایەکیتر، دەکرێ بڵێین کۆچی سەرداران وبنەماڵە ناودار ونیشتمانپەروەرەکانی کورد بەرەو تاراوگە، بەهۆی نالەباریی بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە وسڕینەوە وچەمکی منی باڵای کەمالیستەکان بەرانبەر بە گەلی کورد بوو، کە دەرەنجامەکەی بێداربوونەوەی هەستی نەتەوایەتی وچاندنی تۆی بەرخودان وئازادیی وکوردبوون بوو.**

---

[1] د. حبيب الشاروني: فلسفة جان بول سارتر، الناشر منشأة المعارف بالاسكندرية–الاسكندرية، **٢٠٠٣**، ص **١٣٣**

[2] برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عوسمان حەمە ڕەشید گوروون، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل **٣٩٥**

گوڵەوەچنەی مەبەستم ئەوەیە کە بڵێم، ئەو گوڵ وگوڵزارانەی ئەمڕۆ لە خاکی تاراوگە گەشاونەتەوە وبۆن وبەرامەی کەلتووری ڕەسەن وکوردایەتییان لووتی لاوانیان پڕکردووە، دوێنێ بە دەستی ئەم کەسایەتییە نیشتمانپەروەرانە چێندرابوون.

شایەنی وتنە، وەنەبێ تەنها کەمالیستەکانی تورکیای نوێ هۆکاری ڕاوەدوونانی سەردارانی کورد بووبن بۆ هەندەران لەو سەردەمەدا، بەڵکو ڕژێمگەلی پادشایی لە عێراق وئێران ودواتریش ڕژێمی بەعس لە سووریای کۆماریی بەشدار بوون. تەنانەت، پێشتریش لە دوای شکستهێنانی هەردوو شۆڕشی (بەدرخان پاشا)ی میری میرنشینی (جزیرە وبۆتان) لە ساڵی (١٨٤٧ز)، و(شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) لە ساڵی (١٨٨٠ز) لە دژی عوسمانییەکان، وبەهۆی وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی وگەشەکردنی ئاستی هۆشیاری نەتەوەی کورد، ژمارەیەك کۆمەڵە ورێکخراوی سیاسی لە کوردستانی باکوور سەریانهەڵدا. هاوکات، بزوتنەوەیەکی سیاسی وڕۆشنبیریی بەهێز، لە دەرەوەی دەسەڵاتی عوسمانی لە دژی حوکمڕانیی سوڵتان (عەبدولحەمید) سەریهەڵدا، کە خۆی لەو کەسایەتییە سیاسی وکۆمەڵایەتی وڕۆشنبیرانەدا دەبینییەوە کە لە دەستی سوڵتانی ناوبراو ودارودەستەکەی هەڵهاتبوون وڕوویان لە وڵاتانی دەرەوە کردبوو، بەتایبەت لە (میسر، لوبنان، فەرەنسا، بەریتانیا، سویسرا و...هتد.) [١]

---

[١] د. بەهادین ئەحمەد: سەرەتایەك بۆ مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤

هەڵبەت، هەموو کارێك کاردانەوەیەکی هەیە. مانای، سیاسەتی ناسیۆنالیزم وڕاسیزم ودوژمنکارانەی داگیرکەرانە کە مرۆڤی کوردی یاخی کردووە ولە بەرانبەردا شۆڕش وشوناسی نەتەوەیی وکەلتووریی خۆی دەردەخات. کاریگەریی سیاسەتی (منی باڵا)یە، کە ئەم مرۆڤە یاخییە بە دوای (خودی ئاگامەند)دا وێڵە. هەربۆیە، هەردەم ژیانی یاخیبوون ڕادیکاڵە وبەردەوام لەنێو زۆرانبازییەکاندایە. بێگومان، یاخیبوون، ڕەتدانەوەیەکی هەمیشەییە کە گۆڕانکارییەکان وبەرەوپێشچوون دێنێتەکایەوە. مرۆڤی یاخیبوو، داهاتووبینە، دیارە داهاتووش گۆڕانکاری وداهێنانە. تاوەکو مرۆڤیش ئازاد نەبێت، هەرگیز ناتوانێت داهێنەربێ وپرۆژەکانی (بوون)ی بهێنێتە کایەوە. یاخیبوون، ئازادی، داهێنان، داهاتوو، چەند واژەیەکن لە فەلسەفەی (بوونگەرایی)دا پێکەوە گرێدراون ویەکتر تەواوکەرن وبێیەك نابن. بەڵام، مرۆڤی نامۆ ویاخینەبوو، لەبەرئەوەی (بوون)ی داگیرکراوە وئازادیی زەوتکراوە، بۆیە بێ داهاتووە.[1]

بێمکووڕیکردن، تورکە لاوەکان، توخمێکی نوێیان (ناسیۆنالیزم) خستە وڵاتەوە. ئەوان، دەیانەویست وەك شۆڕشگێڕە گەورەکانی ئەورووپا، چیتر گوێیان لە باسکردنی دەستووری سیاسی ئیمپراتۆریای عوسمانی وعوسمانیزم ویان ئیسلامیزمی سوڵتان عەبدولحەمید نەبێت. ئەوان، دەیانەویست بە سیاسەتی ناسیۆنالیزمی تورك، جێگەیان بگرنەوە.[2] واتە، پەیڕەوکردنی سیاسەتی ناسیۆنالیزمی توندئاژۆ وچەمکی (منی باڵا)

---

[1] د. محەمەد کەمال: ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی وبوونی مرۆڤ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٦

[2] کۆمەڵەی خۆییبوون: قەتڵوعامی کورد لە تورکیا، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٥

وسڕینەوەی (ئەویتر)، کە پێشتر ئاماژەم پێدا. بێگومان، بەمەش (بوون وئازادی) بەرانبەر داگیرەکرێ ونامۆیی ویەخسیریی وکۆیلایەتی پێدەبەخشرێ. ئەوجا، مرۆڤی چەوساوە کە بە نامۆیی دەژی، هەرگیز ناتوانێ بوونی ڕاستەقینەی خۆی دەربخات وناوەڕۆکی خۆی بخوڵقێنێ. بێگومان، گەر مرۆڤی چەوساوە لە ژێر باری گرانی ئەم دۆخە سەپێندراوەدا یاخی نەبێت، کەواتە نامۆیی وکۆیلایەتی بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ وڕەتی ئازادیی وسەربەرزیی دەکاتەوە. [1]

لە مێژوودا، مرۆڤی کورد وەك یاخیبوویەك، هەرگیز بەم ژێردەستەیی ونامۆیی وکۆیلایەتییە ڕازی نەبووە، هەربۆیە بە لایەکدا تا توانیویەتی یاخیبووە وشۆڕشی بەرپاکردووە، بە لایەکیتریشدا دەستەبژێرە ڕۆشنبیر ونیشتمانپەروەرەکانی بە مەبەستی گەیاندنی پەیامی مرۆڤی کوردی بێچارە بەرەو تاراوگە بەرێکەوتوون. دیارە، یاخیبوون لە بارودۆخی تاڵ وکۆچ بەرەو تاراوگە لە پێناو ئازادییدا، هەڵگرتنی بڕێك لە بەرپرسیاریەتییە. بەمانای، بەدەستهێنانی ئازادی وماف وپارێزگاریکردن لێی، بەرپرسیاریەتییە، بەڵام کۆیلایەتی هیچ بەرپرسیاریەتییەکی تێدا نییە. [2] واتە، شۆڕشی چەکداریی ویاخیبوون وخەباتی ڕۆشنبیریی وبزوتنەوەی چاپەمەنیی وکۆچ بەرەو مەنفا وگەیاندنی دەنگی کورد بە جیهانی دەرەوە، تێکڕا لە خانەی گەڕانە وەدووی ناسنامەی نەتەوەیی وکەلتووری کوردەواری وئازادیی وخود وبووندا. وەك

---

[1] د. محەمەد کەمال: ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی وبوونی مرۆڤ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٤

[2] هاشم ساڵح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠١٢، ل ١٦

پێشتریش ئامارژەم پێدا، ئازادی خەسڵەتی سەرەکی مرۆڤە، کاتێکیش کە مرۆڤ ئازاد بوو، بێگومان بەرپرسیاریشە. [1]

شایەنی باسە، گەرچی مەنفا ودووره ولآتیی گەلێك سەختە، بەلآم تا ئەمرۆ تاراوگە بووەتە خانەخوێیەکی گرنگ بۆ ڕۆڵەکانی کورد لە پێناو پاراستنی شوناسی نەتەوەیی وکەلتوور ودەنگ وڕەنگی کوردیی. بەپێی هەندێك سەرچاوە، یەکەمین چاپخانە وتەنانەت یەکەمین ڕێکخراوی سیاسی کورد لە مەنفا دامەزرێندراون. دیارە، یەکەمین چاپخانە، لەلایەن (حوسێن حوزنی موکریانی) لە ساڵی (١٩١٥ز) لە سوریا دامەزراوە. یەکەمین ئۆرگانی سیاسی کوردییش، هەر لە مەنفا دروستکراوە، کە ئۆرگانی (عەزمی قەومی کوردستان)ە لە ساڵی (١٩٠٤ز) لە قاهیرە دامەزراوە. [2]

واتە، ئەوەی کورد بە درێژایی مێژوو بە شۆڕش وخەباتی چەکداریی بەدەستی نەهێنا لە شوناس وپێگەی نەتەوەیی سیاسی جوگرافیی، دەکرێ لانیکەم بە شۆڕشی مەدەنی وزمانی چاپ ولەڕێی بلآوکراوە جۆراوجۆرەکانی ڕێکخراوە کەلتووریی فەرهەنگیی کۆمەلآیەتییەکانەوە بەدەستیبهێنێ. بەوەی، تێکڕای ئەو ڕێکخراوانە کۆمەڵگای مەدەنی چێدەکەن. دەبێ مکووڕبین لەسەرئەوەی، هەردەم لاوانی کورد سووتەمەنی شۆڕش وخەباتی

---

[1] مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام ورۆشنگەری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٧

[2] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر (کورد لە دیاسپۆرا)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٣

چەکداریی بوون، لەکاتێکدا خەباتی مەدەنی ورۆشنبیریی هەرگیز کەس ناکاتە قوربانیی خۆی. وەلێ، (جۆرج دانتۆن) وتەنی: "شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی دەخوات" [1] بەڵام، (ئەنتۆنیۆ گرامشی) وتەنی: کۆمەڵگای مەدەنی، پەیوەندییە رۆشنبیرییە– ئایدیۆلۆژییەکان لەخۆ دەگرێت، سەرباری چالاکی رۆحیی– هزریی. [2] بێجگەلەوەی، (بێنەدێکت ئەندرسۆن)یش هەردەم دەیگوت: زمانی چاپ، بناغەی هۆشیاری نەتەوەیی دادەڕێژێت. [3]

دەکرێت، دوا وتەم ئەوەبێ کە بڵێم (ئێمە کێین)؟ لە ڕووپەڕی مێژوودا، وا نووسراوە ئێمە ئەو گەلەین کە بە ئەنفال وکیمیایی وجینۆساید وداگیرکردن وپەرتەوازەیی وبەزەیی وگێلیی ناسراوین. ئێمە لە مێژوودا، ئەو گەلەین کە وڵاتانی ئیقلیمیی هەردەم ویستوویانە شوناس وزمان وپێگە وکەلتوور ورەگەزمان ڕیشەکێش بکەن. ئێمە ئەو گەلەین، کە بە درێژایی مێژوو زلهێزان فریوی داوین وناپاکی گەورەی لەگەڵ کردووین. ئێمە ئەو گەلەین، کە لانکی شارستانییەت وداڕێژەری مرۆڤایەتین. ئێمە ئەو گەلەین، کە هەرگیز چاومان لە خاکی گەلانیتر نەبووە وهەردەم خاکمان داگیرکراوە. ئێمە ئەو گەلەین، کە خۆخۆر ونەزان وپەرتەوازە وبە هەموو بایەك دەشەکێینەوە.

---

[1] معتزبالله عبدالفتاح: حتى لا تاكل الثورة المصرية ابناءها، موقع الوطن، الثلاثاء، ٢/ ٤/ ٢٠١٣، www. elwatannews.com

[2] مفهوم المجتمع المدني: تغريد كشك، ١٠/ ٧/ ٢٠٠٦، www.grenc.com/a/tkishek/show

[3] مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر (کورد لە دیاسپۆرا)، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٢

بەلأم، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئیدی لە ڕابردوویەکی خوێناوی پەرتەوازەی ناپاکدا بسوڕێینەوە. بەڵکو، پێویستە بیر لە داهاتوومان بکەینەوە، بە هزری تازەگەرایی وئەقڵگەرایی وگومانگەرایی، لە پێناو بونیادنانی داهاتوویەکی پرشنگدار وکەلتوورێکی نەتەوەیی سەرفراز وفەرهەنگێکی دەوڵەمەندی ڕەنگاڵە. واتە، گۆڕینی ئێمەیەکی ئەنفالکراوی بێئیرادەی خودنامۆی تێکشکاو کە تەنها جێی بەزەیین، بە ئێمەیەکی بالأی ئاگامەندی چالاکی کارکردی مۆدێرن. ئەمەش، ئەو کەلتوورە داوەشیوەیە کە پێویستە وەلاینێین. چیتر، ناکرێ تاسەر پێناسەی کورد، ئەنفال وکیمیایی وجینۆساید وبراکوژیبێ، بەڵکو پێناسەی نوێی کورد، دەبێ کەلتوور وفۆلکلۆر وفەرهەنگ وزانستبێ. وەلێ، ئەم مرۆڤە کوردە نوێیەش، بەهۆی شەڕێکی موقەددەس وبە میتۆدی ڕەخنە ولەژێر کارتێکردنی دەوروبەر وڕەتکردنەوەی ڕابردوودا، مێژوو بۆ خۆی دادەهێنێ. [1]

---

[1] د. محەمەد کەمال: فەلسەفەی سارتەر، خوێندنەوەیەکی نوێ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣

# دەرەنجام

دەوترێت، کەلتووری کۆمەڵایەتی بەرهەمی کۆمەڵگا خۆیەتی، لە ڕێی هەڵسوکەوت وچۆنیەتی بیرکردنەوە وڕەفتار وکەلەپووریەوە. هەرگیز، ناتوانرێت بە ئاسانی وبە زووترین کات ولەخۆڕا کەلتووری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی مرۆیی بگۆڕدرێت. لەبەرئەوەی، ئەو کەلتوورەی تایبەتە بەو کۆمەڵگایە وڕێچکەی خۆیی گرتووەتەبەر، بۆماوەییە ونەوە لە دوای نەوە گواستراوەتەوە وئێستاکەش بە تەواوی جێی خۆیی گرتووە. ئەوجا، دەشێت بەشێك لەو کەلتوورە لە کەلتووری گەلانیترەوە هاوردەکرابێ، یان کاریگەریی کەلتووری دراوسێبێ بەسەر کەلتووری هاوسێوە.

کەواتە، هەرچەند گەلان سنوورەکانی بوونی خۆیان تۆکمە بکەن، بەلاّم کاریگەریی ورەنگدانەوەی کەلتوورگەلێك زۆر لەوە زیاترە کە بتوانرێ بەری پێبگیرێ. هەڵبەت، جیهانگیریی، باشترین وزەقترین نموونەیە کە لەمڕۆدا هیچ سنوورگەلێکی یەکە سیاسییەکانی جیهان لە بەرانبەریدا توانای ڕێگریکردنیان نییە. ئەمڕۆ، یەکێك لە خەسڵەتەکانی جیهانگیری هێزی نەرم وزانیارییە، کە لە ڕێی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان وتۆڕ وکەناڵە ئاسمانییەکان وماس میدیاوە تەواوی گۆی زەوی گرتووەتەوە. بێمکووڕیکردن، ئەستەمە دەوڵەتێك هەبێ وبتوانێ سەد لە سەد بەری پێبگرێت. ئەمە وێڕای ئەوەی، خواردەمەنی، یەکێکیترە لە خەسڵەتەکانی جیهانگیری،

مەبەستیش لە (مەکدۆناڵدن)ە کە زۆرینەی وڵاتانی داگیرکردووە. لە ڕاستیدا، ئەمەی باسمانکرد، هەم خواردنە هەم دەرخستەی کەلتوور وهەژموونی ئەمریکایە. کەواتە، هەرچەند ڕێگریی لە هاوردەکردنی کەلتووری کۆنی بێگانە بگیرێ، بێشك شاڵاوی نوێی کەلتوور بەدوایدادێ. وەلێ، ئەمەش هۆکاری گەشەسەندنی کۆمەڵگاکان وکارئاسانی پەیوەندییەکان وڕووداوەکان وئاڵوگۆڕە جۆراوجۆرەکانە.

دوایئەوەی کورتەیەکی کەلتوورم بە گشتی باسکرد، ئینجا باسێکی کورتی کەلتووری کوردیش دەکەم. شایەنی وتنە، گەرچی گەلی کوردیش هاوشێوەی گەلانیتر یەخسیری کەلتووری دەرەکییە، بەڵام ئەوەی خستوومەتە ڕوو، لایەنە نەرێنییەکانیەتی کە ڕەنگدانەوەیەکی خراپی هەیە. ئەم کتێبە، تەواوی ئەو لایەنە نەگریسانەی دەرخستووە کە پێویستە لق وپۆپ بکرێن. بەڵام، گەر ئەمە ئەستەمبێ لە ئێستادا، دەبا لە نێو هەناوی مێشکماندا پرۆژەیەك بە ناوی کەلتووری نێوە بخوڵقێنین، کە دواجار لە نەبوونەوە بێتە بوون وڕێنموونیمان بکات لەبۆ بونیادنانی ئاییندەیەکی نوێی گەلەکەمان.

# سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**


١. ئازاد تۆفیق خەیات: یەکتاپەر ستانی دەرزی، بەڕێوەبەرا یەتی چاپ وبلاوکرد نەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی– سلێمانی، ٢٠٠٩

٢. ئازاد تۆفیق خەیات: دەربارەی عەقڵی سێکیولار وکورد سێکیولار، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان– سلێمانی، ٢٠١١

٣. ئازاد تۆفیق خەیات: نا سیۆنالیزمی کوردی وهۆکارە کانی کامڵ نەبوونی، چاپی یە کەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا– سلێمانی، ٢٠١٢

٤. ئازاد تۆفیق خەیات: ( نالی، دانتێ) وێکچوونێکی فرەڕەهە ند، چاپی یە کەم، چاپخانەی ئینستیتیوتی کەلەپووری کورد– سلێمانی، ٢٠١٧

٥. ئازاد تۆفیق خەیات: ڕۆشنبیر، دەسەلات، ژینگە، چاپی یە کەم، لە بلاوکراوە کانی پرۆژەی قەفتان بۆ چاپ وبلاوکردنەوە، چاپخانەی ناوەندی سارا– سلێمانی، ٢٠١٧

٦. ئازاد تۆفیق خەیات: بەر هەمهێنانی ڕووخێ نەری بیرو باوەڕ (وڕ ست)، چاپی یە کەم، چاپخانەی پیرەمێرد– سلێمانی، ٢٠١٨

٧. ئەنگڵس: لودڤیگ فۆیەرباخ وکۆتایی فەلسەفەی کلا سیکی ئەڵمانی، و: سالار ڕە شید، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری (ی.ن.ک)، ٢٠٠٥

٨. ئەکرەمی میهرداد: ناسیۆنالیزم (گۆڕانکاری، تیۆری، ڕەخنە)، لە بلاوکراوە کانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک) سلێمانی، ٢٠٠٦

٩. د. بەهادین ئەحمەد: سەرەتایەك بۆ مێژووی ڕاگەیاندنی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی– کەرکوك، ٢٠١٣

١٠. برایان ماگی: مێژووی فەلسەفە، و: عو سمان حە مە ڕە شید گوروون، لە بلاوکراوە کانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠١٠

١١. تاریق محەمەد عەبدولڕەحیم: ڤلادیمێر ف. مینۆرسکی، و: ئازاد عوبێد ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری– هەولێر، ٢٠٠٨

١٢. جان پۆڵ سارتەر: بوونگەرایی فەلسەفەی مرۆڤایەتیە یە، و: ڕۆ شنا ئە حمەد ڕە سوڵ، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٤

١٣. د. جەعفەر عەلی ڕەسولْ: سۆفیزم وکاریگەریی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا ١٨٨٠– ١٩٢٥، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی تیشك– سلێمانی، ٢٠٠٨
١٤. جۆن ئیم. دان: سەردەمی ڕۆشنگەریی، و: محەمەد وەلی کاکایی وجیهانگیری غەفاری، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا– سلێمانی، ٢٠٠٨
١٥. د. حەمید عەزیز: فەلسەفەی سەردەمی ڕۆمانتیکیی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی موکریانی– هەولێر، ٢٠١٠
١٦. د. حسەین بەشیریە: مارکسیزمی فەلسەفیی ڕۆژئاوایی، و: مەنسووری تەیفووری، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی– سلێمانی، ٢٠٠٩
١٧. خەلیل شەڵماشی: نەژادی کورد لە لوبنان، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٠
١٨. داریوش ئا شوری: چەمك وپێنا سەی فەرهەنگ (کەلتوور)، و: ئیبراهیم حەسەن پوور، چاپی یەکەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، چاپخانەی موکریانی– هەولێر، ٢٠١٣
١٩. ڕۆبەرت ئۆڵسن: ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران، و: ئەبوبەکر خۆشناو، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ١٩٩٩
٢٠. ڕێبوار سیوەیلی: کتێبی نالی، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، کوردستان، ٢٠٠١
٢١. ڕێبین ڕەسولْ ئیسماعیل: هیگلْ فەلسەفە و مۆدێرنیزم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی وئەدەبی نما، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٤
٢٢. ژیلوان عەبدوڵلاْ هەڵەدنی: کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد– سلێمانی، ٢٠١٠
٢٣. ساڵح قەفتان: مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان– سلێمانی، ٢٠٠٤
٢٤. سامۆیل. پ. هەنتینگتۆن: پێکدادانی شارستانییەکان، و: مامەند ڕۆژە، لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر وهۆشیاری ی.ن.ك– سلێمانی، ٢٠٠٥
٢٥. د. سامان حوسێن ئەحمەد: ڕەهەندەکانی ڕیفۆرمی ئایینی لە ئەورووپا، چاپی سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنگەریی چاودێر، چاپخانەی خانی– دهۆك، ٢٠١٧

٢٦. شەرەفخانی بەدلیسی: شەرەفنامە، و: هەژار، لە بلاّوكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد- نەجەفی پیرۆز، ١٩٧٣

٢٧. د. شەمسی محەمەد ئیسكندەر: مێژووی كورد لە سەدەی ١٦ هەمدا، و: شوكور مستەفا، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبلاّوكردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٩

٢٨. شێخ محەممەدی مەردۆخی كوردستان: مێژووی كورد وكوردستان، و: عەبدول كەریم محەممەد سەعید، چاپخانەی ئەسعەد- بەغداد، ١٩٩١

٢٩. عبدالرقیب یوسف: تابلۆكانی شەرەفنامە، چاپی سێیەم، لە بلاّوكراوەكانی بنكەی ژین- سلێمانی، ٢٠٠٥

٣٠. عەفیف ئەخزەر: عەلمانیەت وئ سولّیەت، و: شوان ئە حمەد، چاپی دووەم، لە بلاّوكراوەكانی دەزگای ئایدیا بۆ فكر ولێكۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی- سلێمانی، ٢٠١٨

٣١. عەتا قەرەداغی: كاریگەری كەلتووری ئەوان لە سەر كورد، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرێتی چاپ وبلاّوكردنەوەی سلێمانی- چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٧

٣٢. عەتا قەرەداخی: گوتاری ناسیۆنالیزمی كوردی، بەرگی یەكەم، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٧

٣٣. د. عەلی شەریعەتی: فەلسەفەی مێژوو، و: توانا حەمەد ڕەسوڵ، چاپی یەكەم، لە بلاّوكراوەكانی ناوەندی سایە بۆ چاپ وبلاّوكردنەوە، چاپخانەی تاران- تاران، ٢٠١٦

٣٤. فیلیپ كرینبروك- كریستیین ئالیسۆن: كەلتوور وناسنامەی كورد، و: وریا ڕەحمانی، چاپی یەكەم، دەزگای توێژینەوە و بلاّوكردنەوەی موكریانی- چاپخانەی خانی، هەولێر، ٢٠٠٨

٣٥. فرانسیس فۆكۆیاما: كۆتایی مێژوو ودوایین مرۆڤ، و: ئیسماعیل كوردە، چاپی یەكەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی كارۆ- سلێمانی، ٢٠٠٨

٣٦. كەریم زەند: ئایینستان، چاپی یەكەم، چاپەمەنی ئەزمەر- سلێمانی، ٢٠٠٦

٣٧. د. كەمال مەزهەر: كورد وكوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی حكومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەكەم، چاپی دووەم، چاپخانەی گرین گ لۆری- بەیروت/ هەرێمی كوردستان، هەولێر، ٢٠٠٩

٣٨. كەیوان ئازاد ئەنوەر: مێژووی دەركەوتنی ئایینەكانی ئێزدی وكاكەیی، چاپی یەكەم، لە بلاّوكراوەكانی كتێبخانەی هەژار موكریانی، چاپخانەی تاران- تاران، ٢٠١٨

٣٩. كەیوان ئازاد ئەنوەر: چەردەیەك لە مێژووی كورد، چاپی چوارەم، چاپخانەی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠٠٦
٤٠. كۆمەڵەی خۆیبوون: قەتڵوعامی كورد لە توركیا، و: نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ژین، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، ٢٠٠٧
٤١. كۆمەڵێك مامۆستای زانكۆ: كوردۆلۆجی، چاپی یەكەم، چاپخانەی مەنارە- هەولێر، ٢٠٠٩
٤٢. لین و. لینكستەر: خواوەندەكانی هزری سیاسی، و: كامەران محەمەد پوور، چاپی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر، ٢٠٠٧
٤٣. مایكڵ گەنتەر: فەرهەنگی مێژووی كورد، و: مامەكاك، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی ئاراس- هەولێر، ٢٠٠٧
٤٤. محمد امین زكی: كورد وكوردستان، جلدی ١- ٢- ٣، (چاپخانەی دار السلام، بغداد)، انتشارات سیدیان- مهاباد، ١٩٣١
٤٥. د. محەمەد كەمال: فینۆمینۆلۆجی، چاپی یەكەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠١٩
٤٦. د. محەمەد كەمال: ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی وبوونی مرۆڤ، چاپی چوارەم، لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، چاپخانەی ناوەندی ڕەهەند- سلێمانی، ٢٠١٩
٤٧. د. محەمەد كەمال: فەلسەفەی سارتەر، خوێندنەوەیەكی نوێ، زانكۆیماڵبۆرن- ماڵبۆرن، ئوستورالیا، ٢٠٠٢
٤٨. محمد ئاركۆن: ئایین، عەلمانییەت، فێندەمێنتاڵیزم، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٣
٤٩. محەمەد ئاركۆن: بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ، و: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠١
٥٠. د. محەمەد شێخ: هیگڵ وفەلسەفەی تازەگەری، و: دلێر میرزا، چاپی یەكەم، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ڕوون- سلێمانی، ٢٠١٠
٥١. مەریوان وریا قانیع: دەربارەی فەلسەفە وئیسلام وڕۆشنگەری، لە بڵاوكراوەكانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێكۆڵینەوەی كوردی- ئەمستردام، بەهاری ٢٠٠٢

٥٢. مەریوان وریا قانیع: ناسیۆنالیزم وسەفەر (کورد لە دیاسپۆرا)، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٥

٥٣. مەریوان ور یا قانع: مرۆڤ وکەرا مەت، چاپی یە کەم، ناوە ندی ڕۆ شنبیری وهو نەریی ئەندێشە، چاپخانەی تاران– تاران، ٢٠١٦

٥٤. د. مو سا ئ یبراهیم: فیدکری سیا سی خۆر ئاوا لە مەکیاڤیل یەوە تا مارکس، و: شوان ئەحمەد، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠٠٥

٥٥. میریلا گالیتی: کلتووری کوردی لە دا نراوی ئیتالییەکا ندا لە سەدەکانی (١٣–١٩)، و: ئیدریس عە بدوڵڵا مستەفا، چاپی یە کەم، دەزگای توێژینەوە وبڵاوکرد نەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی– هەولێر، ٢٠٠٨

٥٦. نەو شیروان مستەفا ئەمین: بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی یە کەم، چاپی یە کەم، ا لدار العربیە للعلوم/ ناشرون، بیروت– لبنان، ٢٠١٢

٥٧. ه. ئاجەریان، ڤ. مینۆرسکی، د. محەمەد موکری، ژ. ه. کرامیرز: چەند با سێك دەربارەی ئەهلی هەق، و: نەجاتی عەبدوڵڵا ، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی موکریانی– هەولێر، ٢٠٠٥

٥٨. هاشم ساڵح: جۆرج تەرابیشی ولێکشیتاڵکردنی ئا یدیۆلۆجیای هاو چەرخی عەرەبی، و: شوان ئەحمەد، چاپی دووەم، دەزگای چاپ وبڵاوکرد نەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس– هەولێر، ٢٠١٢

٥٩. هاشم ساڵح: لەبارەی چەمکی دەوڵەتی مەدەنییەوە، و: ئەردەڵان عەبدوڵڵا، چاپی یە کەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم– سلێمانی، ٢٠١٢

٦٠. ها شم ساڵح: سەرەتایەك دەر بارەی ڕۆ شنگەریی ئەوروپی، و: شوان ئە حمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج– سلێمانی، ٢٠٠٧

٦١. ها شم ساڵح: ئایین، فا شیزم، مەرگ، کۆمە ڵە و تار، و: هەورامان ور یا قانع،
www.hoshyari.com
٦٢. ها نا ئارێنت: ئازادی چییە؟، و: حە مە ڕە شید، چاپی یە کەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم– سلێمانی، ٢٠١٥

٦٣. هیگڵ: مێژووی فەلسەفە، و: عرفان مستەفا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وبڵاوکرد نەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر، ٢٠٠٥

٦٤. هيوا عەزيز سەعيد: ڕەنگدانەوەی بیری لیبراڵی لە باشووری کوردستان (١٩٠٠- ١٩٥٨)، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ وبڵاوکردنەوە، چاپخانەی یاد- سلێمانی، ٢٠٠٦
٦٥. ویلّ دیورانت: مێژووی شارستانێتی، و: ئازاد بەرزنجی، نەبەز کەمال نوری، دانا ئەحمەد مستەفا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم- سلێمانی، ٢٠٠٧
٦٦. پ. د. وەد یع جوە یدە: جولاّ نەوەی نە تەوەیی کورد، و: ی. پ. د. یا سین سەردە شتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما- سلێمانی، ٢٠٠٨

## سەرچاوە عەرەبییەکان:

١. د.ابراهيم قاسم درويش بالاني: صدام الحضارات لهانتنغتون- دراسة جيوبوليتيكية، مركز كردستان للدراسات الستراتيجية- السليمانية، ٢٠٠٧
٢. د. أحمد عزت راجح: اصول علم النفس، الطبعة السابعة، دار الكاتب العربي للطباعة والنشر- القاهرة، ١٩٦٨
٣. أرشاك سافراستيان: الكرد وكردستان، ت: د. أحمد محمود الخليل، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع- دمشق، ٢٠٠٨
٤. أسامة أمين الخولي: العرب و العولمة، الطبعة الثالثة، مركز دراسات الوحدة العربية- بيروت، لبنان، ابريل/ نيسان، ٢٠٠٠
٥. باسيلي نيكيتين: الكرد، ت: د. نوري طالباني، الطبعة الثالثة، من منشورات مكتب الفكر والتوعية في الاتحاد الوطني الكردستاني، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر- السليمانية، ٢٠٠٧
٦. ب. لرخ: دراسات حول الكرد الايرانيين واسلافهم الكلدانيين الشماليين، ت: د. عبدي حاجي، الطبعة الثالثة، من منشورات بنكەی ژين، مطبعة شظان- السليمانية، ٢٠٠٨
٧. بنجامين باربر: عالم ماك، ت: أحمد محمود، المجلس الاعلى للثقافة، المشروع القومي للترجمة- القاهرة، ١٩٩٨
٨. بول هيرست، جراهام تومبسون، ما العولمة، ت: د. فالح عبدالجبار، عالم المعرفة، مطابع السياسة- الكويت، سبتمبر ٢٠٠١
٩. بويد شيفر: القومية، ت: د. جعفر خصباك، عدنان الحميري، دار مكتبة الحياة- بيروت، مؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر- بغداد، نيويورك، ١٩٦٦

١٠. **ت. س. اليوت: ملاحظات نحو تعريف الثقافة، ت: شكري عياد، الطبعة الاولى، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، مطبعة دار التنوير– القاهرة، بيروت، تونس، ٢٠١٤**

١١. **توما بوا: الكرد، ت: صلاح عرفان، من منشورات مركز الدراسات الكوردية (كوردولوجي)– السليمانية، ٢٠١٠**

١٢. **جوردي غورغاس: الحركة الكردية التركية في المنفى، ت: جورج البطل، الطبعة الاولى، الناشران: دار الفارابي– بيروت، لبنان، دار اراس للطباعة والنشر– اربيل، ٢٠١٣**

١٣. **د. حبيب الشاروني: فلسفة جان بول سارتر، الناشر منشأة المعارف بالاسكندرية– الاسكندرية، ٢٠٠٣**

١٤. **حسين العودات: المثقف العربي والحاكم، الطبعة الاولى، دار الساقي– بيروت، لبنان، ٢٠١٢**

١٥. **دييتر سنغاس: الصدام داخل الحضارات، ت: شوقي جلال، الطبعة الاولى، دار العين للنشر– القاهرة، ٢٠٠٨**

١٦. **ديفيد انغلين، جون هيوسون: مدخل الى سوسيولوجيا الثقافة، ت: لما نصير، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث ودراسة السياسات– بيروت، آذار / مارس ٢٠١٣**

١٧. **دنيس كوش: مفهوم الثقافة في العلوم الاجتماعية، ت: د. منير السعيداني، الطبعة الاولى، المنظمة العربية للترجمة– بيروت، آذار ٢٠٠٧**

١٨. **ركس نايت، مرجريت نايت: المدخل الى علم النفس الحديث، ت: د. عبد علي الجسماني، الطبعة الثانية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر– بيروت، ١٩٩٣**

١٩. **روبرت أولسون: تأريخ الكفاح القومي الكردي ١٨٨٠– ١٩٢٥، ت: أحمد محمود الخليل، الطبعة الاولى، دار الفارابي– بيروت، لبنان، كانون الثاني ٢٠١٣**

٢٠. **صامويل هنتنجتون: صدام الحضارات.. اعادة صنع النظام العالمي، ت: طلعت الشايب، طبعة ثانية، مكتبة طريق العلم– القاهرة، ١٩٩٩**

٢١. **صمويل ب. هنتنجتون: من نحن؟، ت: أحمد مختار الجمال، الطبعة الاولى، المركز القومي للترجمة– القاهرة، ٢٠٠٩**

٢٢. **صلاح سعدالله: حول اللغة الكردية، مطبعة دار الجاحظ– بغداد، ١٩٨٥**

٢٣. **فرانز فانون: معذبو الارض، ت: د. سامي الدروبي، د. جمال اتاسي، الطبعة الثانية، مدارات للابحاث والنشر– القاهرة، ٢٠١٥**

٢٤. د. فرست مرعي: تأريخ التبشير المسيحي في كردستان، من منشورات اكاديمية التوعية وتأهيل الكوادر، مؤسسة حمدي للطباعة والنشر– السليمانية، ٢٠١١

٢٥. فوأد حمه خورشيد: اللغة الكردية، التوزيع الجغرافي للهجاتها، مطبعة الوسام– بغداد، ١٩٨٣

٢٦. د. فؤاد علي أحمد: وسائل الاعلام والمشاركة السياسية، الطبعة الاولى، دار أمجد للنشر والتوزيع– عمان، الاردن، ٢٠١٦

٢٧. كاترين كليمان: التحليل النفسي، ت: د. محمد سبيلا، حسن أحجيج، من منشورات الزمن، مطبعة النجاح الجديدة– دار البيضاء، ٢٠٠٤

٢٨. كلود كيتيل: تأريخ الجنون، ت: سارة رجائي يوسف، كريستينا سمير فكري، الطبعة الاولى، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة– القاهرة، ٢٠١٥

٢٩. مايلز كوبلاند: لعبة الامم، ت: مروان خير، الطبعة الاولى، انترناشنال سنتر– بيروت، مايو ١٩٧٠

٣٠. مارتن غريفيش، تيري أوكالاهان: المفاهيم الاساسية في العلاقات الدولية، الطبعة الاولى، مركز الخليج للابحاث– دبي، الامارات العربية المتحدة، ٢٠٠٨

٣١. د. محمد زكي أحمد البرواري: الكورد والدولة العثمانية، موقف علماء كوردستان من الخلافة العثمانية، الطبعة الاولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع– دمشق، سوريا، ٢٠٠٩

٣٢. د. موسى ابراهيم: معالم الفكر السياسي الحديث والمعاصر، مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر– بيروت، لبنان، ١٩٩٤

٣٣. ميشيل فوكو: تأريخ الجنون في العصر الكلاسيكي، ت: سعيد بنطراد، الطبعة الاولى، المركز الثقافي العربي– دار البيضاء، المغرب، ٢٠٠٦

٣٤. هاشم صالح: الانسداد التأريخي، الطبعة الاولى، دار الساقي– بيروت، لبنان، ٢٠٠٧

٣٥. يجنالد وايلد: علم النفس، ت: عبدالعزيز جادو، المكتبة الجامعية– الاسكندرية، ٢٠٠١

**فەرهەنگەکان:**

١. فەرهەنگی سیاسی ئارەش (نوێ)، ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە فارسییەوە: زاهیر محەممەدی، یاسین حاجی زادە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٦

٢. معجم علم النفس والتحليل النفسي: الطبعة الاولى، دار النهضة العربية للطباعة والنشر- بيروت، ١٩٨٩

**گۆڤارەکان:**

١. کەرکوك (٢٩): گۆڤارێکی ڕوناکبیری گشتی وەرزییە، ژمارە (١) ساڵی هەشتەم، کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوك دەریدەکات، هاوینی ٢٠٠٦

٢. کوردۆلۆجی، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی: ژمارە (١)، ٢٠٠٨

٣. نوێبوون: گۆڤارێکی سیاسی ڕوناکبیری وەرزییە، ژمارە (١٤)، مەڵبەندی (١)ی ڕێکخستنی سلێمانی (ی.ن.ك) دەریدەکات، چاپخانەی شڤان- سلێمانی، کانوونی دووەم/ ٢٠١٢

**ڕۆژنامەکان:**

١. کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، کاکێشان، ژمارە (٦٠٣٥)، چوارشەممە، ٢٧/ ٣/ ٢٠١٣

٢. کوردستانی نوێ: ساڵی بیست ودووەم، کتێب، ژمارە (٥٩٩٣)، یەکشەممە، ٣/ ٢/ ٢٠١٣

**ڕاپۆرت وتێز ولێکچەرە زانکۆییەکان:**

١- عبدالله بوقرن: الاخر في جدلية التاريخ عند هيجل، بحث جامعي لنيل شهادة دكتوراه العلوم في الفلسفة، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، قسم الفلسفة، جامعة منتوري قسنطينة- الجزائر، ٢٠٠٧

**ماڵپەڕەکان:**

٢- ئایین: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٩/ شوبات/ ٢٠١٧، *ckb.wikipedia.org*

٣- برزو محمد: الشعر الكردي في القرن التاسع عشر في كردستان الجنوبية (العراق)، اتحاد المثقفين الكورد- غرب كوردستان في الخارج، ١٥/ ٥/ ٢٠٠٧، *www.rojava.net*

٤- تعريف الثقافة لغة واصلاحا: رانيا سنجق، موقع موضوع كوم، ٥/ يناير/ ٢٠١٦، mawdoo3.com

٥- جان دۆست: منی کوردی سەرگەردان وخەونی یەکێتی، باسنیوز، ١٥/ کانونی یەکەم/ ٢٠١٨، www. Basnews.com

٦- جميل حمداوي: جدلية المثقف والسلطة، ديوان العرب، منبر حر للثقافة والفكر والادب، كانون الثاني ٢٠٠٧، www.diwanalarab.com

٧- جوردي تيجيل: كيف تبدّدت فرصة انشاء الدولة الكردية في ١٩٢٠؟ موقع الحياة، ٢٩/ نوفمبر/ ٢٠١٦، www.alhayat.com

٨- چاند: وتار، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە، ٩/ ئازار/ ٢٠١٨، ckb.wikipedia.org

٩- حزب العمال الكردستاني: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٥/ ديسمبر/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

١٠- حبيب سروري: الخيال اهم من المعرفة، العربي الجديد، ١٢/ مايو/ ٢٠١٦، www.alaraby.co.uk

١١- رزان صلاح: فرويد وعلم النفس، موضوع كوم، ١٤/ ديسمبر/ ٢٠١٦، mawdoo3.com

١٢- سمير بلكيف: مقال، ماذا يعني ان يكون الانسان مواطنا؟، موقع الحوار، ٢٠١٦، elhiwardz.com

١٣- سوور پێستەکان: وتار، ویکیپیدیا، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادەوە، ١٤/ ١٠/ ٢٠١٨، ckb.wikipedia.org

١٤- شهيرة دعدوع: مفهوم علم النفس، موضوع كوم، ١٧/ اغسطس/ ٢٠١٧، mawdoo3.com

١٥- صامويل هنتنجتون: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٧/ فبراير/ ٢٠١٩، ar.wikipedia.org

١٦- عولمة محلية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ١٤/ نوفمبر/ ٢٠١٨، ar.wikipedia.org

١٧- فرانسيس فوكوياما، نهاية التاريخ بداية الشهرة: الجزيرة، مواقع الكترونية، موسوعة الجزيرة، ٢٠١٩، www.aljazeera.net

١٨- فرانسيس فوكوياما: تراث هنتنجتون، المستقبل للابحاث والدراسات المتقدمة، الاثنين، ٥/ نوفمبر/ ٢٠١٨، *futureuae.com*

١٩- قومية: مقالة، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، ٣١/ مارس/ ٢٠١٩، *ar.wikipedia.org*

٢٠- کۆماری مەهاباد: وتار، ویکیپیدیا، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادەوە، ٢/ ٨/ ٢٠١٨، *ckb.wikipedia.org*

٢١- کوردستانی سوور: وتار، ویکیپیدیا، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادەوە، ١٠/ حوزەیران/ ٢٠١٨، *ckb.wikipedia.org*

٢٢- ماجد محمد مصطفى: حوار هادئ مع رئيس المؤتمر الوطني لجنوب كوردستان، مقابلات وحوارات، الحوار المتمدن، ٣١/ ٣/ ٢٠١٠، *www.m.ahewar.org*

٢٣- ماهو مشروع الشرق الاوسط الجديد؟: منتديات دريمز كريزي، ١/ ٨/ ٢٠٠٨، *www.dcrazy.com*

٢٤- مەکدۆناڵدز: وتار، ویکیپیدیا، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادەوە، ٢٣/ شوبات/ ٢٠١٨، *ckb.wikipedia.org*

٢٥- محمد فيضي: تعريف الثقافة، موضوع كوم، ١٣/ فبراير/ ٢٠١٨، *mawdoo3.com*

٢٦- د. مختار بلول: نهاية وبداية و ولادة وموت الحضارات في العالم، موقع مختار بلول، ٢٧/ اغسطس/ ٢٠١٨، *dr.mukhtarmballool.com*

٢٧- معتزبالله عبدالفتاح: حتى لا تاكل الثورة المصرية ابناءها، موقع الوطن، الثلاثاء، ٢/ ٤/ ٢٠١٣، *elwatannews.com www.*

٢٨- مفهوم المجتمع المدني: تغريد كشك، ١٠/ ٧/ ٢٠٠٦، *www.grenc.com/a/tkishek/show*

٢٩- ناسیۆنالیزم: وتار، ویکیپیدیا، لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادەوە، ٢/ تشرینی یەکەم/ ٢٠١٨، *ckb.wikipedia.org*

٣٠- نبيل عودة: فلسفة مبسطة، مفاهيم الجنون، الحوار المتمدن، ٢٢/ ٧/ ٢٠١٥، *www.m.ahewar.org*

# بڵاوکراوەکانی پڕۆژەی قەفتان

١. ڕۆشنبیر دەسەڵات ژینگە

نووسینی : ئازاد تۆفیق خەیات 2017

٢. وەهمی دونیایەکی تر

نووسینی : ئارام قەفتان ٢٠١٨

٣. لەناو موزیکی کوردیدا

نووسینی : د.بەرزان یاسین ٢٠١٨

٤. فریودان و ساختەکاریی تۆڕەکانی ئینتەرنێت

نووسینی : جەمال عومەر محەمەد ٢٠١٨

٥. ئەخۆل لە نێوان ئەدەب و هونەردا

ئامادەکردنی : مەریوان قەفتان ٢٠١٩

٦. پڕۆژەی بە کوردیکردنی زانست وخوێندنی باڵا

نووسینی : د. فازیل قەفتان ٢٠١٩

٧. خوێندنەوە لە زەمەنی شێوەکاریدا

نووسینی : وەهبی ڕەسووڵ ٢٠١٩

٨. مێژووی حوکمدارانی بابان

نووسینی : تۆفیق قەفتان ٢٠١٩

٩. ناوەندە سیستمی گازە پزیشکییەکان

نووسینی : مەریوان قەفتان ٢٠٢٠

١٠. لێرەولەوێ باران دووراودوور هەتاو

نووسینی : دلاوەر قەرەداغی ٢٠٢٠

# بڵاوکراوەکانی پڕۆژەی قەفتان

**١١. کوخەکەی مام تۆم**

**نووسینی : هارییت بیچەر ستۆ**

**وەرگێڕانی : د. فازیل قەفتان ٢٠٢٠**

**١٢. گرنگیی بۆچوون و کۆی بیرو ڕا ئابوورییە**

**یۆنانییەکانی سەدەکانی کۆیلایەتی**

**نووسینی : د. فازیل قەفتـان ٢٠٢٠**

**١٣. سلێمانی لە کۆتایی بابانەوە بۆ سەرەتای ڕاپەڕین/ ڕۆشنبیریی**

**نووسینی : شاهۆ عوسمان**

**١٤. کەلتوور پڕۆژەیەکی کوردی خەیاڵئامێز**

**نووسینی: ئازاد تۆفیق خەیات ٢٠٢٠**